# دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری

**کۆکردنەوەو ڕێکخستنی**

**بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا**





بابەت: شیعر
نووسەر: شەهید عوسمان عوزێری
کۆکردنـــەوەو ڕێکخـــستنی بـــەرزان حـــاجی ئیبراهیم چەرمەگا
تایپو هەڵەچن: سنەوبەر بەرزان
بەرگ: داود سەلمان
چاپخانە: چاپخانەی
تیراژ: (١٠٠٠)

پێـشکەشه بـه گیـانی تێکـڕای شـەهیدانو ئـەو قەڵەمــه بــه بڕشــتانەی کــه خزمــەتی میللــەتی کـورد ئەکـەن، بـه ڕاسـتگۆییەوە مێـژووی ئـەم وولاّتـــه ئەنووســـنەوە هـــەتا نـــەوەکانی دوای خۆمــان بــزانن کــه ئێمــه نەتەوەیــەکی غــەدر لێکــــراووین، ئــــەوان بتــــوانن ئــــەو کاروانــــه بگەیەننــه مەڵبەنـدی کۆتـاییو کوردســتانێکی سەربەخۆو ئازاد.





## عوسمان عوزێری

نوسینی : شێرکۆ بێکەس

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا؟!
شایەتی ئێمە بە تەنها :
کۆترە شینکەیەکی شاخ و
پەڵەهەورێکی کۆچەری و
گەڵای شیعری بوو (( با )) بردی !
کەس نەیبینی لەکوێش نێژرا؟!
ئەوچاوانەی لەو شەوەدا ،

لەگەڵ چاوی دوارِۆژدا بوون و
بینیان لەکوێ نێژرا :
چاوی درەختێکی تەنیاو
چاوی بەردێکی سەرەڕێ و
چاوی لێڵی کانییەك بوون.
لەو دۆڵەدا
ئیتر مێژوویان قفڵ داو...
لەو چاڵەشدا ئەویان تیا کوشت
هەر لەوێشدا پرسیار کوشت!
نهێنیشیان هەر بەجلی خۆیەوە ناشت.
بەلاّم ئێستا
یەك کۆترە شینكە... هەزارە
فرمێسكی یەك پەڵە هەور.. چەند ڕووبارە
گەلاّشیعری چەندین پەنجەرەی ناو شارە
مێژووش بوومە لەرزە لێی داو
قفڵ شکاو، نهێنی هەربەو جلانەوە





گەڕایەوەو، ئەوەتا وا
پرسیار زیندو ئەبێتەوەو
پرسیار زاوو زێ ئەکات و
هەمووسالێ، سەردانەوەی برینەکانی ( عوزێریش )
لەسەر ( هەڵگورد )
زەردەخەنەی دەم گوڵجارە

دەستپێك

بەرزانی حاجی ئیبراهیم چەرمەگا

خوێنەری ئازیز من دڵنیام ڕۆچونە نێو ژیانی کۆمەلاّیەتی وێژەیی و ڕامیاری نوسەرو شاعیرێك کە لە ژیاندا نەمابێت کارێکی وەها ئاسان نیە ئەگەر هاتوو بێجگە لەچامەو نوسینەکانی خۆی شتێکی ئەو تۆی لە بارەوە نەنوسرابێت بەڵکو ئەم کارە پێویستی بە پشوودرێژی و گەڕان و شارەزایی هەیە گەڕان بەدوای وشەی مرواری ئاسای شاعیرێکی شەهیدیش زیاتر ڕۆچونە نێو قولاّیی دەوێت، منیش وەك ئەرکێکی نیشتمانی و وێژەیی و برایی بەرامبەر

شاعیرو نوسەر دوور لەدو دڵی و بێ هیوایی دەستم دایە ئەو ئەرکە گرانەی کە بە بڕوای من دەبوایە ساڵانێك لەمەوبەر هاورێیانی و شارەزایانی تر بە ئەنجامیان بگەیاندایە، بەڵام پشکی ئەو شانازیو خزمەتکردنە بەر من کەوت. لە دوای ساڵی ( ١٩٩٢ ) بێ پسانەوە کەوتمە گەڕان و بە دوادا چوونی ژیانی وێژەیی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری شەهید، هەرچەندە بەهۆی خزمایەتیمەوە لەگەڵی دەمزانی چەند شعیری بڵاوکراوەو چاپ کراوی هەیە، بەڵام من زیاتر وێڵ بووم بەدوای ئەو بەرهەمانەی کە ڕووناکیان نە بینی بوو. لە دوای گەڕانێکی زۆر بۆم دەرکەوت زۆربەی نوسینەکانی سوتێنرابون، ئەوەی کە مابوو نوسینە چاپکراوەکانی چەند پارچە پەڕەیەکی زەردهەڵگەڕاوی چاپ نەکراوی بوو هەوڵم دا لە دووتوێی دیوانێکدا ڕێکیان بخەم و بە چاپی بگەیەنم لە دوای ئەوەی ڕەش نوسی شیعرە بڵاونەکراوەکانیم تۆمار کردەوەو پاشان پاکنوسم کردن هەوڵیشم ئەوە بوو بە ڕاستگۆییەوە ئەو کارە بگەیەنمە ئاکام.





من هەوڵم داوە سەرجەم شیعرەکانی ئەم شاعیرە شەهیدە لەدایوانێکدا پێکەوە کۆبکەمەوە. هیوادارم ئەم کارەم لەلای خوێنەری کورد پەسەند بکرێت، ئاواتەخوازیشمم جێگەی شیاوی خۆی بگرێت لەکتێبخانەی کوردیداو هەر باری سەرنجێکیش کە هەبێت بەدڵسۆزی و خەمخۆری پەسەندی دەکەمو خوازیارم هاوسەنگەرانی و هاورێیانی وێژەیی و ڕۆشنبیری ئەم شاعیرە شەهیدە تیشك بخەنە سەر ئەو لایەنانەی کە من نەم توانیوە زیاتر ڕووناکی پێ ببەخشم.

## کورتەیەك لە ژیاننامەی شەهید عوسمان عوزێری

عوسمان عوزێری ناوی تەواوی عوسمان احمەد ڕۆستەم چەرمەگا لە ساڵی ( ١٩٣٦ ) لەدایك بووە لە عەشیرەتی عوزێری یەو هەر ئەو نازناوەشی کردووە بە ناسنامەی خۆی .

لە (١٩٤٤) لە قوتابخانەی ئەیوبییە خوێندوویەتی ، هەر لە تەمەنی ١٧ساڵیدا بووەتە پەیامنێر لە ڕۆژنامەی ژین جێگەی متمانەی مامۆستای گەورە گۆران بووە هاوڕێکانی بە تێڕامانەوە سەیری بەهرەو توانای شەهیدیان کردووە.

پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە بەغداد هاوکات لە ئیزگەی بەغداد جێگەی دیاری هەبووە لە بەرنامە ڕامیاریەکاندا.

لە سەرەتای شۆڕش (١٩٦١) لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بریندار کراوەو گیراوە پاشان ڕەوانەی زیندانە تاریکەکانی دوژمن کراوە لە زیندان چەندین هۆنراوەی نووسیوە لە پاش ئازادبوونی (١٩٦٢-١٩٦٣) لە ئیزگەی شۆڕش کاری کردووە.

بەڵام بەداخەوە لە ساڵی (١٩٦٦) چرای هۆش و بیری خامۆش کراو شەهیدیان کرد لە ژیانیدا چەندین بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە:

١- گوڵزاری کوردستان
٢- کڵپەی دەروون
٣- شۆڕشی دیار بەکر





٤- جوڵانەوەی مامۆستایانی پۆڵەندا
٥- ماجدە لۆنین

بێجگە لەوەی لە هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە نووسینی بڵاو کردۆتەوە.

پێشەکی

نووسینی : محمد صالح دیلان ١٥-٩-١٩٥٨

ئەم پێشەکی یە بۆ کۆمەڵە شیعری گوڵزاری کوردستان نوسراوە بەچاکم زانی وەکو ئەمانەتێك داییبنێمەوە.
( بەرزان )

ئاشکرایە شیعر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە، ووتراوە مانای ئەوەیە لەخۆیەوە هەڵنەقوڵاوەو نەهاتۆتە دەرەوە وەلەخۆشیەوە بەبی هیچ بناغەیەك دروست نابی مەبەست لەوەیە کەوترا شیعر یەکێکە لەڕووە دیارکەوتووەکانی کۆمەڵایەتی ئەبێت ئەو کەسانەی نرخ بۆکۆڵەکەکانی ( کۆمەڵ ) دائەنێن هەربەوچاوە بڕواننە ( شیعر ) نابی لەڕووی شاعیرەکەوە بێت لە پێشدا ، بەڵکو ئەبی ئەم خەڵکە تەماشای شیعر بکەن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کەکۆمەڵ لەچونە پێشەوەوگۆڕینیا

بۆ قۆناغ گۆڕینەکانی دروستی کردووەیان بە ئاشکراتر پاش ئەم باس کردنە بۆمان دەردەکەوێت کەشیعر لەو لکانەی کەنوساوە بەکۆمەڵەوە ئەمە لەیەکەم پلەدا شیعر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو ئێمە مانان کەئەڕوانینە شیعر ئەبی وای تەماشابکەین لە پێش هەموو شتێکا کەلەزووەوە بەکۆمەڵەوە نووساوەو لە بناغەدا کۆمەڵ





درووستی کردووە. کەئەشلێین شاعیر ئەندازیاری گەلەو ڕەنگ بۆخانووی گەل ئەڕێژی و ڕێگا بۆ ئەم خەڵکە ڕووناك ئەکاتەوە ئەبی ئەوەش بزانین کەمەبەستمان لێرەدا لەوشاعیرانەیە

کەشیعرەکانیان تەرخانکردووە بۆ چارکردن و لێدوان و ساغ کردنەوەی دەردەکانی کۆمەڵایەتی ئەو شاعیرانەی لەگەڵ قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا ڕۆشتون ئەو شاعیرانەی کەویستویانە کۆمەڵ لە قۆناغێکەوە ببنە قۆناغەکانی تری پێشکەووتوتر لەو قۆناغانەی خۆی تێدایە. ئەو شاعیرانەی کەگیانی نەتەوایەتی و گیانی نیشتمان خۆشویستن و گیانی خۆشەویستی نیشتمان لەڕووی دەرخستنی جوانی ئەونیشتمانە وەسفی ووردو قوڵو پڕمانا.. ئەم جۆرە شاعیرانەش لەگەڵ ئەو تاقمەی سەرەوەدا کەباس کران لەئەندازیارەکانی گەل دەژمێردرێن. یەکەم ووتمان شیعر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دووەم شاعیر ئەندازیاری گەلەو دەرمان خست کام شیعرو شاعیریش وابی لەگەڵ و نەتەوەی و مەبەستی سەرخستنی و بەرزکردنەوەی ئەو گەلەبی کە شاعیرەکەی تێدایە لەهەموو ڕوویەکەوە ئەمە بەتەرازوی نیشتمانییەتی خۆ ئەگەر هاتو شاعیر ئەم سنوورەشی بڕی و فراوان تر ڕۆیشت و مەبەستی پێشخستنی مرۆڤایەتی بوو

ئەوەدەها چاکتر کەوابوو شاعیر پلەو جێگایەکی بەرزو بڵند داگیر دەکات لەکۆمەڵدا.

وە ئەو ڕێزەی یاسای کۆمەڵ دایئەنی بۆ شاعیر هەر ئەوڕیزەش وامان لێئەکات کەووردتر لە شیعر بکۆڵینەوەولەئنجامەکانی شاعیرەکە تێبگەین.

( گوڵزاری کوردستان ) کە چەند شیعرێکی کاك ( عوسمان عوزێرییە ) لە پێش دائەبی .

بەو چاوە تەماشای بکەین کەیەکەم بەرهەمی قەڵەمیەتی ، هەرچی چۆنی بێت لەرووی کەموو کوڕی کێش( وەزن )ەوە یان لەڕووی کەموکوڕی وێناکردن( تصویر )و شێواز ( اسلوب )دا بەڵام یەك شت سەرنج ڕائەکێشی کەئەم لاوە نیشتمان پەروەرە لەشیعرەکانیا گیانی نەتەوایەتی ، تەوژمی کورد خۆش ویستنٍ و دەرخستنی جوانی کوردستانی خۆشەویستی

کردووە بەڕاوێژی شیعرەکانی . کەئەم هەستە پاكو خاوێنەش ڕامان ئەکێشی بۆ ئەوەی زیاتر لەشیعرەکانی وورد ببینەوە بەجۆری وامان لێبکات لە پاش خوێندنەوەی ئەم سیپارەیەی بەتەمای زووزوو بەرهەمی قەڵەمی تری بینو بی بڕانەوە ئەم





شیرازەیەی کە گرتوویەتی لەبارەی شیعرا بۆ پێشەوە بڕوات.

لە پاشدا زۆر سوپاسی هەستی مامۆستا

( مستەفا صالح کەریم ) ئەکەم کەوا دیارە لەخۆم زیاتر نرخی بۆ داناوم بەوەی کە پێشەکیەکەی لەخۆیەوە دابەمن.

ئەمووتەیەش لەنوسینی ( شەهید عوسمان عوزێری ) خۆیەتی کەبۆ کۆمەڵە شیعری گوڵزاری کوردستانی نوسیوە.

خوشك و برا خۆشەویستەکانم :

ئەوەی کەلە بیرو باوەڕما بێ لەبارەی شیعرو نووسینی کوردیەوە وازم لێ هێنا بۆ مامۆستا صالح دیلان چونکە بەو پێیەی یەکەم هەنگاوم ئەنێم بەرەو رووی خوێندەوارانی کوردی خۆشەویست وەمامۆستا دیلانیش پێشکەشم ئەکات بۆ ناسینی هاوبیری و یەك گرتن و یەك هەستی بەتین لەگەڵ ئێوەی بەنرخدا کەواتە مافی خۆیەتی هەرچیەکتان لەوبارەیەوە بۆبنووسی . لەساڵی ( ١٩٥٦ )ی زاینی دەستم دایە نووسینی هەڵبەست، ئەوەشم لەیادنەچی کەلەمناڵیمەوەزۆر ئارەزوم لەشیعرو نووسین و خوێندنەوە بوو، بەتایبەتی یەکجار هۆگری هونەری ( رەسامی ) وێنەکێشان بووبووم تاکو ساڵی ناوبراو هەربەوێنەو خەتکێشانەوە خۆم خەریك کردبوو، بەڵام کەچاووڕوی کۆمەڵم کرایەوە هەستم بەو پێویستی

یانە کرد کەلەسەر شانی هەموویەکێکە لەئێمە دەرونم بەوێنەو خەتکێشان سوکنایی نەهات وەهەروەها کەلەساڵی ناوبراو دەستم





دایە پێنووس لەشیعر بەولاوە وازم لەهەموو شتێك هێنا چونکە شیعر بلێسەی خەبات و ئامرازی

کۆششە. هەتا ئێستا توانیم کۆمەڵێك هەڵبەست کۆبکەمەوە، وەئێستا بەهۆی جەژنی شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆزەوە کەهەموو ئازادین و ئەو بیرو باوەڕەی لەدەرو نمانابوو رێگای دەربڕینی لێگیرابوو ئەتوانین بەبی ترس دەری بڕین بەوبۆنەیەوەوە ئەم چەند پارچەم لەشیعرەکانم هەڵبژارد تابەو بۆنەیەوەوە بیخەمە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست. وەئەم هەڵبەستانەش یادێکە یادی دیلی و ئازادی خواهانە، کەهەمووی لەدەرونێکی پڕ سۆزەوە هەڵقوڵاوە وەبەو گوێرەیەی ئەمە یەکەم بەرهەمی پێنوسەکەمە پێشکەشتانی ئەکەم ئەبی ئەوەش بزانن کە پترترینی یان هەموی لەوهەڵبەستانە پێکهاتووە کەلەدەوری پێشودا هاتۆتە بەرهەم وەئەو جۆرە هەڵبەستانەش ئەتوانین بیان کەین بەیادگارێکی واکەئەوکاتە شوومەمان بیرئەخاتەوە وەهەر لەوهەڵوێستە-

شا کەیادی ئەوکاتە دیلی یە ئەکەینەوە ئێستا بەئازادی خۆمان ئەبینین ئەبێتە هۆی هەناسەیەکی حەوانەوە کەبەدەم هەناسەکەوە ئۆخەیەکی ئازادی بیرو باوەڕمان لەدەم..

دەرئەچێت و ها نمان ئەدات بۆ پاراستنی ئازادیەکانمان تاوەکو جارێکی تر نەکەوینەوە ئەو دەورە پیسەی کە دیمان. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو شتانەی لەو دەورەدا هاتوەتە بەرهەم ئەمڕۆ بخرێتە پێش چاو ئەو کاتە تکا لە خوێندەوارە خۆشەویستەکان ئەکەم بەهیچ جۆرێکی تر بەراوردی هەڵبەستە کانم نەکەن. وەمەبەستم لەو بەراوردەش ئەوەیە کەلەدەوری پێشووی بۆگەندا هەمو کوردێک کەهەستی بەخۆی کردبێت مرۆیەو خەبات کردنی کردبی بە پێویستیەکی پیرۆز لەسەرشانی لەبەربەرەکانێی ئیمپریالیزم و بەکری گیراوەکانیا. وە بەهەمووتینێکی یەوەتێکۆشاوە بۆلەناو بردنی رژێمی پاشا یەتی بۆگەن وەئەگەر لەدەورە ما ف خوراوییەدا هەرکەسی لەشا عیرو نوو سەرە کانی کورد تەنیا لەبارەی کوردو کوردستانەوە نووسیبێتیان مافی وایەخویندەوارانی هەستبەرز لێیاننەگرن چونکەئەگەربەراوردێکی دانانی حیلفی بەغداوهە لۆێستی کورد مان بکردایەزۆرجوان بۆمان ئەبوەوەو بۆتەوە کەزۆرترینی لەبەر لەناو بردنی نەتەوەو ناوی کورد پێک هاتبووجگە لەهێلا نەکەی شەڕو ئاژاوە نانەوە لەجیهندا وەشیەتی ئەو وتەیەشم ووتارە دوورودرێژەکەی لەساڵی ( ١٩٥٦ )ی نوری سەعیدی گوربەگۆرە هەروەها ئەگەر لە پێکهێنانی ( یەکگرتنی





هاشمی ) بێفەر بیرمان بکردایەتەوەو سەیرمان بکردایەو یاساکەیا نمان ئەمدیواو دیو بکردایە لەکولەکەی تەڕیشا باسی کوردیان نەدەکردەوە.

ئینجا لەبەرئەوە کەمافو ناوی کورد کەس دانی پیا نەئەناو بۆ لەناوبردنی هەوڵیان ئەدا هەموو یەکێکیش لە کوردەواری کەهەستی بەوە کرد بەهەموو تینێکییەوە هەوڵی ئەدا کەنەتەوەی کورد لەو پێنج کوچکەی شەڕو زۆرداری ( حلفی بەغدا )

و یەکگرتنی هاشمی ( اتحادی عەرەبی )و ژێردەستەی ئیمپریالیزمی جیاکاتەوە. ئینجا ئەو هەڵوێستانە جگە لە پترزۆرداری و پیلانی زوڵم گیرانی ناو خۆی عیراق لەدەوری پێشودا.. بۆهەموو لایەکی دەرئەخات کەهەرچی ووترابێت و نووسرابێت بەهەموو جۆرێک لەسەر کوردو کوردستان هێشتا هەر کەم بووەو کەمیشە. بەڵام ئەمڕۆ هەموو کوردێک بەهەموو دەرونییەوە بەختیارە بە جمهوریەتە خۆشەویستەکەی خۆی بە پێشمەرگەی ئەزانێت وە بەختیارە کە دەستی برا عەرەبەکانی گرتووەو لەژێر سایەی ئاڵاو یاسا پیرۆزەکەیا ئەژی بۆ پاراستنی جمهوریەتەکەیان کە جمهوریەتی ( کوردوعەرەب )ە کەواتە ئەمڕۆ کوردو عەرەب یەک شەرەیانن لەلەشی جمهوریەتی عێراقی

خۆشەویستا وەیەك جۆر خوێنیان پیا رائەبووری بۆ بوژاندنەوەی ئەو لەشە. هەر بەهۆی ئەم ئازادی یەی ئەمرۆمانەوە ئەم نامیلکەی شیعری (گوڵزاری کوردستان) تان پێشکەش ئەکەم. وەهیوام وایە پەسەندی بکەن.. هەربژین.

١٦-٩-١٩٥٨

عوسمان عوزێری لە ڕوانگەیەکی نوێوە

نووسینی : لەتیف هەڵمەت

بمانەوێو نەمانەوێ عوزێری ئەوە دەسەلمێنی کە شاعیرێکی سەرکەوتووی ئەو قوتا بخانەی شیعری گۆران و بارودۆخی گەلی لە هۆنراوەکانیشی شایەتی ئەوە دەدەن ئەگەر بە جوانی شەهید نەکرایە.... تەکانێکی دیاری بە شیعری کوردی دەدا لەو سەردەمەدا چونکە دەنگی تایبەتی خۆی هەیەو لە هەندی هۆنراوەدا هەوڵی دیاری داوە بۆ مامەڵە کردنی شیعریی لەگەڵ ئەفسانەدا... بۆ نموونە :

(کوپیدی کوێر) چەند ساڵ لەمەوبەر وەك و نەریتیە کە تیری هاویشت هەرچەند خۆم لاداو... خۆم لاداو خۆمدا پەناوپەڕ چەند





پاڕامەوە هیچی لێم نەبیست دەتوانم بڵێم (بەڵام ئەم قسەیەم مشتومڕی دەوێ) عوسمان عوزێری یەکەم شاعیری کوردە کە هەوڵی داوە لەشێوەی بەزم و ڕەزمی لاوکو حەیران شیعر بنوسی و لەو بوارەدا هۆنراوەی "سۆزی کوردستان" بەرهەمێکی دیارو سەرکەوتویەتی و لەبەرئەوەی بواری ئەوە نیە هۆنراوەکە لێرەدا بخەمە ڕوو بۆ ئەو مەبەستە باشتر وایە هەرکەسێك بیەوێ ئەو ڕاستیە بسەلمێنی یا ڕەتی بکاتەوە بچێتەوە سەر دیوانەکەو شیعری ـ سۆزی کوردستانـ بخوێنێتەوە. شایانی لە بیر نەکردنە کە شاعیری شەهید عوزێری وەکو لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە... ئەم شیعرەی لە ڕۆژی (١٩٥٩/٤/٢)دا نووسیوە عوسمان عوزێری شاعیرو هونەرمەندو ڕۆژنامە نووس لەتەمەنی کورتی خۆیدا گەلی کتێبی هەمە چەشنی لەچاپ داوە... لەوانە : کۆمەڵە شیعرێك بەناوی گوڵزاری کوردستان (١٩٥٨) چیرۆکێکی وەرگێڕ دراو بەناوی (لە پێناو داد پەروەری دا) (١٩٥٩) لێکۆڵینەوەیەك بەناونیشانی (مێژوی جولانەوەی مامۆستایانی پۆڵەندا) (١٩٥٩)و (کۆمەڵە شیعرێکی کلپەی دەروون) (١٩٦٠) لێکۆڵینەوەیەکی دی بەناوی (شۆڕشی دیار بەکر) (١٩٦١)... بێگومان ئەم بەرهەمانە بۆ

تەمەنێکی کورتی وەك عوسمان عوزێری شاعیر خەرمانێکی پڕ لە گوڵە گەنمی قەڵەوو باخێکی پڕ لە میوەی گەیوە.

جێ ی داخ و مەخابنە ئەم شاعیرە لێهاتووە لەسالانی شەستەکاندا بووە قوربانی ناکۆکی شەڕی برا کوژیو جێی داخیشە ئەم شەڕە ناوبەناو بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر بەردەوامەو ئیتر وابزانم کاتی ئەوە هاتوە نوسەران و شاعیران لە بری ئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاگری ئەم شەڕە خۆش بکەن هەموو بەیەك دەنگ داوای کۆتای هاتنی ئەم جۆرە شەرە بکەن و بڵێن نامانەوی چیتر شاعیرانی لێهاتوی وەك عوزێری ببن بەقوربانیو سووتەمەنی شەڕی نارەواو نادرووستو نێوان هاوولاتیانی یەك نەتەوەو یەك نیشتیمان کە تێکرا چەندین ساڵە لە ژێر دەستی دوژمنەکانیاندا بەندەن و دەناڵێنن.

شەهید عوسمان عوزێری دەنگێکی زولاڵو دیارە لە دەنگە شیعریەکانی سالانی پەنجاو شەستەکان و یەکێکە لەو شاعیرە نیشتمانپەروەرانەی کە بەو شەو کردار دژی داگیرکەران ڕاوەستاو سروودی ئاگرینی بۆ کوردایەتیو ئازادی گوت:

دەنگی کە بۆکورد بانکەوازنەکا
داوای ئازادیو سەرفراز نەکا





هاواری دەردی هەموو ڕاز نەکا
دەك خوا بیبڕی
هیچ کات نەچڕی

کوردایەتی هەمووگیانی شەهید عوسمانی تەنی بوو لەخوێنیدا ڕەگی داکوتابوو... بۆیە هاواری دەکرد:

هەتا ئەڵێم ئەوا مردم
بەرەو دووا یانەیان بردم
گشت ئەندامم هاوار ئەکا
لەناو گۆڕیشدا هەر کوردم

عوزێری شاعیر یەکێ بوو لەو شاعیرانەی کە لە نووسینی سروودی نیشتمانی سەرکەوتنی بالای تۆمار کردوە بۆخۆی .. لەوانە سروودی ( ئەی کوردینە، بەستەی هەمیشەم، هێزی جوتیار، نەورۆز بلێسەو مەشخەڵ
وهەستە، بەرەوسەربەستی ، من فیدام، چواردەی تەمووز،
ئەم کۆمارە، ڕووبەڕووی دوژمن ).

هەروەها شەهید عوسمان لەبواری شیعری سەرکەو توی گۆرانیو بەستەشدا دەسپێشخەری هەیە چەندین شیعری سەرکەوتووو

ناسکی بۆ گۆرانی نوسیوەو ئێستاش تەڕو پاراون شایستەی ئەوەن لەم دەمەشدا بکرێنەوە بە گۆرانی .. لەوانە :

(بەهارو گوڵزار، دڵپەرێشانە، پەیمانی درۆ، بەستەی هەمیشەم، تادوا هەناسەم، زۆرت بیرئەکەم، ڕووناك، گرفتارم، من وتۆ).

بەڕاستی ئەتوانین ئەم شیعرانەی عوسمان عوزێری بە پێشەنگی شیعری گۆرانی کوردی لەقەڵەم بدەین و شیعر گەلێکن سەرجەمی هەل و مەرجی شیعری گۆرانی سەرکەوتویان گرتۆتە خۆیان بە دڵنیاییەوە

دەیڵێم شیعرەکانی عوسمان عوزێری لەکاتو دەمی خۆیدا هەنگاوێکی نوی بووە لە جوگرافیای شیعری کوردیدا.





## بەهارو گوڵزار

ئەمڕۆ بەهارە بولبول ئەخوێنێ   جیهان چەند خۆشە
بۆنی گوڵاڵە شادی ئەهێنێ   دڵ بە پەرۆشە
جیهان بەیەك جار بووە سەوزو سوور   بەگوڵ ڕازاوە
سەرسامم ئەکەن کەنێرەو چنوور   بەشنەی باوە
لەگەڵ ئەو هەموو شادی وخۆشییە   جەژنی نەورۆزە
لەناو کوردانا هەر ڕووخۆشییە   جەژنە پیرۆزە
چونکە خۆشترین ڕۆژی ساڵە   بۆیە ڕووخۆشن
گشت شوێنێ گوڵەو پرچی هەڵاڵە   سەوزی ئەپۆشن
هەموو کچو کوڕ دڵ پڕئاوازەن   بۆ ڕۆژی بەهار
لەیەکەم ڕۆژا گشت پەردەوازەن   بۆگوڵو گوڵزار

## نیشتیمان

نیشتیمان هەرتۆی ئاواتی ژینم
تۆی هێزی ئەژنۆو دڵەی بێ تینم
بەڵام داخەکەم من لەتۆ دوورم
وابۆت کوێر ئەبێ چاوی پڕ نوورم
ئاخ خۆزگە ئێستا بەچەپڵە ڕێزان
لەسەرگیای سەوزت تێر خۆم ئەگەوزان
ئەمڕوانی بەسەر چیاو دۆڵو دەشت
تێر لە گوڵانتا بە سەیرانو گەشت
ئەمنۆشی هەوای بۆن خۆشی پاکت
بۆنمەکرد تاقە گوڵەی تاك تاکت
ئیتر ئەوکاتە ڕۆحم دەرچوایە
چەند خۆش بوو لە سەر ئەو سەوزە گیایە
پیشۆکی تۆ بوو لەگەڵ گوڵاڵەت





وەنەوشەو چیمەن پڕچی هەڵاڵەت
لە سەر تەرمەکەم پەلکیان ئەپەخشان
گۆڕم لەسەر تۆ سەوزی ئەنەخشان
مردنی واخۆش بەختی کەس نابێت
لەناو نیشتیمان گیان بەڕەڵابێت

## بۆ کورد

گوێیەك کە بانگی کوردی پیا نەدرێ
تەنیا ئەوەبێت خۆی قوت ڕاگرێ
دەك یاخوا کەڕبێ‌و لەبنا بڕبێ
ئەو تاکە کڵاشەبۆ بڕین باشە
بەڵام گە رگوێ یەك بەخۆشی وشادی
وەرگرێ دەنگی بەرزی ئازادی
خۆی شلکا ببیە نەعرەتەی مادی
ئەو گوێ یە خۆش بێ
ژیانی نۆش بێ
دەنگێ کە بۆ کورد بانگەواز نەکا
داوای ئازادی‌و سەرفراز نەکا
هاواری دەردی هەموو ڕاز نەکا
دەك خوا بی بڕێ هیچ کات نەچڕێ





بەڵام گەر دەنگێ بەبێ ترس‌و لەرز
خۆی لێ هەڵبڕێ بێ کۆڵدان نەبەز
ڕا بفرێنێ دوژمن هەروەکو مەگەز
بژی ئەودەنگە
کە ئەڵێی زەنگە
سەرێك بە بەرزی قنج ڕانەوەستێ
بەهەموو مێشکی کورد نەپەرستێ
هەمیشە کەچ بێو نەتوانێ هەستێ
بشکێ، بپژێ
خوێنی بڕێژێ
بەڵام گەرسەرێ بەبێ بەراورد
چەڵەمەی هۆزی لێك باتەوە وورد
بۆ کەس نەنەوێ وەکو سەری گورد
بژی ئەو سەرە
بۆ لەش ڕابەرە
لەشێ بۆ کورد نەژێ‌و نەمرێ

وەك لاكی تۆپیو بۆ گووفەك برێ
ئەوەش نەهێنی سەگ وەری گرێ
بمرێ ئەو لەشە
نەمانی باشە
بەڵام گەر لەشێ بەرِۆژو بەشەو
هەوڵی گەل بێ، بێ وچانو خەو
ناوی خۆی بنێ لەشێكی نەسرەو
ئەو لەشە شادبێ
وەك مەل ئازاد بێ
دەستێ كەداری ئاوات نەچێنێ
ئێخەی زۆرداران ڕانەوەشێنێ
بە بازووی مافی گەلێ نەسێنێ
برِزێ، ببرِێ
وردوو خاش بكرێ
بەڵام گەردەستی وەك دەستی پڵنگ
دەربێنێ جەرگی زۆرداران بەچنگ





لە خوێنی دڵا سوربدا پرِشنگ
بژی ئەودەستە
مایەی سەربەستە
سنگێ پێشمەرگەی كوردەوار نەبێ
قەڵغانی بۆمبای گۆپكەدار نەبێ
هەڵمەتی بەرەو لای زۆردار نەبێ
دەباتێك شكێ
پەراسووی بشكێ
بەڵام گەر سنگێ لە خۆی نەترسێ
لەگولەو تۆپو ڕەشاش نەترسێ
هەولی بێ مافی گەلی برِەخسێ
ئەو سنگەم ئەوێ
بەڵای لێم كەوێ

## بۆ وەتەن

وەتەن تەواوی بووم دەردەدار
بۆ بەختی ڕەشت پیشەم بووە بەزار
چونکە لەوساوەی هاتویتە دیار
هەر ژێر چەپۆکەی دەستی بێگانەی
بەستراوی داوی فێڵو جانانەی
گیرۆدەی بەندی مەکرو بەهانەی
بەلاّم هیچ کاتێك خەتات ناگرین
ئێمەی بێ دەروون هەست وەرناگرین
بزانین لەشمان ساغە یان برین
چونکە لە سەدا نیوەی خەوالّووین
هەربۆ پارەو مالّ چاو ئالّوو بالّوین
نازانین سواری کەری بێ پالّووین
هەرکاتێ کەوا هەلّبتیزێنێ





سەرەو خوار قەلّەم بازمان پێ دێنێ
لە سەر تەوقی سەر ئەمان ڕمێنێ
پێوستە کە تۆ دایکی هەمووانی
بگریتە باوەش ڕۆلّەی جانانی
دەرکەی ئەوانەی نانی بە نانی
لەئێمە ئەخۆن بۆ پیاوی نامەرد
حەز ئەکەن بەشمان بێ بەئاهی سەرد
خۆشیان گیرفانیان پڕبکەن لە زەرد
ئەوانە هیچ کات ڕۆلّەی تۆ نابن
دەلاّلی خەلّکن بەهیچ تێر نابن
دەك خوای گەورە ڕوو لە فەنابن
بەلاّم خوا بیکا خۆمان هەلّئەکەین
کالاّ ئەپێچین کوتەك دەست ئەدەین
هەتاكو زۆردار لە تۆ دەرئەکەین
بەلّێن بێ هەتا لە ژیانا ماوم
بەدوای دوژمنتا تەواو کەم ڕاوم

تا خوێنی خۆیان لەدەم ئەساوم
هەتاکو مردن هەرتۆی ئامانجم
تۆی بنچینەو جەرگ پادشاو تانجم
لەجێی(عوزێری)و هەموو کرمانجم





## کــوردم

پێستو گۆشتو ئێسقانەکەم
خوێنو دەماری گیانەکەم
هۆشو بیرو گشت ئامانجم
لەگەڵ ماوەی ژیانەکەم
ناویان بەکوردی نراوە
یەك ئاواتیان تیا نێژراوە
ئەویش پەرستنی کوردە
بەبنچینەم سپێراوە
هەتا ئەڵێم ئەوا مردم
بەرەو دووا یانەیان بردم
گشت ئەندامم هاوار ئەکات
لەناو گۆڕیشا هەر کوردم

## چاوەڕوانم

چەندە چاوەڕوانی لەیلم
کەڕوخساری ببینمەوە
تا سوك نا بێ دڵەی کەیلم
پەیمانی کۆن بژێنمەوە
تائەوچاوەی چاوەڕوان بوو
ببینێ چارەی شیرینی
یا ئەو ڕۆحەی کە ڕەوان بوو
بژێتەوە بە بینینی
یائەو گڕەی ناو دەروونم
ببێتە شەماڵی بەیان
تا فێنك بێ سی ی مەفتوونم
ئاهێکی بێگیان بۆ ژیان
بەڵام زۆر واخەیاڵم کرد
هیچیانی بۆ نەهاتە دی





ئەهاتە ڕێم چەڵەمەو گرد
ئەکەوتمە ناو تەیمانی زیی
هەروەهاش ئاواتم هەرما
چاوەڕوانی یەك بینینم
بۆ فەلەك کەوتومە سەما
تاماوەم باتێ بت بینم
ئەگەر هەزار کۆسپ لە ڕێ بێ
من هەر بەتەمای ئاواتم
هەزار زۆرداریش بێتە ڕێ
ئنجا باشتر بە تەماتم
چونکە من لە نەوە ی کوردم
وەك کورد کۆڵدانم بۆ نی یە
گەر بێتە ڕێم هەزار مردن
ئنجا ئەڵێم ئەوە چی یە؟

## کاروانی کورد

کاروان ئەروا بەرە بەیان
مانگە شەو بێ لەرووی جیهان
خرمەی زیخو چەوی کویستان
لەژێر پێدا ناگرێ ووچان
پێت خۆشترە لەسەد کەمان
وولاخ هەموو ئەکەن جۆلان
خاڵەی ڕێبوار بەوێنەی شوان
ووردە ووردە لەدوای کاروان
بە گالۆکێ داربەڕووی جوان
ماوە ئەبڕێ بە لەنگەی شان
بەخێرایی ئەدا تەکان
تا ئەگاتە ئامانج ئاسان





ئێستاش کورد وەکو کاروانە
لەگشت لایەك بێ ووچانە
بەدەستی زووڵمی بێگانە
لێی تێك چووە گەلو لانە

## ئەی کورد

ئەی کوردستانی پیرۆزی ڕەنگین
پڕ لە گوڵزاری ئازادی نەخشین
پەیمان بێ گیانو لەشو هەناوم
بەختە لەڕێتا هەتاکو ماوم
ئەگەر مردیشم هەر لەشم ئەڕوا
ڕۆحم هەمیشە یادی تۆ ئەکا





## پیشەی هەمیشەم

شەوگار گیف ئەخۆم وەك ماری زامدار
دەردە وگێژمەدا تل ئەخۆم جارجار
سەر لەسەر سەرین ناگریت قەرار
هەربۆ سەرزەوی بەرئەبێتە خوار
ناڵینو دەردو فرمێسكو هاوار
ئاخو ئۆفو ڕۆبەزۆری تەغار
ئەمخەنە پێستی مردووی دەرلەشار
زووخاو بەلێوما تك تك دێتە خوار
بۆسەر جێی نوستن ڕەش وەك قیری تار
كۆمەڵە ئەبێت، بەدڵۆپ هەزار
منیش بەبێ هۆش بێ هێز دەردەدار
لەسەر زوخاو خۆڵو بەردو دار
تل ئەدەم ڕۆحم ناوێ بەیەك جار

هەرخواخوامە زوو بڕوات شەوگار
ڕۆژ زوو دەركەوێت بەتیشكی نازدار
بەڵام كە كاتێ ڕۆژ هاتە دیدار
هەمدیسان ئۆقرەم نی یە وەكو مار
هەردەم بۆجێیەك ئەڕۆم بێ هۆشیار
خۆیشم نازانم ئەچم بۆكام دیار
یان چ جیگایەك ئەكەم بەهەوار
هەمدیس خواخوامە ڕوژبكا فیرار
تاریكی شەو بێ تا بگرم كەنار
بحەوێنمەوە لەشی بێ تیمار
تل ئەدەم بۆ گشت لایەك چەوتوو لار
هەتا بەیانی دڵ تەنگ‌و غەمبار
هەرهاوار ئەكەم ئەڵێم كردگار
ئیتر بەس نەبێ ئەشكەنجەو جەغار؟
هەتاكەی دووربم لە وولاتو یار؟
بۆ ئەوان وەختە ببم بەباڵدار





شێواو ڕەنگ زەرد بێ هێزو بیمار
خۆشی نابینم دوورم لە بەختیار
دڵ تەنگ‌و زویر مات‌و بێ كردار
یان نزیكم كە یان مردن سەد جار
یاخود بمكوژە بەبێ قین‌و قار
وەیان ببیسە نزوولەی دڵدار
سكاڵای غەریب دەربەدەر هەژار
چونكە وا شێت بووم بۆ ناو كوردەوار
بۆ دیداری لەیل براو كەسوكار
ئیتر بەسێتی فەلەكی خەدار
لەوە زیاتر مەم دەرێ ئازار

## گفتوگۆی کوردو کوردستان

**کورد:**

هۆدایکی بەرزوو ئاواتی گیانم
دایکی شێرانی ئێستاو جارانم
دایکی دڵسۆزی باوكو باپیرم
هێزی سەپانو ڕەنجبەرومیرم
نوری بیناییو هێزی ئەژنۆمان
کزەی جگەرو دڵەی پڕ سۆزمان
توخوا بۆ وەها ڕەشو شین پۆشی
بۆوا خەفەتو گریان ئەنۆشی
ئایا چی بووە چیت لێ قوماوە
بۆ وا یەکجاری ڕەنگت گۆڕاوە
ئێمە هەتاکو دواتۆزی لەشمان
ئێسكو پروسكو چاوو کەلەشمان





خوێنی ناو لەشو شیرینی گیانمان
لەزەتی دنیاو ماڵو منالمان
لە پێناوتا بەختە تا ماوین
بۆسەربەستی تۆ وەها داماوین
جاتۆو فرمێسکی وەکو بارانت
تۆو مەرگی کۆرپە کۆچ کردوەکانت
بۆ وا هەمیشە مەلولو پەستی
چی وا دڵی تۆی خستە شکستی

**کوردوستان:**

ڕۆڵە مەپرسە بۆچی شین پۆشم
یان بۆ هەمیشە ئازار ئەنۆشم
هەمووی بۆ تۆیە ڕۆڵەی شیرینم
وەها بەجارێ نەماوە تینم
لەکاتی گەنجیم ڕۆڵەی شێرم بوو
دوژمن ترسێنو دەنگ دلێرم بوو

ترسو لەرزینیان لەڕەشاش نەبوو
چاویان لە پارەو لە شاباش نەبوو
لە هەرکەس تۆزێ بومایە دلگیر
لەت لەتیان ئەکرد بە وێنەی هەنجیر
لەپێناوما تا دووا جوڵەیان
بۆ خۆو ئافرەتو کۆرپەو ڕۆڵەیان
خۆیان بەخت کرد بێ درۆو پەستی
بۆیان ئەخواستم ڕۆژی سەربەستی
منیش تامردن هەروان لەیادم
مێژوی ئەوانە کەپێی دڵشادم
بەڵام ئەی ڕۆڵە بێینە سەر ئێستا
پیرو لێکەوتەو هیچ هێزم نەما
چونکە سەیر ئەکەم وا ڕۆڵەی خۆمە
من بۆ بەرزی ئەو ناڵینو ڕۆما
کەچی بەدزی لەچکێ لە دەسماڵ
یاچی دەستکەوێ لەشتێ ناوماڵ





ئەچێ ئەیفرۆشێ بەبێگانەکان
بۆ گلاندنی پارووی چەورو نان
بەڵام ئەوانە دوژمن پەرستن
بەچڵکاو خۆری دەرماڵان مەستن
منیش نەفرەتم گشت لێ کردون
وە های دائەنێم کەوا مردون
بەکلکە لەقێ هەموو سەرخۆشن
جگە لە دزیش زمان ئەفرۆشن
ئەڵێن کەی ئێمە کوردمان ناسیوە؟
مێزەرو کڵاش؟! قەت نەمان دیوە
ئێستاکەش کەوا هەر ئەناڵێنم
جێ پێ لەقەکەی ئەوان ئەبینم
بەڵام ئەی ڕۆڵە ئێوەش وەکو من
ئەوانە بخەنە ڕیزەکەی دوژمن
ئاواتی گیانم ئێوەن کەماون
ئێوەن کە بۆ من گلێنەی چاون

هەوڵ بەن کەوا سەربەستو شادبن
وەك شێری بێشە ئازاو ئازاد بن
خۆڵە مێشی ناو ئاگردانەتان
مەگۆڕنەوە بەبا سترمەی ڕان

**کورد**

دایە گیان وەتەت وەك نەخشی بەردە
بەڵام بۆ وەها ئاخت پڕ دەردە...؟
ئەوەی کە ئەیڵێیت، هیچ خەمت نەبێ
یەکەم نێچیری شۆڕشما ن ئەبێ
چونکە هەروەکو سوێندمان بۆخواردی
هەتانەگەینەڕۆژی ئازادی
چاومان وە نەوزی ناکەوێتە سەر
هەرئەبێ دوژمن دەرپەڕێتە دەر





**کوردستان**

تەمەن درێژبن بۆ دایك هۆزتان
ببوژیننەوە یانەی پیرۆزتان
هەرچاوەڕوانم چاوم هەڵهێنم
ئێوەلەدەورم ئازاد ببینم
منیش سەرلەنوێ ئەبمەوە بەجوان
ئەچمەوە دۆخی جارەکەی جاران
کەبینیم ئێوە خەندەی بەختیاری
بۆمن ئەهێنن بەیادگاری
لەگەڵ گۆزەڵەخوێنی ئازادی
کەیادگارە بۆمێژووی مادی

## ئەرێ هۆ چەقەڵ

ئەرێ هۆ چەقەڵ بۆ وەها کزی؟
بەسەری حیزتا هاتوی بۆ دزی؟
بەڵام هەی بێ فەر ئەو دەورە ڕۆیی
مافی کورد بخۆی بەسەر بەخۆیی
چونکە کورد هەستی تەواو بەخۆی کرد
دوژمنو مافی ناسی دەستو برد
هیچ کەس ناتوانێ ئیتر لەمەولا
مافو بافتانی کوردستان بخوا
هەتاکو زووە لاچۆ لەبەر چاو
تانەمانکردووی بەقۆچی گلاو





## وەسیەت

کاتی کۆچمە وەرە سەرینم
چونکە تۆی تاقە گوڵ نازەنینم
پێش ئەوەی بمرم بەنامرادی
تووخوا گیانەکەم تەواو کە شینم
بملاوێنەوە بەئاوازەی دڵ
هەڵ ڕ ێژە گریەو دەردی پێشینم
بەپرچی جوانت باوەشینم کە
پێش ئەوەی دەرچێ رۆحی شیرینم
وەسیەت بێ گیانە کەڕۆحم دەرچوو
بردمیانە یانەی چۆڵی دێرینم
وەرە سەر گۆڕم هەر ڕۆژی جار ێ
دانیشە لەلای کێلی ژوورینم
هەر کەسێ ڕابوورد پرسیاری لێت کرد
بلّێ بۆ خاوەن یانەی بێ تینم
بنووسە لەسەر کێلی ژوور سەرم
مەڵێ هیچ نییە بۆ دەست نووسینم

فرمێسکی چاوت بکە بەدەست نووس
بنوسەبۆ گەل لەناو چووژینم
چونکە لێم دوورە نیشتمانەکەم
دەمێکە شێوەی هۆزم نابینم
جا لەبەر دووری گەلی کوردەوار
وا گۆڕبووەتەجێگای نەرمینم
هەتاکو ئەبم بەخۆڵی ووردە
هەر بۆ ڕۆڵەی کورد نابڕێ ناڵینم
ئینجا گیانەکەم تۆش وەکو من بە
قەت نەڵێ ی بۆ تۆ وا ماتەمینم
نیشتمانو گەل.. بیان پەرستە
بڵێ بۆ دوژمن ئەنێرم قینم
خۆشەویستی یەکەم بۆ نیشتمانە
هەتاکو کاتی لەش ئەڕزێنم
خۆم بەخت ئەکەم بۆ هۆزو گەلم
ئەو کاتە مافی دڵدار ئەسێنم





## ئەی فەلەك بۆچی

**بـــەهۆی کارەســـاتە جـــەرگ بڕەکـــەی ســـلێمانی یـــەوە (١٩/١٠/١٩٥٨)**

دەمەوچێشت تەنگاو لەدوای بەیانی
ئەم بیست ئەیان ووت ئەرێ نازانی
دوێنێ لە باکوور لافاو هەڵساوە
شاری سلێمانی تەواو تێك داوە
بۆ هەر کوێ ئەچووم هەرا بڵابوو
هەر سلێمانی باسی لەناو بوو
ئەگەیشتمە هەرکەس پێم ئەووت برا
چی یە ئەو باسە وا بۆ تە هەرا
ئەی ووت : نازانێ شاری کوردەکان
کرێوەو تەرزە کردوویە وێران
ئەڵێن چەندە ها کەس لێ ی خنکاوە

بەدەها خانووی تێدا ڕووخاوە
کە بیستم وەکو جەرگم بێتە خوار
خۆشیو پێکەنین لێم گۆڕان بەزار
ئەمجارە بەرەو شاری سلێمانی
کەوتمە سکاڵا بەدڵ پەنهانی
ووتم: تۆ جێگای بەرزی کوردانی
تۆ بڵێی ڕاست بێ ئەڵێن وێرانی
جاران هەمیشە لەخەوو خواردن
لەخۆشیو شادی قسەو ڕابواردن
ئاخم ئەکێشا ئەم ووت دووساڵە
سلێمانیم نەدیو جەرگم زووخاڵە
ئاخۆ ئێستاکە رازابێتەوە
وەکو گوڵاڵە نەخشابێتەوە
کەچی بۆ مژدەی هەناوی بووریان
ئەم هەواڵەم بیست کردمی پەرێشان
کەوا بەجووتە فەلەكو زەمان





بەدەستی پیسیان جەرگمیان هەڵقڕچان
کۆشکی خەیاڵیان  تەواو ڕوخاندم
شادیو خەندەیان لەلێو فڕاندم
ئەی فەلەك چەرخت تەفرو توونابێ
وەك دۆم شیتاڵت بۆ ڕەشەبا بێ
وەك سواڵکەر دایم سەرکزو مات بی
برسیو رەنجەڕۆ لاوازو لات بی
ئەو تەختو بەختەی کەشانازیتە
هۆی سەماو بەزمو رمان بازیتە
هەڵوەشێ وەکو کورتانی دەجال
هەر ڕۆژەی کەرێك بیکاتە جەواڵ
ئەو پێچکەی کەوا سوورڕت پێ ئەدا
بەرەو وڵاتو گەلانت ئەبا
پارەپارەبێت چەپەرەکانی
بۆ ئەوەی تەواو نەکا سوڕدانی
پێم بڵێ ئەرێ کافری بێ فەڕ

وەکو پشیلەی سەرانگویلك گەڕ
چۆن سلێمانیت کرد بەنیشانە
پلارت تێ گرت بێ بەزەی یانە
هەر وەکو گورگی برسی ناوزەبەن
دەمی گلاوت لەکوردستان ژەن
لەم سەر زەمینە شارەزا نەبووی؟
وا بەرەو شاری سلێمانی چووی؟
هەی بێ فەڕ تۆزێ ڕەحمت  ببوایە
کارەساتی وات تیا نەکردایە
ئەوگشت منالە بەرمەمکانانە
ئەو کیژو کچە خەتو خالانە
ئەو گەنجو پیاو مرۆڤو ژنە
ئەو هەموو رۆڵەو کۆرپە خرپنە
کێ تاوانکارە  کێ  وەها ئەمرێ؟
بێ فەڕ کێ گوناهی ئەوان  هەڵ ئەگرێ؟
هەی دڵ ڕەقی پیس گوڵی پڕ لەقین





بۆ جیهان بویتە چەڵەمەو ناڵین
نایەڵێت یەکێ تۆزێ بخەوێ
رێ نادەی گەڵێ تۆزێ سەرکەوێ
پەتەکەی دەستت هەی بێ باری پیس
لوول ئەخوا وێنەی ئەڵەقەی گوریس
بۆ ئەوە گەلان بخەیتە سەما
کاتێکت زانی تۆزقاڵت  نەما
لێ یشت دیار بێ هەتاکو ئێستا
کەس نەیتوانیوە مافی کورد بخوا
هەرچۆن بێ چاوت بەزۆر دەردێنین
گەر بڕواش ناکەی دوایی ئەیبینین
بەڵێنم داوەو واپێت ئەبێژم
دوا تنۆکی خوێنم بۆ کورد ئەڕێژم
نەك من بەتەنیا میلیۆنان وەك من
خۆ بەخت کەرن تاکاتی مردن
جا خاکت بەسەر بۆ وات لە خۆت کرد

تۆیش‌و مام ڕێوی ئەو باوکەتان مرد
کەوا بەرامبەر گەلی کوردەوار
هەژکی کلکتان، بکێڵێ کۆسار





## بلێسە

بلێسەی خەبات هەتاهەتایە
ناکوژێتەوەو لەگەشتڕایە
ئەو کەسەش لە ڕێی خۆشکردنی ئەوا
سەری نایەوە... لەمردن نایە

## مانگ و کوردستان

ئەی مانگ تۆبیو گەورەیی یەزدان
تو شەوقی جوانیو گۆنا بێ گەردان
توشێوەی جوانیت کەلەسەر کەلی
ڕوون ئەکەیتەوە دڵی پڕدەردان
وائێستا بەرامبەرم ئەدرەوشێی
لەسەر کام جێگای لەناوچەی کوردان؟
کام ڕێگات کردووە بەڕێ ڕەوتی خۆت
کام جێ یارتە لەشوێنو هەردان؟
کەوالەشەوقی چوارده ییت ئەخا
ئەتهێنێتە ڕیز لاوازو زەردان
گشت ڕۆژێ بەرەو کەمی ئەنوێنی
هەتاوێڵ ئەبی وێنەی سەرگەردان
بەوێنەی دەزوو باریك ئەبی ڕووت





چاو ئەگێڕن بۆت لەجێی بڵندان
کەس بەد یت ناکات چونکە تواوەی
نەتماوە شەوقی گڕ لەدڵ بەردان
ئەویش دیاری یە وێنەیەکی جوان
لە کوردستان شوێنی نەبەردان
وەهاخستویتی بەبێ پەلو پۆ
ئەوساش بەتەمای بچیەوە سەردان

## باران و دوژمن

بارانو دوژمن کرێوه ئەکەن
هاشاوڵیان بۆ کوردستان ئەبەن
بەڵام ڕەشەبای نیشتمانی خوا
ئەوهەورەڕەشەخێرالائەبا
ڕۆژیش لەئاسۆ سەردێنێتەدەر
دوژمنیش بێچار خۆی ئەچێتەدەر
بەیاری تەڕبوویش ووشك ئەبێتەوە
بەفری زۆر داریش خۆی ئەتوێتەوە





## دواخواحافیزی

وا بەجێت دێڵم گیانەکەم ئازیز
ئەمە دواجارمە ئەڵێم خواحافیز
چونکە بەناهەق دڵت شکاندم
گشت خۆشی شادییت لەدەست فڕاندم
دڵمت بەجارێ پڕ کرد لەئازار
لەجێ ی پێکەنین هەرگریەمەو زار
بەڵێنت دامێ کەواهەردووکمان
تامردن یەکمان خۆش بووێ بەگیان
کەچی بۆ دوایی بێ وەفا دەرچووی
وەهام نەزانی کەبێ بەڵێن بووی
وەك خەڵووز دڵمت ڕەش کرد لە سنگما
ڕۆحی بێ چارەت دەرکرد لەچنگما
ووتت بمدەرێ بۆ یادگاری

هەڵیان ئەگرم بەوێنەی دیاری
دوای ئەوە هەمووئەندامەکانم
لەلای من نەمان نەڕۆح نەگیانم
هەموویانت کرد بەبەشداری خۆت
دەستووپێم مابوو بەشیان بوو بەکۆت
کەچی بەبێ هۆ هەمووت فڕێ دان
لەخوانەترسای بێ دڵو ویژدان؟
هەربەشەی زامێ بوو بەهاوبەشی
لەشیش بێچارە بەبەختی ڕەشی
وەکو دێوانە ئاوارەی هەردە
خۆشی نابینێ هاوەڵی دەردە
خوای دڵدارانیش خۆی هەق ستێنە
باش ئاگادارە بەم بگرەو بێنە
کەواتەئەڕۆم خوات لەگەڵ، ئەی گیان
ئاخۆ چەندەی تر ئەخەیتە زیندان
بەوێنەی منی هەژاری کڵۆڵ





لە جیاتی باخچە ئەیانخەیتە چۆڵ
ئیتر گیانەکەم بەبێ گفتوگۆ
لەوە زیاتر لەسەری مەڕۆ
ئەمجا خواحافیز جادووی بێ پەیمان
دواخوا حافیزت لێ بێ هەمدیسان

## تێکۆشەر

ڕێگەی تێکۆشان ڕێی نەبەزانە
ڕێ ی پاڵەوانو ئازاو مەردانە
هەرکەسێ ملی ئەو ڕێگایەی گرت
لاپەڕەی مێژووی ئەم نیشتمانە
وەهای دائەنێ نامرێو ئەژی
کە مێژووی ژینی هەر تێکۆشانە
تێکۆشەر ئەگەر هاتو بیشمرێ
مردنی نی یە هەر وەك جارانە
کە ئەژیاو هەوڵو تەقەلای ئەدا
ئێستاش وەك ئەوسا هەر قارەمانە





## مــن فیــدام

شەرتە تاکو دوا هەناسە من فیدام
تاکو یەك تۆز هێز بمێنێ لە هەناوم
من فیدام .. من فیدام
من فیدای ئەم خاکە جوانەی وەتەنم
بەفیدای تۆزی خۆڵی بێ گشت تەنم
ژیانم ناوێ هەتا هەقی نەسەنم
من فیدام.. من فیدام
مردنە لام گەر ئیستعماری بۆ گەن
پێ بخاتە سەر تۆزی خاکی وەتەن
ئەیکوژم یان نامەوێ ژینی بەپەن
من فیدام .. من فیدام
فیداکاریش حەیفە سەردانەوێنێ
موخابنە حەقی گەلێ نەسێنێ

ئەبێ پڕ بە دەم بلێو بنڕکێنێ
من فیدام .. من فیدام
واهەمدیسان ئەیلێمەوەمن فیدام
ئەگەر لەپێناوی گەلا بی برام
کوشتنم وەك قۆچی قوربانی یە لام
من فیدام.. من فیدم





## ئەی کــورد

ئەی کورد نالێنی هەناوو جەرگم
خیزەی  سەرسنگی نزیك لە مەرگم
ئاخو ئۆفو رۆی دلەی پر دەردم
ژانی دەروون و هەناسەی سەردم
هەمووی بۆ تۆیە، شیرین تر لە گیان!
چونکە بە بێ تۆنامەوێ ژیان
هەمیشە وەکو دەرویشی دەوران
حەی کوردستانمە تا ئەچمە قەبران

## بەختی کورد

بەختی کورد تاریكو تونە نایەتە دەفتەر خواسەکەی
وەکو هەزارو یەك شەوە دوورو درێژە باسەکەی
ئەی لاو پیرو کیژۆلەی ئەم کاتە بەدبەختو شوومە
لاپەڕەی مێژوو بگەڕێ گەر نیشتمانی وڕاست ئەکەی
دێنە بەر چاوت چەندەها قۆرتو خۆشی جەنگو هەرا
چەن ئازادیو نەرە شێری وچەن زەلیلی چەن ئیفتەرا
لەو ساوە هەردەم بەجۆرێ ئازادی ژینمان چەشتوە
هەتا ئێستا هەر ئەی چیژین هۆشمان نەهاتووە بەسەرا
فەلەك یاریمان پێ ئەکاو ئەمانخاتە باسو خواس
هەردەم بەجۆرێ، بووینەتە گیسکەکەی هەیاسی خاس
دەمێ شادیو دەمێ گرین، دەمێ هەراو دەمێ ئەسرین
بەوەش وازمان لێ ناهێنێ خۆی لێ گرتووینەتە مەلاس
بەلام سوار ئەو سوار چاکەیە کە کۆڵ نەدا لە مەیانا





هەرچەن براکەی بینی لە خوێنو قوڵپەی گریانا
ئێستا ش ئێمە لە مەیانی جەنگو زۆراین لەگەڵ ژین
پێویستە هەر سەر کەوینو پێمان بڵێن هۆزی دانا
هیچ بەوە دڵ سارد نەبن کە ڕەهێڵەو تەرزەو باران
نیوەمانی خستە چۆڵی بەبێ یانە لە کۆساران
گەر ڕاست ئەکەن دەستیات بگرن لە خواردنو دەرەتانا
یاریدەریان بەن پڕ بەدڵ تا دێنەوە دۆخی جاران
گریانم بۆیان دێت پڕ بەدڵ کەڕۆڵەی کوردو وەهابن
نەك هەر من بەتەنیا بگریم پێویستە ئێوەش هەروابن
چونکە وەکو ئەڵێن، ئەگەر برا لە پشتی برابێ!
کەواتە ئێمەش هەر براین یەك گرنو دڵنیا بن
یەك گرتنە ئامانجمان ئەی هاوخوێنی شیرینانم
قەزای هەموو کوردستانو کورد بکەوێ لە گشت گیانم
کەواتە بەهەموو جۆرێ یاریدەی لێ قەوماوان
پێویستی سەر شانمەو بۆ ئەوان پەرێشانم

## کۆشکی خەیاڵ

ژیان، چەندەها ڕ ۆژو مانگو ساڵ
دروستم ئەکرد کۆشك بەخەیاڵ
کەوا هەر ئەبێت ڕۆژێ بتبینم
کەم کا فرمێسکی چاوی بێ تیم
چاو لەبەرامبەر بۆ چاو بڕوانی
لەشیش لەرزەی بێو لەرە نەتوانێ
دڵیش کوتەی بێت بەسکاڵاوە
دەرونیش قرچەی هەر لە پەناوە
جگەرو هەناو دابخور پێنێت
تا خۆشەویستی پەرە بسێنێت
بێجگە لەوانە پرچی قەترانیت
ڕوومەتی سووری سێوی یەزدانیت
لێوی شیرینی ئاڵی هەنگوێنیت





چاوی خوماری پڕلە ئەفسونیت
هەر یەك بەجۆرێ ئازارم بدەن
ڕەحەتیو خۆشی هەناوم ببەن
بەڵام داخەکەم ئەمە خەیاڵە
چونکە تۆدووری ووتەم بەتاڵە
بەڵام ئاواتم هەتا دوای ژیان
بینینی تۆیە ئەی ڕۆحی ڕەوان
کەچی ئێستاکە خەیاڵ بەخەڵات
(ژیان) دێنێتە بەر دەستی (ئاوات)
بۆئەوەی کەوا هۆش هەر بلاوبێ
ناوی تۆ لەجێی وێردو سلاوبێ
بەڵام بەخەیاڵ پشتم نا بەستم
ئەبی بێ ووچان نا چار خۆم هەستم
گەر لەپێناوتا پارچەم بوو بەدوو
ئەبێت بتبینم وەك جاری پێشوو

## بۆ کۆچ کردووەکەم

ئازیز واهاتمە سەر سەرینەکەت
هاتمە سەر گۆڕە خۆڵ ڕەنگینە کەت
بۆ ئەوەی تەواو بکەم شینەکەت
ماچ ئەکەم کێلە گوڵ نەخشینەکەت
دێتە پێش چاوم ڕووە شیرنەکەت
ئەناڵێم ئەگریم بەهاوارو ڕۆ
دەنگی زایەڵەم ئەگاتە لای کۆ
جەرگی بوریانم پڕ بووە لە سۆ
سوتاوە دڵم بەکڵێەو پشـکۆ
بۆ تۆ گیانەکەم کۆچ کردووی ئەمرۆ
کۆچەکەت بردی گشت شادمانیم
ئێستا دێوانەو کالێوەو فانیم
کەس ڕەحم ناکات بە دڵ بوریانم





بەخوێنی چاوی وەك ئاوی کانیم
بە خەستەیەتی‌و بە پەرێشانیم
شەرتە هەتاکو ئەمهێنن بۆ لات
هەناو بەرەو تۆ سکاڵا بکات
ڕۆحیش ببێتە یاساوڵ گشت کات
لە دوای تۆ دڵم نۆکەری نەکات
تەنیا بۆ گەلم خۆی بەخت ئەکات
چونکە چۆن خۆشەویستیت ئەزانی
بە ئاشکرایی یان بە پەنهانی
کەوا ئەتپـەرست بەدڵ نیانی
هەروا پێویستە بوم نیشتمانی
کەخۆم بگێرم بۆی وەك قوربانی
چونکە هەزاران وەکو تۆو ئەمن
لە کچو لە کوڕ لە پیاو لە ژن
کە هەر بە هیوای نیشتمان ئەبن
بۆ ئەو ئامانجە کۆمەڵ ئەبەستن

منیش لە دەستم دەرچوو تۆی مەزن
پێویستە بۆنی دڵداری پڕ سۆز
بکەم بە خۆشەویستی لەبۆ هۆز
ئیتر نەهێنم ناوی دڵدار دۆز
نیشتمان بکەم بە هیوای پیرۆز
شەوق بداتەوە وەك گڕی نەورۆز





## دنیای بێ وەفا

وەرن سەیرکەن دنیای بێ وەفا
وەکو سینەما خۆی پیشان ئەدا
لە منالّییەوە بۆ کاتی لاوی
لە گنجێتیە وە بۆ پیریو خاوی
لە پیریشەوە بۆ ناو خاكو خۆڵ
بۆ ناو گۆڕی تەنگ ژورو یانەی چۆڵ
کەواتە دنیا وەك پێچکە وایە
هەر جار لایەکی وا لە حەوایە

## گوڵی ئازادی خواهان

ئەی گوڵی دەستی ئازادی خواهان
ئاواتی بەرزی وڵاتو گەلان
تۆ کە هۆی بەرزی هەموو وجیهانی
هۆی خوێن ڕشتنی نەڕەشیرانی
دروشمی بۆ گەل‌و یەکێتـی
چەکی بەرامبەر زوڵم‌و زۆریەتی
ڕۆشن کەرەوەی ئاسۆی ووڵاتی
نیشانەی بەرزی ئاسۆی ووڵاتی
لەهەمووجێ یەك پەنابۆ تۆیە
بۆ بۆنێکی تۆ هاوارو ڕۆیە
ڕوویەکم تێکە بابەئاشکرا
لەگەڵتابدوێم، ئەی تاقەهیوا





بۆچی ئێستاکە دووری لەکوردان
هەوڵت بۆ ئەدەین ئەی هێزی ژیان
کوردستان بێزووی بەتامەزرۆیە
ئەو تامەزرۆیەش بۆنیکی تۆیە
تەنیا بەو بۆنەت لەجێگای گوڵی
چەپکە گوڵاڵەی کورد هەڵ ئەقوڵی
کە هەر پەلێکی بە خوێنی کوردان
سوورو ڕەنگینە بەهی شەهیدان
ئینجا تکایە تەنیا بۆ دیاری
خونچەت بنێرە بۆ یادگاری
تاکو لە گۆمی خوێنا بینێژین
بەلاشە دەوری بکەین بە پەرژین
هەتا بەزووی دەم بکاتەوە
پەلك سوور لە دوور شەوق بداتەوە
ئەوسا ئاواتی ئازادخواهی کورد
دێنێتە دیدار خیرا دەستو برد

ئه مجاره ئەڵێێن گەیشتینه ئاوات
كوردینه خۆتان بكەن بە خەڵات
بۆ پەلكی گوڵی جوانی سەربەستی
كە ئێمەی دەركرد لە بت پەرستی





## ژیانی هەژار

یەزدان هیچ كەسێ نەخەیتە ئاتاچ
هەر كە هەژار بوو نایمینی رەواج
لەلای هەموو كەس ڕەزای گرانە
هەموو سوێند ئەخۆن بە خواو بە میعراج
كە ئەو مرۆڤە پیاوێكی پیسە
چونكە نی یەتی پارەو تەختو تاج
هیچ قووتی نی یە بۆ ماڵو مناڵ
لە جێی قەزاتمە، هەر نانی سەر ساج
ڕۆژ تا ئێوارە كرێكاریە
ڕاوەشاندنی خاكە نازو پاچ
كەچی ئێوارە  روو ئەكاتە ماڵ
پارە بەش ناكاو مناڵ هارو هاج

**خواردنیان نی یەوجلیان دراوە**
**هەرچی یەکیان هەیە ئەیخاتە هەڕاج**
**لەو جۆرە زۆرە لە ناو کۆمەڵا**
**خوالە ژیانیان ئەسینێ وەك باج**





## دکتۆر

مامۆستای خۆشەویست عەزیز عەلی! بەزمانی عەرەبی دایناوە، هەر لەسەر عەینی وەزنو مانا وەرم گێرایە سەرکوردیو لە ئیستگەوە بەشێوەی مەنە لو ج بڵاو کراوەتەوە.

**خەڵکینە دەردی بێ پایان**
**کەڵەکەیە لەسەر دڵان**
**گەردەرئەخەی رازو پەنهان**
**نەمان، مایە تەوە لەژیان**
**رووبکەینە کوی دوکتۆر**
**دکتۆر خۆمو  ماڵەکەم**
**ژنو کچو منا ڵەکەم**
**هیچمان نەخۆش نەبوو**
**بۆلای دەرمان نەچوو**

نەم کردە دکتۆر روو
بەڵام لەماوەی ڕابردوودا
نەخۆش کەوتین کۆمەڵ  هەموو
نەخۆشی وەکو زەهرالوو
خۆشیو شادیمان لە بیر چوو
دکتۆر
دکتۆر بۆ خاتری خوا چارەمان ناکەی؟
دکتۆر باری دەردی گران هەلگرین تاکەی؟
دکتۆر خۆمان هینامان لە رزو تاکەی؟
دکتۆر زەهریش بێ دەرمان کوانێ ساکەی! ؟
دوکتۆر  دەردی پڕ ناڵین
چارەی ناکا حەبی کنین
بێ سوودە کالسیۆم
یا فۆسفاتی سۆدیۆم
یا برۆمایدی پۆ تاسیۆم
ئەمانە دەوان لەبۆ لەش





بەڵام ئێمەین کەلێ ی  بێ بەش
نەخۆشی لامان زۆر، پڕ غەش
بەشن بێ ناو، زۆر وەکو هەشت
دکـتۆر
دوکتور لەشی بێ کەدەر
دوورە لە دەردوو لەخەتەر
دەردەکەی وا لەتین
زامدار بە حەوت برین
چاکی کەی ئافەرین
ئیش کە ئەی دوکتۆری ئاوات
بەسە  وا وەرزی تازە هات
بەقسە زۆری نابێ خەبات
کردەوەیە هۆی ژینو کات
دکتۆر
دکتۆر تۆ بیتو یەزدان
رزگارمان کەلە دەردو ژان

بەسیەتی ئەم حاڵە هۆش بخەرە گالە
دەرد لە سەرمان زاڵە
گروون برینی قاچو دەس
سەربەرزە هەر خۆتی سەربەس
لەشیش ووردکە هەر بە ئەنقەس
بەس وا زبینەبگەینە مەبەست
دکتۆر





**ئەی کوردینە**

مەنەلوج بێژی بەناوبانگ مامۆستا (عزیز علی) بەشێوەی نەشید (سروود) لە ئیستگە وە وتویەتی

لە دەوری پێشووی چەپەلا، قە دەغەی ئەوە کرا کەلە ئیستگەوە لێ بدرێ.

**ئەی کوردینە، ئەی مەردینە**
**با دەست لە ناو دەست کەین هەموو**
**بۆ بەرزێتی خاکی وەتەن**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو**
**کوردین هەموو بژین هەموو**
**ئەژدادمان شێری زەمان**
**حورِ بوون بۆ سەربەستی ژیان***
**تاکورد لە عالەم دەرکەوێ**

**ناوی ئەبێ هەر سەرکەوێ**
**بۆ بەرزێتی قەت نانەوێ**
**ئەی نەتەوەی نەڕە شێران**
**یەکێتی ئەوێ نیشتمان**
**پێویستە لەشمان نەسرەوێ**
**تا ئامانجمان دەست ئەکەوێ**
**چونکە یەك نیشتمانمان ئەوێ**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو**
**کوردین هەموو**

★هەتا ئێرە ی لە هەڵبەستی (مامۆستا زێوەر) لەبەرئەوەی لەگەڵ ئاوازی سرودەکەدا نەگونجا بەو شێوەیە تەواوم کرد، هیوام وایە پەسەند بکرێ.

**نوستن بەسە چاو هەڵهێنن داری یەکێتی بڕوێنن**
**تا جوان ئەبێتو دێتە بەر**
**بۆ هەموومان ئە کا سێبەر**





**بەو سێبەرە ئەچینە سەر**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو**
**تا دوا کاتمان نا بەزین**
**لە پێناوی گەلا ئەڕزیین**
**تا دوا تنۆکی خوێنمان**
**ماڵو منالڵو گیانمان**
**گشت بەخت ئەکەین بۆ نیشتمان**
**بۆ یەکێتی بچین هەموو**
**کوردین هەموو**
**بژین هەموو**

## گوڵی ئازادی

ئاوی بارانی خەزان ووشك بوو
گوڵی ئازادی بێ ژمار دەرچوو
یەكێك لەوانە ئازادی كورد بوو
بۆنی سەربەستی ی بۆ جیهان ئەچوو
بەڵام یەكێكی پیسی چەواش وو
گوڵەكەی بچڕی بێ شەرمو ئابڕوو
فرۆشتی هەرچەند شەرەفی خۆی بوو
بەڵام لاسكەكەی سەرلەنۆ هەڵچوو
لەگەڵ گوڵاڵەی پایز سەوز بوو
ئێستا خەریكە وەك جاری پێشوو





گوڵ بگرێتەوەسوورو پشكتوو
بۆخەڵك دەرخات كە ووشكنەبوو
بەڵكو ئەو دەووره هەمووی بەسەرچوو
ناوی لێ نرا كاتی ڕا بوردوو
گوڵی ئازادی هیچ كات نامریت ..
چەن لێ ی ببڕێت دێتە بەرهەم زوو

## ماف

ئەی  ماف تۆ ووشەی سەردەمی گەلی
تەرازووی ڕاستی ڕۆژی ئەزەلی
هەوڵت بۆ ئەدەن لە هەموو جیهان
کە دەست گیریکەن بە پارەو ژیان
چونکە ئەو گەلەی تۆی تیا بلاّو بێت
ووشەت لەباتی ووشەی سلاّو بێت
ئەو گەلە وەك دار بەرز ئەبێتەوە
زۆردار لەناویا جێی نابێتەوە
هەموو بەختیارو دڵ پڕ لەهەستن
هەر ووشەو ناوی تۆ ئەپەرستن
چونکە ئەگەر تۆ چویتە هەر جێگا





گورگو مەڕ بەجووت ئەڕۆن لە ڕێگا
چەن هەزارڕۆڵەبەسەرمایەوە
لەبەرناوی تۆسەری نایەوە
بەڵام تۆی نەدیی قەت بەخۆیەوە
ئەوە بوو بەزام لە سەر سۆیەوە
هەروەهاگەلی کوردی بە شکراو
بێ تۆیە بۆیە کزەو بی هەناو
چەن ڕۆڵەی جگەر گۆشەی هۆزی کورد
لەبەرناوی تۆ بۆ زیندانیان برد
هەرچەندە ئەیووت ماف لەگەل بافتان
لەکوێن بۆفریام، بۆتوونای چەفتان
لەدەنگی زنجیرزیاتربەولاوە
هیچ کەس دیار نەبوو لەهیچ پەناوە
هیچ  ماف ئێستا بەدەستی زۆردا ر
گیرۆدەی بەندە نەهاتۆتە دیار
بەڵام هەموومان وەك  بروسکەو هەور

نرکەونەعرتەی لی ئەدەین بەجەور
گەربەسەر بڕین یان قەنارەو بەند
تۆڕزگار ئەکەین لەئەڵقەی کەمەند
هەتا لە ئا سۆ مافمان لێ هەڵدێ
جوتیارو ڕەنجبەر ڕەنجیان وا ئەچێ
هیچ کات تێر ناخۆن لە بەری خۆکار
چونکە چیان کرد فڕاندی زۆردار
ئیتر تا هێزم تیا بێ بێ گەزاف
لە دوا هەناسە یش ئەڵێم کوا نێ ماف





## دڵ پەرێشانە

لە پێش چاومە پێکەنینەکەت پرچی خورماییو چاوە شینەکەت
دانی مرواریو لەرەی سینەکەت لەنجەی کۆتریو ڕێڕۆینەکەت
گیانە نازانم
هێزی ژیانم
چییە دەرمانم؟
بۆ دڵو گیانم؟
لە یادم ناچێت هەتاکو ماوم
هەتاکو کاتێ ئەبڕێ هەناوم
لە غەرغەرەی مەرگ پێویستی ئاوم
هێشتا ئەو کاتە وای لە بەرچاوم

شێوەت ئەبینم
ڕۆحی شیرینم
بۆت ماتەمینم
بینایی ودینم
هەر تۆی ئاوازەی دڵەی ئاوارەم
هۆی شادی خۆشیو ڕوونی گلارەم
ئەگەر تۆ نەبی دەردی بێ چارەم
هەمدیسان ئەبڕی پەتی بەژارەم
کەواتە گیانە
مەگرە بەهانە
جەرگم بوریانە
دڵ پەریشانە
تکایە گیانە بەلەنجەی شیرین
تۆزیك وەرە لام دەم بەپیکەنین
بالە دڵ دەرکەین فرمیسکی غەمگین
ئیتر نەبینین شیوەنو گرین





جا لێوت بینە
خەم بڕە وێنە
لییکت هەنگوینە
بۆ دڵ بەتینە

**منو سورە گوڵ**

ئەی گوڵی سووری شیوە خویناوی
بۆچی ئەتبینم وا بێ هەناوی؟
هەمیشە گەڵا چرچو هەڵوەریو؟
کزو داماویت بە وینەی هەتیو؟
ئایا تۆ کەبۆن خۆشو نازداری
یادگاری دەستی گەورەو هەژاری
هەموو کەس مەستە بە بۆنی خۆشت
بۆ شیوەی سووری گەشی خامۆشت
کیژان ئەتخەنە سەر گۆی سەرسینە

جوانی تۆ دوو قات بۆ یان نەخشینە
سەرپێچی ئافرەت  لە کوردەواری
بە تۆ ڕەنگینە، . بۆ چی خەمباری؟
توو ئەو یەزدانەی کەوای لێکردی
گەر وەڵام نەدەی بەدەستو بردی
چونکە ئاوارەو ووچانم نی یە
حەز ئەکەم بڵێم دەردەکەت چی یە
هەروەها سەودای دەردەدارانم
هاوەڵی ماتو لێو بە بارانم!
وەڵامی گوڵ
ئەی برای کوردی بەخۆت نەزانیو
خۆشی لەدڵی  هۆزا قەت نەدیو
مەپرسە بۆچی کزو داماوم
بۆ چی وەك هەتیو نییە هەناوم
ماد ام سوێندت دام بە خوای گەورە
وەڵامت ئەدەم هەرچەندە جەورە





من خۆ لە ئازەل سوورە گوڵ نە بووم
یاری ئاوازەی هیچ بولبول نە بووم
تۆزە خۆڵێك بووم لە کوردستانا
لە ژێر درەختو بە فری کوێستانا
زستانان بەفر جوان ئە پپارا ستم
هاوینان شەماڵ خۆشی ئەخواستم
بەڵام ئەژدادت لە سەرنیشتمان
خۆیان بەخت ئەکرد دایم بێ ووچان
هیچ دەربەست نەبوون بۆ خواردنی نان
وەك ئێستا هەوڵیان نە بوو بۆ  گیرفان
هەموویان سەربەست وەکو نەرەشێر
دەنگیان ئەدا گشت ئازاو دلێر
گەربهاتایەوپیٚی پیسی دوژمن
بکەوتایە سەر تۆ سقاڵەکەی من
هەموویان سنگیان قەڵغان وچەك بوو
دەستیان بەرامبەر وەکو کوتەك بوو

جاری واهەبوولەشەڕی بەتین
ئەکەوتنە سەریەك لاشەیان چین چین
خوێنی ناولەشیان بەوێنەی لافاو
ئەرژایەسەرمن زۆرترین لەئاو
منیش کەئاوم بەخوینە درا
چەشتم خوێناوی خاوەنو برا
سەوزبووم لەگەڵ سووری ئەو خوێنە
نیشانەی سوورم تۆڵە ستێنە
بۆیەهاتمە دەر کەلەبەر چاوبم
لەسەررێ ی خێڵو لاوانی ناوبم
بۆئەوەی کاتێ هاتنە ئەو ناوە
بێتەوە یادتان خوێنەوڕژاوە
خوێنی جگەری باوكو باپیرتان
ئیتر کوردینە خۆتانو شیرتان
هەرچەند خۆم نواند وەکو ئالآی سوور
ئەشە کامەوە بەئاوات لەدوور





بەڵام داخەکەم تائێستا هەروا
کەس نیە مافی سووریم دەربخا
منیش لەتاوا هەربەدڵ پەستی
تابانگەوازی ڕۆژی سەربەستی
هەروا مەلووڵو مات وداماوم
وەکو خاوەنم دیلی ناو داوم
ئێوەش گەر ئازان مەپرسن لەدەرد
کاتی کۆششە ئەی هۆزی نەبەرد
وەك باو باپیرتان هەر بەهاشاوڵ
بۆنیشتمانتان ببنە یاساوڵ
بمگەشێننەوە بەمێژووی مادی
بمکەن بەگوڵی ڕۆژی ئازادی

## ڕۆژی ئازادی

بەرزترین مێژووی ئازادی وولآت
ئەمڕۆیە کەوا سەربەستی پێك هات
دەستمان کەوت ڕەنجو ئامانجی خەبات
پیس‌و ناپاکان نەگەیشتنە ئاوات
گشت بلێن بژی گەل. سوپای نازدار
وا رزگارمان بو لە دەست ئیستیعمار
کوردینە شادبن لابەرن پەستی
لاچوو لەسەرمان دیلی‌و ژێردەستی
ئەمرۆیە رۆژی ماف‌و سەربەستی





رزگار بووین لەکۆت، زنجیر، ژێردەستی
ئێستا ئەتوانین بلێین ولآتمان
وابۆی هاتە بەرداری خەباتمان
ئەوانەی کەوا نۆ کەری خەلّك بوو
بۆ نیشتمانمان بێ سوود کەلّك بوون
بەشەق دەرکران بۆ جەهەنم چوون
لی یان تاریك بوو خۆرو رۆژی روون
کوژران سەر بڕان، هەموو بەیەکجار
لە تو پەت کران بە چەقۆ، بەدار
ئەوانەی ماف‌و گەل‌و نیشتما ن
بەدەستیانەوە دایم ئەینالآن
ئێمەیان فرۆشت بۆ بێگانە کان
مژدە بێ کوردە ئەوا سەربران
هەروای بەسەردێ ئەوەی ناپاك بێ
ئەنجامی ئەبی وەکو زوحاك بێ
چەنمان دیی زولّم‌و زۆرداری‌و ئازار؟!

چەندەمان کوژران لەزیندانی تار؟!
چەندەمان مردن بەفەلاقەو دار؟!
ئەوەی وای ئەکرد، وابوو نگوو ستار؟!
هەرکەس زۆرداربێ لە سەر هۆزەکەی
قەت لەژیانیا نابینێ ئۆخەی
چەن چاومان پۆشی لە حوکمی بێ فەڕ
قەیناکامان کرد گەر بوویشن زەرەر
کەچی بەو جۆرەش نەمان بردە دەر
زییاتر ئەبوو زوڵمو دەردی سەر
ئینجا گەل مەجبور چاوی هەڵبری
ئەو زۆر دارانەی یەك یەك سەربڕی
ئەو هەولەی کەدای بەوێنەی پڵنگ
جەرگی زۆرداری دەرهێنا بەچنگ
تاڵ تاڵی کردن وەکو پەلکی شنگ
دای کوتا رەگی داد پەروەر وەك سنگ
هەموو ڕزگار بووین لەدەستی زیللەت





زیندوو بوەوە نیشتمان، میللەت
دەری خست کەگەل لە ئاگر پتر
لە پۆڵاو ئاسن، لەتۆپ بەتین تر
بەڵکو زیاتریش هێزیکە نەمر
بەتین تریکە لەگڕی ئاگر
بەخوێن ئەنوسێ میژووی سەرکەوتن
ئەکوژێ ئەوانەی لە گەڵیاچەوتن
هەروەکونوری یان عەبدول شەیتان
کەلاکیان وەك سەگ گەل رای ئەکیشان
لەگەڵ جەمالی بەبێ رەنجی شان
نەوتو مەعدەنو سروودی نیشتمان
هەر لەبەر پایەو تەختو ناوداری
ئەیاندایە دەست ئینگلیز هاوکاری
ئەو هەموو زێڕو ئاڵتونو زیوە
کە ڕۆژئاوای هیچ کات نەیدیوە
بۆیان ئەبردن هەر بە دزیەوە
چونکە هیچ ڕەنجیان پیوە نەدیوە

نەیان ئەزانی ئەو مەعدەنانە
هاناو جەرگی باو باپیرمانە
یان لەبەر ئەوە کەوا کوردستان
قەد ئازاد نەبێ هیچ نەدا  ووچان
سوێند خواریان ئەکرت لە قوڕنەی جیهان
وەکو ئێران‌و تورك‌و پاکستان
لەژێر سەرکردەی ئەنگاو ئیستعمار
پێچەوانەی گەل ئەیان سوراند کار
بەلاّم ئامانجی پیسیان نەچووە سەر
برای عەرب‌و کوردی بە جەوهەر
پشتی یەکیان گرت کردنیانە دەر
خۆیان ئازاد کرد، وەکو شێری نەر
ئەوانیش وەك سەگ بە بەردو پلار
عیبرەت‌و نەعلەت کران لە ناو شار
ئەوەیە دوای زۆرداری بەدخوو
وەك ئەم سەگانە رۆژیان دیتە ڕوو
کە نەما زولمیان وەك رۆژی پیشوو





دەوری زۆرداری تازە بە سەر چوو
ئەمڕۆ کەڕۆژی  مافەو ئازادی
باگشت دەست بگرین بەخۆشی وشادی

## کوردســتانی من

ئەی جێی ئازاد خواهی کوردان
نیشتمانی نەوەی گوردان
تۆی کە کوردستانی منی
جیگەی کوردانی مەزنی
باو باپیرو ئاژدادمانە
لە گەلّ تۆ بوون ماوەی ژیان
خوێنیان  لە سەر تۆ ڕژاوە
هەناو میشکیان پژاوە
هەر بۆ بەرزیو سەربەستی تۆ

جێگایان بوو بە هەردوو کۆ
ئەوگشت گوڵو گوڵاڵانە
کەوا رەنگیان سوورو جوانە
شێوەی خوێناوی ئەوانە
کەبوەتە ئەو گوڵانە
یاخود سەیری رەنگی ئاسۆ
کە خۆر لێی هەڵدێ لە سەر خۆ
پەمەیی یەو جوانو دلگیر
رائەکێشی ئارەزوو بیر
تا هەرکەسێ بە توانای خۆی
پیا بلێ هەرچی هات بۆی
یان سەر لوتکەی چیای بەفرین
هەر وەکو سەرپۆشی زیوین
لە سەر تەوقە سەری چیا
چاو ئەهێنێتە ماخۆلیا
دیمەنیشی هەمەڕەنگە
ئاوازی ... جۆرەها ڕەنگە





دەنگی پۆڕ، ئەڵێ کنا چە
خۆشتریکە لەکەمانچە
کەویش هەروا بە قاسپەی خۆش
دنیا هەموو دێنێتە جۆش
دەنگی گەرووی شمشاڵی شوان
میگەل ئەهێنێتە زمان
ئاوی تاڤگە بە وێنەی زیو
ئەرژێتە ناو دۆڵی نەویو
یان بۆ ناو چەم دیتە خوارێ
وەکو زیو بێ کە ببارێ
ئینجا بەڕوو، مازوو چنار
تو تڕکی چەم، شنگی کەنار
دەوەن لەقەد پاڵی چیا
گوڵاڵە زەردەی ناو گیا
گۆیژو هەرمێو سێوی سوور
نێرگسو وە نەوشەو چنوور
بەری سووری دار بەڵاڵوک

دڕكو گەڵای سەوزی خڕنووك
لەنجەی لقو پۆپی دار كەوت
بەر بوونەوەی كۆمەڵە جەوت
بەلەك لەگەڵ دڕكی زەردا
گوڵا ڵەی سور لەبن بەردا
كەرتەشیو پرچی هەڵا ڵوك
بەرگی زبری سەلكە پیشۆك
دڕكی كنگرو نێركە هاز
تامی خۆشی لاسكە چاوباز
ئاسكو چێركی ناو پاوەن
مەڕە كیوی بەبێ خاوەن
نەك دڵێ، سەد دڵ سەرسامە
نازانێ جوانی لای كامە!
ئینجا وەرە سەیری دێهات
دڵت پڕ ئەكا لە خەبات
كاتی ماووزای بـەهارە
دوو بیری ڕانی ئێوارە





باڕەی بەرخو كارو بـزن
هاواری شوان لە دەستی ژن
هەتاكو كاتی تەواو بوون
كارو بەرخەو بەیەكا چوون
ئینجا دەستەی ژنو كیژان
مەنجەڵە شیر لە سەر سەر شان
هەموو دێنەوە بەرەو ماڵ
بە گۆرانیو زڕەی خرخاڵ
ئەمەی كە باسم كرد، هەموو
تۆزێ وەسفی كوردستان بوو .
ئەگەر هەموو باسكەم تەواو
چی تیا هەیە بێتە بەر چاو
بە ملیۆنەها ڕووی دەفتەر
دوایی پێ ناهێنێ نووسەر
جا لەبەر ئەوە گشت گیانم
هەتا دوا كاتی ژیانم
قوربانی یە بۆ نیشتمان

نیشتمانی هەموو کوردان
ئەیپەرستم تا دواتینم
ئەوە، هێزی گشت بینینم

## بۆ خوشکە کانم

ئەی خوشکی بە نرخ ئافرەتەکەی کورد
نەوەی ئەوانەی کە خەباتیان کرد
ئەمڕۆکە نۆرەی سەربەستیە دەی
ببڕە ئەو داوەی کەوا تۆی بەند کرد
خستیتیە فاقەی کۆنە پەرستی
بۆ ئەوەی کۆمەڵ بێتە ژێر دەستی
بە هەموو تینو پڕو پاغەندەی
ئەی ویست کۆششمان بخاتە سستی





ئەی وت خەباتی ئافرەتانو پیاو
بەپێ ی شەریعەت نەگبەت دێتە ناو
غەزەب ئەبارێت بەسەرو وڵاتا
ئەم کارە کاری کفرەو ناتەواو
ئەوەش بیرێکی ئیستعماری بوو
دەسیسەی پەڕەی هێز زۆرداری بوو
تاکو لێك جیا بین پشتی یەك نەگرین
بۆیە بچوکیان ئەوە کاری بوو
ئەوەی ئەزانی ئەگەر منو تۆ
دەست بدەینە دەست، بیرمان بکەین کۆ
زۆردار دەرئەکەین لەم نیشتمانە
پیشەی ئەوانیش ئەبێتە رۆرۆ
ئەو خوێنەی کەوا ئەی مژی وەك مار
ئیتر ئەیبەستێ بۆی نایەتە خوار
ناتوانێ ئیتر سنانی بکات
کەشوێنی راستی لێ بوو چەو توولار

ئەو ڕۆژەی کەوا ئەوانی ترسان
ئاخری خۆیان بەچاویان دییان
ئێمە خەباتمان هەر بەردەوام بوو
بێ فەڕی دەرچوو ئەو کارەی کردیان
ئینجا ئەی خوشك کە زۆردار نەما
فەوتا لەلامان جا نەوەر دەعبا
دەبا یەك گرین بۆ ڕێگای خەبات
داری تە ڕ نەما کە دووکەڵ بکات
منو تۆ بەنرخ هاو خوێنین هەردوو
گشت خوشكو براین، ئەوە بەسەرچوو
ئەمڕۆ بلێسەی ئازادیەکەمان
ئەو دێوە زلەی زو کرد بە بێچوو
با دەستمان بگرین تەختە ڕێگامان
بۆ بەرزی هۆزو گەلو نیشتمان
قەڵای ئازادی جوان دروست بکەین
تا بمان ناسن لە هەموو جیهان





هەوڵی ئەوە بەین کە دۆستمان زۆربێ
نەك هەر پیشەمان ناوو ناتۆر بێ
هەر کەس ببێتە خوشكو برامان
یارمەتی ئەدەین بەهەرچی جۆربێ
ئیتر هەر بژی هێزەکەی خەبات
کەڕوناکی بۆی شایەتی ئەدات
رووناکی تیشکی جوانی سەربەستی
کە بە ختیاریمان گشت پێشکەش ئەکات

## بەستەی هەمیشەم

ئەی کوردستان نیشتمانم
مایەی ئایینو ژیانم
هێزو تواناو گیانم
ئەتپەرستم تاکومردن
ئەی بیلبیلەکەی چاوی من
تاکوئەکەومەگیانەللا
گیان لە لەش ئەبێ بە رەڵلا
مەرجەئەو کاتەش لەخۆڵلا





ئەتپەرستم ئەی کورد ستان
ئەی تاقە ئەستێرەی کوردان
ئەڵێم هەتا ئەبم بەتۆز
ئەی کوردستان قیبلەی پیرۆز
بوو یشم بە خۆڵی وردو بۆز
چاوی دوژمنت کوێر ئەکەم
بەتۆزە بۆزە بۆرەکەم

سلیمانی ١٩٥٩/٢/١٦

## نامرن

لەسەرزاری یەکێ لەوپاڵەوانانە وتراوە کەلەدوا تەقەی شۆڕشی مەهابادی پیرۆزدا بەشدار بووە هەر لەیەکەم ڕۆژیەوە هەت اکۆتایی کۆماری دیموکراتی کوردوستانو ژیانی پێشەوای کورد قازی محمدو پەرژوبلاوەی شۆڕشگێڕانی کورد لەو پارچە پیرۆزەی کوردستانی گەورەدا ئەو هەڤاڵەش بەدڵێکی پڕ لەسۆ سۆزەوە باسی هەڵوێستێك لەو هەڵوێستانە ئەکات کەلە بیری ناچێتەوە.





ڕۆژانی کۆتایی جەنگە  
ئێوارەیە ڕۆژ درەنگە  
منیش لەکاتی شەڕا بوو  
کاتی جەنگینو هەرا بوو  
کاوەی هاوڕێم لێ بزر بوو!  
ڕەشە راهات بۆ کوێوە چوو؟!  
نازانم کوا، چی بەسەر هات؟  
کوژرا یاخود لەجەنگ هەڵهات؟  
بڕواش ناکەم کەوا هەڵبێ  
یان ئەوەندە لەش تەمەڵبێ  
بریندار بێو بۆی کەوتبێ  
ئەشترسم زامەکەی زۆر بێ  
نەتوانێ لەسەنگەرا هەڵسێ  
خۆی بۆ زامەکەی خستبێ!  
سەرم لەسەنگەر هەڵبڕی  
ڕوانیم کاوەم نەکردە دیی

چاوم بڕییە ئائەو جێگا
کەوا کاوە ئەجەنگێ تیا
سەیرم کرد وابەڕوی جەنگا
لەو سەنگەرەی لێی ئەجەنگا
لاشەیەك سەرەو ژێر بووە
کوژراوە گیانی دەرچووە
فرمێسك لەچاوما قەتیس ما
سەرم گێژو واقم وڕما..
لەپڕ دامە پڕمەی گریان
زانیم کوژراوە کاوە گیان
بەهەناسەی قەقنەسمەوە
بەنزوولەی بێ کەسمەوە
ئەم ووت بمرن گشت زۆرداران
نەمێنێ تاقیان لە جیهان
بمرێ زۆری داگیرکەران
لەسەرمیلەتان وگەلان





وائەم کارەساتە ئەکات
مرۆی بەنرغ لەناو ئەبات
تۆ بڵێی ئەمانە وەها
لەپێناوی کوردستان
بەشانازی فیدا بوون
بەفیرۆ برۆن لەناوچن
دەروونم لێم هاتە وەڵام
وەڵامێکی یەکجار بە سام
نەخێرهیچ کاتێ نامرن
شەهیدن بۆشی ی دڵ ئەگرن
هەرچەنەبێ گیان کەو تبن
بە باروتو گوللەی دوژمن
لاشەیان هەلا هەلابێ
بەدووکەڵ رەش داگیرسابێ
هەرزیندوون ولەبیرناچن
ماوون هیچ کاتێ نامرن

ئەی دایكانی ڕۆڵە كوژراو
دڵ قرچاوانی جەرگ سوتاو
بزانن رۆڵەی شەهیدتان
پێشمەرگەكانی كوردستان
كەماوەی ژینیان تێكۆشان
بێ ترس لەژین بەبێ كۆڵدان
قەت نامرن‌و هەر ماون
ئیوەمانان لەبەرچاوان
ئەولاشەیان كەكەوتووە
لەرێی گەلا بەخت بووە
لەسەرخاك بێ نازی ئێوە
بەشانازی بەئەو شێوە
پردی رێگای سەركەوتنن
هۆی باوەر بەهێز كردنن
باوەڕی نیشتمان پەروەری
بێ ترسان لە دەردی سەری





كەواتە فرمێسك مەڕێژن
شادی دەروونتان مەنێژن
شانازی كەن كە كۆرپەتان
بۆ نیشتمانتان پێ گەیان
ئێستاش بەختی ئەو ڕێیەن
بۆ كورد سامان‌و سەرمایەن
خوشكەكانم... دایكەكانم
دڵسۆزانی كوردستانم
ئێوەن بەنرخ ترین مرۆ
بۆ نیشتمان هەتا ئەمڕۆ
كەوا دڵسۆزترین كەسن
ئەی دایكانی بەرزی مەزن
بەشیرو باوەشی پیرۆز
بەلایلایەو بەڕەحم‌و سۆز
پێتان گەیان قارەمانان
پێشمەرگەو خۆفیداكاران

بۆ ووشەی جوانی "ڕزگاری"
بۆ سەربەستیو فیداکاری
وەکو ئەمڕۆ کەئەیبینین
بەرەو ڕووی دوژمنان ئەچین
هەموو کۆرپەی دایکمانین
پێشمەرگەی ڕێی کوردستانین
ئێوەش شەهیدن نەمردوون
کەواتە توخوا تێر بنوون
لەباوەشی کوردستانا
کوردستانی دایکمانا
ئەو کوردستانەی کەتێکڕا
هەمووتان وەکو یەك برا
خۆتان لەپێناویا دانا
هەرگیز زیندوون هەتاهەتا
هەرچەند لەخاکا دەردەسن
ئێستاش پشتیوانو کەسن





بۆ ڕزگاری ئەم وولاتە
کەگیانی ئێوەی خەلاتە

سلێمانی-١/١٠/١٩٥٩

## ئۆخەی نیشتمان

لە ڕۆژی ٢/٩/ ١٩٥٧دا شەهید(عوسمان عوزێری)بەسەردان هاتۆتەوە بۆ سلێمانی کەماوەیەکی زۆر بووە چاوی بەکوردستانی خۆشەویست نەکەوتووە لەشادیا ئەم هەڵبەستەی داناوە بۆ دەربڕینی هەستی بەکوڵی کەتاسەی دوریەکەی پێ بشکێ.

ئۆخەی نیشتمان هێزی دەروونم

بیلبیلەی چاوو گلارەی ڕوونم
ئەمجاش نەمردم تۆم بینییەوە
نەما ئاهەکەی دوورو مەفتوونم
ئیتر بیشمرم  خۆشیم ئەگاتێ
کەشاد بووم بەتۆ زیاتر لەساتی
ئەگەر مردیشم خاکی پیرۆزت
وام دائەپۆشێ خەمم نەگاتێ
بەڵام هێشتاکو تاسەم نەشکاوە
باجارێ مردن بخەینە لاوە
بێینە سەر باسی شادیو پێکەنین
من لەخۆشی تۆ هێزم بڕاوە
ئەوا ئەمجارەش پێت شاد بوومەوە
هەوات هاتوو چوو لە گەروومەوە
هیچ نەما یادی دووریو خەمباری
کە خاکی جوانتم نا بەڕوومەوە
دەورەیان داوم  درەختو دەوەن





چنارو چیاو دارو دارەبەن
یەتەوە یادم سەدەکانی کۆن
کەبۆ ئەژدادمان بووبویتە مەڵبەند
ئێسقانو گۆشتیان لێرە کەوتووە
بەخوێنی ئەوان گوڵ پشکووتووە
بووە بەگوڵی جوانی سەربەستی
کە بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتووە
ئێمەش تێکڕایی هەموو هەوڵ ئەدەین
ئەو گوڵە بگرین بۆنێکی بکەین
تا بەتێکڕایی ببوژێینەوە
ئاواتی گەلمان بۆ جیهان دەرخەین
جا لەبەر ئەوە لەتۆ دوور ناژین
گەر بەندیشمان کەن بۆلات دەربازین
تا دوا هەناسە تۆ ئەپەرستین
بەهەموو جۆرە شوێنێکت ڕازین
ئەگەر دووریش بی هەر قیبلەمانی

ئاواتو خۆشیو شادی دڵمانی
سکاڵات ئەکەین هەر لەدوورەوە
تاکو ئەتگەینێ بە شادمانی
ئینجا وەك دایك باوەشمان پیاکە
ئێمەش ڕۆڵەتین لەسەر ئەم خاکە
تۆیش دایکی ڕاستی دێر زەمانمانی
ڕۆح لە پێناوتا نەمێنێ چاکە
هەموو پێشمەرگەی نیو سەعاتی تۆین
بەرەو دوژمنت بەهەڵمەت ئەڕۆین
هەتا ئەگەینە ئامانجو ئاوات
ئەو کاتەش هەموو بۆت ئەڵقە لەگوێین

سلێمانی- ١٩٥٧/٩/٢





**یادی.. کیژۆڵەیەك**

لەسـەر زاری کیـژێك گـوتراوە کەجـەوری کۆنەپەرسـتی لەچـوار دیـوارا بەنـدی کـردووە لەسـەر ئەوەشـەوە خۆشەویـستەکەی لەبەندیخانەدایـە وەمـاوەی ئـەوەی نیـە کەبیبینێت یان سەری لێبدات.

"شــەو درەنگــە بــەڵام ئــەو هەرچــەند لــەجێی نوســتنابێو
بیەوێ بخەوێ بەخەویش نوستاقاڵێ خەونابینێ"

گیانە واکاتی دوای نیوە شەوە
هەموو کەس ئێستا فرمانیان خەوە
منیش واکەوتووم لەسەر جێی نووستن
کەوتوومە دەریای خەیاڵی بێ بن
سەیری چوار دەورم ئەکەم دیوارە
لەجێی ئەستێرەی ئاسمانم دارە
داری بنمیچی ئەوژوورەی  کەوا
تیایا ئەچێژم ئازارو سزا
ئێستاش لەدووریت دڵم ناسرەوێ
خەوبە توسقاڵیش لەچاو ناکەوێ
پیشەی هەمیشەی چاوانم هەردوو
یەنێتەیادم رۆژانی پێشوو
تارمایی شێوەی تۆ ئەدا بەدڵ
دڵیش کە بۆتە یەك پارچە سکڵ





گڕبەر ئەداتە هەناوو جەرگم
ئازارو یادت ئەبێتە بەرگم
ئەو بەرگەی کەوا داییم ئەیپۆشم
یان ئەو ئازارەی گشت کات ئەی نۆشم
بەیادی تۆوە یادی رابوردوو
هەرشوێنێ تووش بم خێرا لە پەوروو
خۆمی لێ ئەخەم بەوێنەی مردوو
تامی یەکجاری کاتەکانی زوو
ئەدات لە دڵم ئەم ژێنێتەوە
ئەو هەڵوێستانەم بیر دێنێتەوە
ئەو هەڵوێستانەی کە بۆتە مێژووم
بۆتە یادی ژینی لەدەست چووم
هەتاکو مردن من هەر پێی مەستم
هەر وێڵی یادم، بێ هۆش‌و مەستم
شێوەی تۆ وێنەی گلێنەی چاوم
پێویستی ژینمە جەرگ‌و هەناوم

هەر کەتۆ ون بوویت من وابەربادم
هەمیشە نوقمی دەریای پڕ یادم

سلێمانی-١٩٥٨/٩/١٥

## پەیمانی درۆ

ئەوەندە چاوەڕوانم کرد
دڵم لە تاوا لەخۆی بورد
ئاوی چاوو ئەژنۆم داهات





واقی وڕم گێژم ئەکات
هەمیشە ڕووی نازەنینت
نیگاری جوانو شیرینت
وان لەبەر چاوم هەموو سات
چاوی گەشت سەیرم ئەکات
تەقەیەك بێ توند یان کەمێ
دڵم لەپڕ ڕائەچڵەکێ
یان هەرکەس لە دەرگاوە بێ
من بۆی هەڵئەسمە سەر پێ
وا ئەزانم تۆی نەشمیلی
تۆی ئاواتی دڵەی دیلی
کەدێتە پێش تۆنیت، گیانم
ئەچێتە یانەی پەیمانم
ئەڵێ کوانێ بۆ دیار نییە؟
من بە تەنیام چارم چییە
پەیمان ئەڵێ ووتی بەمن

**گەر بێتە ڕێم کۆسپو مردن**
**ئەو کاتە یەم دوا ناکەوم**
**چونکە بەبێ تۆ ناسرەوم**
**کەچی پەیمانی درۆ بوو**
**نەهات ئەوا کات بەسەر چوو**

سلێمانی -١٩٥٩/٢/١٤

## مەشخەڵی ئازادی

**مەشخەڵی ئازادی لە ئاسۆی بڵندی کوردەوە**
**بەخوێنی شەهیدانی کورد بڵێسەی بەرزکردەوە**

## پڕ بەدڵ

کوردستانی شیرینم
بیلبیلەکەی بینینم
ئاواتی تا دوا تینم
تاکو لەسەر زەمینم
ئەتپەرستم پڕبە دڵ
پەرستنێکی بە کوڵ
تۆی گلێنەی چاوانم
گیانم، ڕۆحی ڕەوانم
تا کۆتایی ژیانم
قۆچم بۆ تۆ قوربانم
ئەتپەرستم پڕ بە دڵ
پەرستنێکی بەکوڵ
هەموو کوردێکی دڵسۆز
بەختە لەڕێتا بە سۆز





ئەی نیشتمانی پیرۆز
مەڵبەندی تاقانەی هۆز
ئەت پەرستم پڕ بەدڵ
پەرستنێکی بە کوڵ
کوردستان سەربازی تۆم
بەرەو دوژمنت ئەڕۆم
گەر نەخۆم لە ژینی خۆم
هەر بەختو تەرخانی تۆم
ئەت پەرستم پڕ بە دڵ

پەرستنێکی بە کوڵ

سلێمانی-١٩٥٩/٣/٨

## دڵی زامدار

دڵەی زامداری کۆیلەی کۆست کەوتووم یادی تۆ ئەکات
بۆ خۆشەویست، بۆ ڕازی دەروون قوڵپ هەڵ ئەدات
لەسەر پەڕەی دڵ خوای خۆشەویستی نووسی "ئەی شیرین"
ناوی پیرۆزت هەتاکو مردن ژینم سەر ئەخات





## بەستەی هەستم

ماوەیەکە بیرو هۆشم لانەماوە
دڵو دەروون لەتاو دووریت حەپەساوە
جەرگیش شێوەی تۆی فریشتەی تیا کێشکراوە
ئەی ژیانو تاقە هیواو دوا مەبەستم
گەر دووریش بی هەرئەمەیە بەستەی هەستم
کە بانگ ئەکات، ئەتپەرستم... ئەتپەرستم

سلێمانی-١٩٥٩/٢/١٣

## هێزی جوتیار

ئێمە چینی جووتیارین
دژی زوڵمو زۆر دارین
ئاوەڵی  کرێکارین
خەبات ئەکەین ناسرەوین
تا دەست کەوتی مافو ژین
هەموو ئازاد پەروەرین
وەکو پشکۆو ئاگرین
هێزێکی قەت نەمرین
بۆ ئازادی نیشتمان
بەختین سەراپا گشتمان
بەرەو کۆشکی زۆرداران
مل ئەنێین بە هەزاران





تا تەخت ئەبێ وەك جاران
جا جوتیارو کرێکار
ڕزگار ئەبن لە زۆردار
ئەڕۆین بەرەو ڕووی مەبەست
هەموو دەست ئەدەینە دەست
بۆ ووڵاتێکی سەربەست
تاکو هەمووو ەك یەك چین
بە بەختیارانە ئەژین
دوژمنی خوای شەڕانین
هەموو ئاشتی خوازانین
بەختی ڕێی نیشتیمان
ژین بە ئاشتی بە سەر ئەبەین
خۆمانی بۆ بەخت ئەکەین
پەرژینی ئەمو ولا تەین
ئەیپارێزین هەتا هەین
کوردستانمان پێشئەئەخەین
ئەو ئەبێ بەجێی بڕوا

گەل لە پێناویا ئەڕوا

سلێمانی-١٣\٤\١٩٥٩

**وەکومن بە**

جوانی خوێن شیرینی دەم بە پێکەنین
تاقە ئاواتەکەم خونچەی هیوای باخی ژین
پرچی جوانی خورماییتو چاوە کاڵەکەت
ڕەنگ بەفرو خوێن، شێوە شیرین، لێوە ئاڵەکەت
دیلیان کردووم، پەکیان خستووم، هێز لێبڕاو خۆم
هەتا ئەمرم هەر چاوەڕێی ڕەحمو لوتفی تۆم
تۆش کە بویتە ئەو پەیکەرەی گشت هێزو هەستم
بلێ شیرین هەتا مردن تۆ ئەپەرستم
هەقی وایە تۆش وەکو من ڕوو لە وەفا بیت
ئەگەر توشی هەزارەها دەردوو جەفا بیت





سلێمانی-١٨/٧/١٩٥٩

**سۆزی کوردستان**

گـوێ لـەو بانگـەوازە بگـرن بانگتـان ئـەکا ئـەی گـەلی کـورد لـە ئێرانا....
ئــەی نەتــەوەی کــاوەی نەبــەز، ئــەی ڕۆڵــەکانی قــازیی کــورد لە ئێرانا....
ئەی ئەو جگەر سوتاوانەی خوێنتان ڕێژا بێ بەراورد
لە مەهابادی خوێنینا گەورەو بچوکتان لە خۆی بورد
لـە پێنـاوی سەربەسـتیا هـەزارانتان خـۆی فیـدا کـرد سـەریان دانا..
پاڵیان ئەنا بەرەوڕەوەی ژیانەوە بۆ پێشەوە
باکیان نەبوو لە زنجیرو بە ئەشکەنجەو ئەندێشەوە
لە پێناوی ئامانجەکەی کوردستانا بە ئێشەوە
سەریان دانا..

پێویستە ئێمەش بەرێگەی ئەواندا بڕۆین تا مردن
بۆ پاراستنی بەخت بین بەخوێن‌و سامان لە دوژمن
ژیان چییە گەر ڕای بوێرین بە زەلیلی‌و سەرشۆڕکردن
لە جیهانا؟..
موخابنە بتوێینەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی تر
هەوڵ نەدەین بۆ کوردستان بە دەروونێکی وەك ئاگر
ئەگەر دڵسۆز نەبین بۆ کورد حەیفە بژین ئێمە ئیتر لە جیهانا..
گوێت لەئاوازی دەروونی کوردستانی دایکمانە ئەناڵێنێ؟؟..
گوێت لەو بانگەوازەیەتی چەن بەسۆزو پڕ گریانە پێمان ئەڵێ..
(ئەی ڕۆڵەکانم یەك گرن تێبکۆشن سەراپا گشت
وەکو قەڵایەکی پۆڵا بۆ من‌و خۆتان ببنە پشت
چونکە ئێستاش هەناوە پارچە پارچەکەم کە خوێنی ڕشت ئەی دەڵێنێ..)





ئەی کوردینە موخابنە ئەو زامانە تیمار نەکەین
شوورەییە، دەردەکانی دایکی دێرینمان چارنەکەین
تەماشا کەن زامەکانی چەن ناسۆرە بۆ وا بکەین هەر بمێنێ؟..
ئەبێ ئاواتی دوا ڕۆژی ئێمەی کوردی دڵ پڕ بڕوا
یەك گرتنەوەی کوردستان بکەین بە بەرزترین هیوا
بۆی تێکۆشین بە تێکڕایی.. بە بڕوایەکی وەك پۆڵا هەر بمێنێ.

سلێمانی-٢/٤/١٩٥٩

**نەورۆز**

نەورۆز بڵێسەو مەشخەڵ‌و هەستە
جەژنە، باوەڕە، بەستەو مەبەستە

ژیلەیە، گڕە، پشکۆیە، تینە
خۆشیو شادیـیە، هیوایە، ژینە
بۆیە گەلی کورد بە ئاواتەوە
گشت ساڵێ یادی نوێ ئەکاتەوە

١٩/مارت/١٩٦٠

**سوێند ئەخۆم**

گیانە واشێت بووم لە دووری چاوت
بۆ شێوەی شیرین باڵای لاولاوت
ساڵو نیوێکە من لە تۆ دوورم





هێشتا نەمدیوە شێوەو سەڵاوت
ئێستا پەرێشان بۆ زەردەخەنەت
بۆ پێکەنینو ووتەی شەکراوت
دێتەوە بیرم ڕۆژانی پێشوو
یەجگارئەو ڕۆژەی کەوتمە داوت
شادیم نەماوە وەکو دێوانە
تەلیلە ئەکەم بەووشەی ناوت
ڕۆژی هەزار جار دڵ دائەخورپێ
یەتەوە یادم دڵەی جێماوت
هەمیشە ڕەنگ زەرد شێواوو نەخۆش
جەرگم لەت لەتە بۆ ڕووی ژاکاوت
هەموو ئەندامم تواوەو بێ هۆش
چەشنی فرمێسکی وەك باراناوت
زووخاو لەدەمم بەر ئەبێتەوە
ئەکی ˇشێ نەخشەی شێوەی شێواوت
هەتاکو مردن تۆ قیبلە گامی

دڵم نوێژ ئەکات بۆ دڵەی پاراوت
پاراو بە خوێنی خۆشەویستیمان
شایەتە گۆنای سوور هەڵگەڕاوت
سوێند ئەخۆم بەخوا بە دیدەکانت
بە قرچەو سۆزی جەرگی سووتاوت
هەتا ئەو کاتەی سەر ئەنێمە گۆڕ
هاوڕێ ی گیانیمە دڵەی ڕەنجاوت

بەغدا-١٩٥٧/٨/٢١

## یادی... یەکی ئایار

ئەی چینی چەکوش بەدەستان، ئێوە هێزێکی نەمرن
ئێوەن لە ناو میلەتانا بڵێسەو گڕی ئاگرن





بـۆ پـێش خـستنو یـەك خـستنو سەربەسـتی گـەلو نیشتمان
ئێوەن بنچینەی ئەو بیرە، کەواتە هەموو یەك گرن
ئێوەن کەوا هەر پێشڕەوی هەموو چینەکانی گەلن
بەرەی دژی سامان داریو جەنگ پەرستانی چەپەڵن
خەبات ئەکەن بەبێ ووچان بۆ ئازادیو بۆ ڕزگاری
تێ ئەکۆشن ڕاناوەستن لەسەر پێو ئامرازی هەلن
ئەمڕۆش کەیەکی ئایارە، جەژنی گشت کرێکارانە
یادی ساڵی-هەشتاوشەش و-مەرگی گشت زۆردارانە
یادی تێکۆشانی سەختو نەبەزینو کۆڵ نەدانە
یادی داوای ماف کردنو دژی سەرمایە دارانە
یادی مەرگی هاوڕێ(جۆرجو ئۆگستو ئۆدلسف فیشەرە)
یادی هاوڕێ یاسننزو ڕۆژی زوڵمو دەردی سەرە
یادی خەباتە لە دژی ئەو سەرمایەدارە گەورە
کەتا ئیستاش بۆگیرفانی مێملی ئاژاوەو شەڕە
ئەمڕۆ جەژنی ڕاستیتانە کە بەهێزی بازووی خۆتان

ئیسپاتتان کرد خاوەن مافن تێ ئەکۆشن بەبێ کۆڵدان
دەرتان خست بۆ هەموو دونیا پێشڕەوی گشت چینەکانن
لەناو هەموو چینەکانو هەموو گەلانی ڕووی جیهان
کرێکارانی نەبەزی کوردستانی قەت کۆڵنەدەر
لەگەڵ چینی زەحمەت کێشو جوتیارانی کوردا تاسەر
ئەمـــساڵیش وەك هـــەموو ســـاڵێك، ئـــەم جەژنـــە یـــاد ئەکەینەوە
هەرگیز دوژمنی بەرامبەر سەرمایەدارێتیو خوای شەڕ

بەغدا-١٩٥٩/٥/٢

## تا دوا هەناسەم

ئەو لێوەی کەوەك هەنگوینە تامی ژیانمی تیایە
ئەو کوڵمەی جێگای نگینە ئامرازی گیانمی تیایە





ئەو چاوانەی کە خومارە پڕ ئیلهامی یەزدانییە
قیبلەی کۆمەڵی دڵدارە کانگای تیری موژگانییە
ئەو نیشانەی لا ڕوومەتت نیشانەی هێزی پەیمانە
زەردەخەنـــەی ســـەر ڕووی گەشـــت تـــاوانی دڵـــی بووریانە
هەڵمژینی هەناسەکەت گیانم ئەبووژێنێتەوە
خۆ دەربڕینی ڕازەکەت خەمم ئەڕەوێنێتەوە
ژیانم بێ تۆ لا ژەهرە چونکە تۆی هێزی ژیانم
هـەر تـۆی بـۆ مـن بوویتـە بـەهرە بـۆ شـیعرو ئـاواتی گیانم
شەرتە تاکو دوا هەناسەم پەرستنی تۆ کارم بێ
تا ئەمێنێ جووڵەو تاسەم هەرگیانی تۆبەشدارم بێ

بەغدا-١٣/٧/

## هەڤاڵەکەم

نامەیەك بۆ هەڤاڵێك لە شام

**هەڤاڵ گیان، ئائەم کوردستانەمان**
**ئەم خاکە جوانەو نیشتمانەمان**
**ئێمەی تێکڕایی گرتۆتە باوەش**
**گۆشی کردوین بە خوێناوی گەش**
**بۆیە وا پشتاو پشتمان دلێرین**
**هەمیشە ئێمەی کورد شۆڕشگێڕین**
**نابەزین سەرمان دانانەوێنین**
**کۆڵ نادەین هەتا مافمان ئەستێنین**
**زنجیرو کۆتو کەلەپچەی دووژمن**
**هەڵواسین، لێدان، بڕینو کوشتن**
**ڕێگای خەباتمان لێ بزر ناکات**
**ئەگەر ئاگری دنیا بەرپا کات**
**وەك گەلاڕێزان هەمووهەڵوەرین**





**قەت تەرکی ناکەین هەر کورد پەروەرین**
**کۆڵ نادەین لەڕێی کوردا ناخەوین**
**دڵنیاین کەوا هەر سەر ئەکەوین**
**مێژووی خوێناوی ئەم کوردستانە**
**شایەتی ڕاستی تێکۆشانمانە**
**هەڤاڵ گیان، تەنیا تۆ نیت بێ نازبیت**
**لەجێی سۆزی کورد پێت بڵێن تۆ چیت؟**
**هەر تۆ نیت کەوا لە تامی ژیان**
**لە خۆشەویستی خاکی کوردستان**
**بەزۆر-نامۆیت پێ بکەن بەزۆر**
**لەبەری باخی خۆت قەت هیچ نەخۆر!**
**تۆ خاوەنی ئەم خاكو خۆڵە بی**
**تۆبی هەڵگری ئا ئەم کۆڵەبی**
**کە تێ بکۆشی بۆ ڕزگاری ئەو**
**هەوڵی بۆ بدەی بەڕۆژو بە شەو**
**زۆردارێك دوژمن بە گیانو ژینت**

زیاد کەری داخو ئێشو برینت
وەك هەڵۆ بێتە سەر نیشتمانت
هێرش بەرێتە سەر هۆی ژیانت
کولەکەی ڕۆحت بەزۆر بشکێنێت
تاکو بەتەنیا، هەر خۆی بمێنێ
سامانو بەرووبومی هەڵ لووشێ
لە خواردنیشا پەنجەی بڕووشێ
داخی دڵی خۆی بەکورد ئەڕێژێ
بۆی بلوێ خوێنی گشتمان ئەچێژێ
ناهێڵێ تاقمان ووتە ببێژێ
بە زیندوویەتی گشتمان ئەنێژێ
بەڵام گەلی کورد بەکەس نافەووتێ
بۆ ڕزگاری خۆی هیچ کات ناسرەوێ
دڵنیایە هەر ئەبێ سەربکەوێ
هەتا دنیاش بێ سەری نانەوێ
ئەو کارە قەڵبەی ئیمپریالیستان





لە مێژووی کوردا بوەتە داستان
کەوا بوون بەهۆی پارچە پارچەیی
بۆ بەرژەوەندی، بەبێ بەزەیی
هەر لەتیان دایە دەستنۆکەرێکیان
نەتەوەی کوردیش دوور بێت لەژیان
ژیان هەر مانای زیندوویی نی یە
کەسەربەست نەژیت ژینت بۆچی یە؟
کەواتە ئەوە ئیسپاتە تەواو
ئەو پارچە پارچەی ئەبینین بەچاو
دەستکردی دەستی داگیرکەرانە
کوردستان هەر یەك پارچەیە گیانە
هەڤاڵ گیان، ئەوەش بخەرە بەر چاو
بیگەیەنەرە ساواو  پیرو لاو
گەلی کورد دۆستی هەموو گەلانە
برای گەلانی ئاشتی خوازانە
دوژمنی تێکرا ئیمپریالیستە

مێژووی میللەتان شایەتی کوردە
کە پشتاوپشتی نەبەردو کوردە
هیچ کات بۆ چاکی کاری دوژمنان
بۆ ئیمپریالیست یان بۆ خوێن مژان
کاری نەکردووەو دور بووە لەوە
بەڵکو لە دژیان هەر بۆ پێشەوە
سنگی داوەتە بەر گوللەو شەست تیر
بۆ فەوتاندنیان بە ڕاو بە تەگبیر
هەرگیزاو هەرگیز هەر تێکۆشانە
لە دژی دوژمن کۆڵی نەداوە
مێژووی گەلانی ڕووی ئەم جیهانە
شایەتی ڕاستی گەلەکەمانە
سلێمانی - ٤-٨-١٩٥٩

## شیرین

شیرین لە دووریت شادیم نەماوە





گیانو هۆشو دڵ واقیان وڕماوە
چاویش لە ڕێتەو هەر چاوە چاوە
بۆ بینینێکی شێوەی شیرینت
ئەوەن گریاوە، گۆمی خوێناوە
دڵ پەستو کەیلەو هۆشی بڕاوە
خوێناوی گەشی ئێستا زوخاوە
دووریت ئاگری وا تێ بەرداوە
کڵۆ کۆی دامرد، وابوو بە زوخاڵ
هەروایش "ئەی شیرین" ئەکا لەلاوە
شیرین، ژینی من بە تۆوە ماوە
ناوی تۆ لەگەڵ خوێنما تێکلاوە
لەناو ئێسقانو گیانا ڕواوە
بۆیە بەبێ تۆ ژینم ستەمە
گیانم لە ژیانم ووڕەی بەرداوە
بەغداد-٣٠-١-١٩٦٠

## ڕۆژێك ئەبێ

کوردستانێ کەیەك پارچە بورکان بێ ڕووبەڕووی دوژمن
دارو بەردی خوێناوی بێ بەهی باوو باپیری تۆو من

**شاخ‌و گردو دەشتەکانی ڕەنگی خوێنیان بواردبێ**
**لە جیاتی بارانی سرووشت خوێنی شەهیدیان خواردبێ**
**کە لەڕێی سەربەستی ئەوا ڕژێنراوە بێ سڵ کردن**
**بێ ترس لەژیان گیان‌و بێ ترسان لە ووشەی مردن**
**ڕەنگی سووری خوێنینی گەش درووشمی تۆڵەی کورد بێ**
**لە هەڵمەتیا بەرەو دوژمن نەترس نەبەز چەشنی کورد**
**بێ**
**ڕۆژێك ئەبێ لە پڕ هەڵچێ ئەو لافاوی خوێنە سوورە**
**شەپۆل بدات، دوژمن دەرکات، هەرەس بێنێ بەو سنوورە**
*.......................................................
**بە کوێرایی ئیمپریالیست ئاڵای ئازادی هەڵبکات**
**چونکە گەلێ کە ژیانی هەر خەبات بێ قەت نامرێ**
**ئەبێ ڕۆژێك بێ باکانە چارەنووسی خۆی وەرگرێ**
سلێمانی- ١٩٥٩/١١/١٦

***ئەو نیو بەیتەی ڕەقابە قەدەغەی کردووە**





## بەرەو سەربەستی

پێشکەشە بەو خوشك‌و برایانەی دژی کۆنە پەرستی ئەجەنگن
کچ‌و کوڕ خوشك‌و برا با تێکۆشین
**ئاوی ئازادی بنۆشین**
**کۆنەپەرستان بفرۆشین**
**بەچاڵ وگۆڕ**
**گشت بنێینە گۆڕ**
**کوڕ: وەرە خوشکم لەگەڵ خوشکان**
**با هەموومان شان بەینە شان**
**تێبکۆشین بەدڵ‌و بە گیان**
**بێ جیاوازی**
**بە شانازی**
**کچ : برام ئێمەش، گشت ئافرەتین**
**کە گشت هەوڵمانە بۆ مافتان**

دایم ئەبینە پاڵو پشتتان
بـەبێ وەستان
مـاوەی ژیـان
کوڕ: کۆنەپەرستو گشت یاسای
ئەقڵە بێ فەرەکەی ئەوسای
گشت پێ ی ئەڵێین واتۆ تاسای
ئێمەی بـەتین
تـۆ ئەکوژین
کچ : ئیتر پیـاوانو ئافرەتان
شان بە شان تاکو دووا زەمان
خەبات ئەکەن خوشكو برا
بـۆ ئازادی
ڕۆژی شادی
کوڕ: با دەست بگرین بە سەربەستی
تێبکۆشین بـە بێ سستی
بۆ فـەوتی کۆنەپەرستی





بووینە یـەك چـین
تێ ئەکۆشـین
کچ: تـێ ئەکۆشینو نـابەزین
بەرەو ڕووی ئـازادی ئەچین
کچو کوڕ وەکو یەك ئـەژین
بـە تێکڕایی
بێ جیایی

سلێمانی-١٩٥٨/١٢/٣

## جووتیار

کاکی جوتیاری هەژاری بێ دەسەڵاتی چەوساوە
ڕەنجت کێشا ماوەی ژینت بە بێ کۆڵدان لە ئەوساوە
نەوەك ئێستا، بەڵکو ئەوەتەی  کە هەی لە ژیانا
یاخود ئەتوانین بڵێین... کە سەرت لەهێلکە جووقاوە
هەر کردەی تۆو بردەی زۆرداری چەپەڵە بێ بەزەیی
ویژدانی مردووی پێی ناڵێ، ئـەم هەژارە پڕووکاوە
ئەمە وەرزێکی ڕەبەقە بە پێمـەڕەو پاچو گاسن
هەوڵ ئەداو هیـلاك ئەبێو خۆی خستۆتە لاوە
تەنیا هەر هەوڵی گیرفانو بەرژەوەندی جەنابێتی
ئیتر هەقی نی یە ئەگەر ماڵو مناڵت سووتاوە
زۆر ئازارو سزای وەهات چەشتو خستتیە هەژاری
ئێستاش وورەی ئەو چەپۆکەی کە ئاغا بە سەرتیا داوە
بەڵام مژدە بێ ئەمڕۆکە نۆرەی ژینـی تازەو نوێتە





ئەو زۆرداریو چەوسانەوەو بێگارە فورسەت نـەماوە
ئـەمڕۆ ئـازادو سەربەسـتی ژێـر دەسـتەی هـیچ مرۆڤێـك
نیت
واش بزانە ژینی تازەت لە تەمووزەوە نووسراوە
چونکە ژینی کۆیـلایەتی بە ژینی ڕاستی ناژمێرێ
هیچ کاتێ هیچ کەس بە ژینی ڕاستی لە پێنووس نەداوە
ئـەوەی پێویـست بـێ لـە سـەرت بـانگی هـەموو جووتیـاران
کە
لەم کاتە هەلەدا کەوا زۆردارانی تیا تاساوە
لەگەڵ کاکی کرێکارا تۆ داسو ئەو چەکووش بە دەست
ئیسپاتی کەن کارکەرانی کوردیش هیچ کات نەوەستاوە
بەڵکو وەکو چینەکانی گەلانی ڕووی ئەم جیهانە
بۆ ڕزگاری بە هەزاران قۆچی قوربانیـان داوە

سلێمانی-١٩٥٩/٥/١٧

## كچە لادێـیی

كچە لادێیـی شیرین تر لە مانگ
پەریت ناگاتێ بە برۆو برژانگ
پرچـی درێـژت بە وێنەی ڕەشمار
بەسەر ناو شانتا هاتوەتە خوار
ڕومەتی ئاڵت وەكو سوورە سێو
زەردە خەنەكەت نیشانەی لای لێو
ملوانكەی مێخەك لەگەڵ مووررووی شین
گەلێ جوانترن لە خشڵی زێڕین
بوویت بە قیبلەی لاوی دەرو شـار
چونكە جوانیەكەت خوا كردەو بێ كار
نە بە دەرمـانو نە سوورو سپیاو





نە هەڵگرتنی ڕوو بە شریـتو داو
وا ڕێكو پێكیت، جوانی خـوا كردە
بوویت بە ئاسكی لە من ڕاكردە
تووخوا ئەی جوا ن لە من وێـڵ مەبە
فیری ڕمبازیو مەكرو فێڵ مەبە
چونكە وێڵی جوانی خـوا كـردم
تووشی تۆ هاتم... هەناوت بردم
ئێستاش ئەم دەشتو كێوەم ئەگـێڕی
باخچەی دەروونم بە سـۆ ئەدێری
منیش هەتاكو تینم تیا هـەبێ
بە دواتا وێـڵم تا هێزم ئەبێ
ئینجا كەواتـە ڕوویەكم تێكە
بە چاوی جوانت زامێـكم لێكە
با نیشانە بێ بۆ یادگاری
لەسەر سینەما بە وێنـەی دیاری
هەتاكو ئەمرم هەر بكولێتـەوە

شێوەی جوانی تۆی پێ بیربێتــەوە
بەغداد ١٩٥٧/٨/٩

**ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە**

پێــشکەشە بــەو هەڤاڵانـــەی کـــە لـــە کوردســـتانی ئێرانـــەوە هاتوون:

هەڤاڵانی خۆشەویستو هاو نیشتمانی بەڕێز
بیرو باوەڕ پتەوانەی نەبەزانەی باوەڕبەڕێز
بـە دڵێکی پڕ لە سۆزی زەلیلی گەلی کوردەوە
پێتان ئەڵێم سەرچاو هاتن هەڤاڵانی شۆڕش ئەنگیز
سەرچاو هاتن نەوەکانی قازی  محمدو سمکۆ
ڕۆڵەکانی مەهابادو شاری بانەو کێوی بەلو
کۆرپەکانی کوردستانی دابەش کراوی بەش خوراو
خەباتکەرانی کۆڵ نەدەر دلێرانی کۆنو ئەمڕۆ
ئیمپریالیست بێ چاوو ڕوو گەیانینیە ئەم ئەنجامە





نیشتمانی داگیرکردین، دابەش کردین، بەو مەرامە
نۆکەرانی لەسەر وورگو نیشتمانی ئێمە بژین
ئیـــستاش وەکـــو پێـــشین ئـــەڵێن "مـــاڵ لـــە خـــاوەن مـــاڵ حەرامە"
بە زەبری سونیو کوشتنو زنجیری ناو بەندینخانە
بەهێزی ئاغای گەورەیان، بە هێرشی دڕنـدانە
بە لوولەی ڕەشاشو تۆپو ئۆتۆماتیكو تفەنگ
کوردستانیان کرد وەتە بنکەی جەنگی بۆ بێگانە
تا لەتوانایانا هەبێ، ئەیانەوێو هیوایانە
بە زۆرو بە پاڵە پەستۆو بـە خەڵەتانو ئەفسانە
میللەتی کوردی خەباتکەر دەرپەڕینن چۆنیان توانی
خاکی پیرۆزی کوردستان بکەن بە جێی جبەخانە
بەڵام گەلی کوردی بە جەرگ بە هاژەو هوژەی نـاپاکان
دەرناپە ڕێ، ئەو خەیاڵە سـەرناگرێ بۆ هیچ کامیان
چونکە گەلی کوردی ئازا لە خەوی سستی هەڵساوە
دوژمنی وەك ناپاکانی چواردەی تەمووزە ئەنجامیان

چونکە ئەوە لەبەر چاوە لە کۆنەوە هەتا ئێستا
کە ڕەوڕەوەی مێژووی گەلان ئەڕواو هیچ کاتێ
نەوەستاوە
ڕەوڕەوەی نەتەوەی کوردیش ناوەستێو قەت نەوەستاوە
هەر ڕۆژێك یەت لەپڕ بڵێن ئەها نەتەوەی کورد هەستا
ئەو سنوورەی ئیمپریالیست نەخشەی کێشا هیچی نەما
ئەو قەڵایەی کە لەدژی ئاشتیو ئازادی بوو ڕما
دوژمنەکانی گەلی کورد کوژران، تۆپین گشت ڕاکێشران
ئێستا، ئا، ئەو کوردستانەی کە نوقم بوو لە سۆو خەما
یەکی گرتەوەو پێی ئەووترێ کوردستانی مەزنی کورد
شا دیو خۆشیو بەختیاری بڵاوە بۆ درشتو وورد
بە سەربەستی گەلی کوردی جەفاتێیدا ئەژی بۆ خۆی
ئەمە بەرهەمی ئەوەیە کەوا لە ژیانی خۆی بورد
ئینجا ئەی هەڤاڵانی گشت، پشتیوانی ئێمەی نەسرەو
ئا ئەو ڕۆژە لە پێش چاوە بۆ من وتۆی باوەڕ پتەو
کە مادەم هیچ توافەتمان نەبێ منو تۆی کورد پەروەر





هەردوو لە پێناوی کوردا لێمان تاڵە ژیانو خەو
ئەوەشمان باش لێ دیارییە کە ئەو سنوورەی کێشراوە
دەست کردی دەستی ناپاکی ویژدان نەماوو تۆپاوە
ئێمەش لەو هەر چوار کەرتەدا جیاوازیمان نییە وەك
یەك
دەروونو هەناوی گشتمان بەو ئاواتەوە سووتاوە
کەواتە هیچ دڵگیر مەبن ئێرە بێ یان شوێنێکی تر
هەر نیشتمانی هەمووانەو کوردستانی کوردی نەمر
بەتایبەتی شا دی ئێمە ئەوەیە بەهاتنی ئێوە
کە ئەو باوەڕەی هەمانە زیاتر ئەبێ وەکو ئاگر

سلێمانی-١٩٥٩/١١/٢٣

## كوردينه بۆچى

كوردينه بۆچى پەرژو بلاّون؟
لەناو خۆتانا لـە يەك بڕاون؟
يەك گرن هەموو ئـەوا درەنـگە
نووستوويى نەما وا كاتى جەنگە
بـەرەو دوژمنتـان بە هـەڵمەت ڕاكەن
لە جيـاتى دەرزى سووژنيان پياكەن
تـاكو بزانن كـار بـەزۆر نـابێ





دوا ڕۆژى زۆردار، ئـەبێ ڕسـوا بـێ

٢١/مارت/١٩٥٨

## ئەت پەرستم

ئەى كۆترى ئاشتى، ئەى لەنجە شيرين
ئەى ڕەزا سووكى دەم بـە پێكەنين
ئەى پەرى جوانى ئـاواتو هيـوام
ئەى گلێنەكـەم ئـەى هێزو توانام
بۆ تۆ سووتاوو جەرگـم قرچاوە
بـۆ بينينێكت هۆشم نەمـاوە
بۆيـە هەميشە وام بە دواتەوە

ئـارامم نـی یـەو تاس ئـەمباتەوە
چاوت تێ ئـەبرم بـە دڵی پرسۆ
وەك لە جیهاندا بە تـەنیا هەرتۆ
هەبێتو هیـچ کەس نەبێ لە دنـیا
کـە بـی پـەرستـم یان دایی من بـا
تۆش ئـاگادار نیت کە چۆن سووتاوم
چۆن لەت لەت بووە جەرگو هەناوم
نیـمە دەسـەڵات لە ئـەوە زیـاتر
کۆیلەییت بکەم  لەمەولا ئیتر
ناوت وەکو وێرد بێتـە مـەبەستم
لەیەزدان زیاتر تۆ بپەرستم





**نەورۆز**

ئەمرۆ جـەژنە پیرۆزەکەی کوردستانە
جەژنی نەوەی کاوەی شێرو قارەمانە
هەرچەن ئەبێ هەموو ڕوو خۆش جەژن بکەین
بەڵام دڵی زامـداری مـن پەرێشانە
جەرگە بۆ کـورد قرچاوەکەم وا سووتاوە
ڕێگام نادا بـە ڕیایـیو درۆزنانە
جەژنـە پیرۆزەی سـەربەستی لەترسی خەڵك

له كورد بكەم وەهـاى دەرخەم ئەو قسانە
هەمووى ڕاستەو جەژنەكەمان بە ئارەزووى
دڵو هەوەسى دەروونى هەموومـانە
چونكە گەر بێینە سەر ڕاستى، میللەتى كورد
هەتا ئێستا جەژنى نەكردوە، بـزانە
جەژنى نـەورۆزى ئاگرى بە كڵپەى دلو
سۆزى دەروونى خـەڵكى ئـەم نیشتمانە
نەكرێتـەوە تامى نییە گەر یەك دوو دار
گڕ تێبەردەى وەكو یـارى منالآنـە

٢١-مارت-١٩٥٨





## دڵدارى ڕاست

دڵێك بە پشكۆى گڕى دڵدارى باش باش نـەبرژێ
كڵپەى دەروونو بڵێسەى هەناو شەوقى نـەكوژێ
تـەمەنى زۆرى ئەو دڵدارى یە یەك دوو ڕۆژیكە
زەرووى دەم تیژى ڕووى بـێ وەفایى تامى ئەمژێ

دڵێك به چەقۆی دەردی مـەینەتی توێ نەكرێتەوە
بە خوێنی دڵداری بە ساجی جگەر سوور نەبێتەوە
مەیل‌و شیرینی‌و تامی خۆشیان هـەتا بەینێکە
ئیتر لەوەو لا بێ دەردی سـەری بیر ئەچێتەوە
نزوولەی دڵەی زامداری منیش پڕ بە سۆزی گیان
ئـەوەیە ئەڵێ مەرجە هەتـاكو دووا جووڵەی ژیان
خۆم بێ بەری كەم لە دڵداری‌و هیـچ كات نەمەوێ
گەر ڕایشی گـرم دڵی بۆ هاوكار ئـەبێ بە پەیمان
لە خاوەنەکەی وەهای وەرگرم کە بی برژێنم
بە سۆزی دڵ‌و بە ساجی جگەر هەڵی قرچێنم
تاكو ببیتە نموونەی دڵان لـەم ژیـانەدا
تۆڵەی هەزاران بێ وەفایی ژیان لـە ئەو بستێنم





سلێمانی -٢٥-٣-١٩٥٩

## زۆرت بـیردەکەم

سوێند بێ بەپرچی خورمایی جوانت
بە چاوی گەش‌و ڕووی نازەنینت

به گۆنای سووری وەك ئەرخەوانت
به خۆشەویستیو شێوەی شیرینت
به ڕۆژو به شەو هەروای له یادم
وای لەبەر چاوم زۆرت بیردەکەم
له دووریت ئەوەن پەستو ناشادم
وەك کۆیله بەرەو ڕووت کڕنووش ئەبەم
بەڵام کەی ئەوە مانای وەفایه
که هەر نەتبینم شێتی بینین نم
به گشت مانایەك دڵدارکەی وایه
یەکیش نەبینین گیانی شیرینم
٣-٧-١٩٥٩

### یادی نەورۆز

ئەمڕۆ ڕەنگی گەشی خوێنین     بەری ئاسمانی
گرتووه





گشت ڕووی کوردستانی شیرین     ڕەنگی ئاڵی لێ
نیشتووه
سەیری ئاسۆی کوردستانی کەن     زەردو سپیو
پەمەییه
سەیری دەشتو چیاکان کەن     ڕەنگ سەوزێکی
قەرسیلی یه
ئەڵێی سرووشت له ئەزەلا     ئەم بەرگەی پێ
سپاردوه
یان بەڕەنگی خوێن هەروەها     ڕەنگی ئاڵی لێ
نیشتووه
ئەوەش هەمووی کڵپەی خوێنی     شەهیدانی
کوردستانه
وا تیشکی سووری بزوێنی     لەسەر ڕووی ئەم
نیشتمانه
بڵاوەو پەخشان بۆتەوە     بەسەر دۆڵ ودەشت
وەهەردا

ئازادی کۆکردۆتەوە لەناو دڵ وهۆش
وسەردا
بە تایبەتیش ئەمڕۆ جەژنە جەژنی گشت
کوردەوارییە
کوردستان بە هەمە چەشنە ڕازاوەیەو بەختیارییە
یادی نەمانی بەڵایە لەگەڵ ڕووخانی
بێداری
یادی هەڵکردنی ئاڵایە بەسەربەستی‌و
بەئازادی
شەهیدانیش بێ بەش نابن لەم جەژنە خۆشە
پیرۆزە
یان وەنەبێ بێ ئاگابن کە ئەمڕۆ جەژنی
نەورۆزە
ئەوەتانێ ئا ئەو ڕەنگە کە کوردستانی گۆڕیوە
کە ئێستا پێ ی شۆخو شەنگە وا بەو جۆرەی کەس
نەیدیوە





ئەوە ڕەنگی خوێنی سووری تێکڕا گشت
پێشمەرگەکانە
بۆ ئاواتی ئێستا ودووری خەڵکی ئائەم کوردستانە
ناردوویانە بە جەژنانە چونکە ئەوانیش
هەرزیندوون
ئەوەش درووشمی بیریانە کە لە پێناویا بەخت بوون
لەسەررزگاری کوردستان وەك شێر جەنگان تاکو
مردن
بەڵام مێژووی ژینی بەرزیان هەر ئەمێنێ‌و قەت
نامرن
ئەم نەورۆزە کە ئاگرەکەی زیاتر ئەبێ‌و ناکوژێتەوە
گشت ساڵێ لەنوێ یادەکەی زامی کورد ئەکولێتەوە
چونکە گەلی کوردی دلێر بە یادیا دێت کەوا کاوە
هەڵمەتی چۆن برد وەکو شێر ژیانی خۆی خستە لاوە
گەلی چەوساوەی کۆمەڵ کرد تێ ی گەیاندن تاکەی
کەوا

به خێزان‌و درووشت‌و وورد　　بچێژن کۆیلەی‌و سزا
تێی گەیاندن کە نەهەژار　　نە ڕەنجبەرو نە کرێکار
نە پاشای قەڵبی خوێنەخوار　　یا وەزیرو یاخود جوتیار
جیاوازیان نییە تۆزێك　　هەموو وەك یەك گیان لەبەرن
هەموو مرۆڤن لە هۆزێك　　بێ جیاوازی گشت بەشەرن
بۆچی مرۆڤی بە بەها　　کەهەر وەك ئەویش بەشەربێ
بڕوا لە ڕێ ی ئەوا هەروا　　یان بۆی توشی دەردی سەربێ
ئەویش نەك تەنها خوێنخۆربێ　　بەڵکو پیاو خۆرێك بێ ویژدان
ئینسانێك بێت زوڵمی زۆر بێ　　گەل بخاتە گەرووی نەمان





پێوستە گەل وەکو بورکان　　بتەقێ‌و تاراجی تێك با
دەستی کەوی ماف‌و بافتان　　ئاڵای ڕزگاری هەڵ بکات
لەناو خۆدا وا ڕێك کەوتن　　کە کاوەی نەبەزو نەبەرد
کاتی شۆڕش بۆ سەرکەوتن　　بچێتە سەر شوێنێکی بەرز
ئاگر بکاتەوە بۆیان　　هەر کاتێ شەوقیان بەدی کرد
بزانن ئەوەیە نیشان　　بەرەو کۆشکی زۆردار بەگڕ
هێرش بەرن بەبێ بەزین　　هەتا قەڵای زۆر ئەڕوخێ
دەست هەڵنەگرن بە گیان‌و ژین　　بکرن، هەڵبێنن ڕۆژی نوێ
جا لەم ڕۆژە پیرۆزەدا　　کاوە ئاگری کردۆتەوە

هێرشیان برد لەم ڕۆژەدا    بە درشتو بە ووردەوە
کاوەی نەبەزئەو پێشڕەوە    بە چەکوش لە بەریانەوە
ئەیووت ئەی گەل بۆ پێشەوە    دنیای گشت ئەلەرانەوە
هەموو گەیشتنە سەر ئەژدەها    هێرشیان برد کۆشکیان ڕووخان
کاوە خۆی گەیاندە زووحا ك    یەخەی گرت وتوند ڕای وەشاند
قیژانی بەسەریا وەك شێر    ووتی زۆرداری نا پەسەند
چەند لاوی نەبەردو دلێر    تۆ نەمامی ژینت هەڵکەند
دوێنێ ڕۆژی تۆ بوو ئەمڕۆ    ڕۆژی گەلە پیسی ناپاك
بڕوانە گەلی دڵ پڕ سۆ    چۆن دێنە سەر کۆشکی زووحاك
ئەمڕۆ داخی دڵیان هەموو    بە تۆ ئەڕێژن هەی بەد فەڕ





تازە ژینی تۆ بەسەر چوو    بەو جۆرە ژین نابەیتە سەر
هیچ زۆردارێك لەدەستی گەل    ڕزگاری نابێو هەر ڕۆژێك دێ
گەل وەك تۆ بیکات لەتو پەل    ڕۆژی ئازادی لێ هەڵبڕێ
ئەمەی ووتو چەکوشی دەستی    لێ هەڵبڕیو هاواری کرد
بژی ژیانی سەربەستی    بۆ میللەتانو گەلی کورد
بە چەکوشەکەی بەربووە سەری    ئەژدەهاكو بەگشت تینی
پڕژانی مێشکی بێ فەڕی    دیسان بانگی کرد بە ژینی
گەلو مردن بۆ زۆرداران    ئێمەی کورد نامرینو ئەژین

زووڵم ببارێ وەك باران    خەبات ئەکەین بەرگەی ئەگرین
هەتا تۆڵەو مافی خۆمان    ئەسەنین‌و سەرئەکەوین
ئەگەر دامان ناوە ژیان    قەت نابەزین‌و نانەوین
ئەمرۆش کەوا، وا ئازاد بووین    ئەکەین بەجەژنێکی پیرۆز
وا بەرەو ڕۆژێکی نوێ چووین    ناوی ئەنێین جەژنی نەورۆز
ئینجا ئێستا ئا ئەو یادە    کەوا یادی ئازادییە
جەژنێکی پڕ سۆزو شادە    جەژنی گشت نەوەی مادییە
جەژنێکە هەتا هەتایە    هەر ئەمێنێ‌و لە بیر ناچێت
هەتاکو دنیا دنیایە    کڵپەی زیاد ئەکاو کەم نابێت
جەژنێکە تێکەڵ بە گیانە    تێکەڵ بە خوێن‌و ئێسقانە





بزوێنەری خەباتمانە    هۆی بەرز بوونەوەی ژیانە
جەژنێکە میللەت پێشخەرە    مەشخەڵە بۆ کوردستانمان
جەژنێکە بیرو باوەڕە    بۆ ڕزگاری نیشتمانمان
لەبەر ئەوە هەموو ساڵێ    گەلی کورد بە پەرۆشەوە
گەورەو بچوك لە گشت ماڵێ    بەدڵێکی زۆر خۆشەوە
لەهەر چوار قوڕنەی کوردستان    ئەیکەن بە جەژنی بەختیاری
گەش تر ئەبێ گوڵی ژیان    بەهیوای بەرەو ڕزگاری
نەورۆز کەوا ئەو جەژنەبێ    کە کورد شانازە بە بوونی
یاخود ئەو ڕۆژە نوێ یە بێ    کە قەت نییە بەسەر چوونی

یان ئەوەبێ کە گشت جارێ     گڕی خەبات زیاتر
بکات
کورد پەروەری لێ ببارێ     باوەڕ فراوانتر بکات
ئەو ئاگرە ناکوژێتەوە     گشت کوردستان
ئەگرێتەوە
بە هیچ کەس کز ناکرێتەوە     تابێ بەرزتر
ئەبێتەوە
کوردیش هەر گڕی خۆش ئەکات     بۆئەوەی ئەم ڕۆژە
نوێیە
یەکی بخات پێشی بخات     چونکە دڵی لەتو
توێیە
بۆیە ئەڵێ هەتا مردن     منی کورد هەر خەبات
ئەکەم
ئامادەم بۆ لەخۆ بووردن     تا نیشتمانم یەك
بخەم
ئەم جەژنەش کە نیشانەمە     لە ژیانا جەژنی منە
ئاواتی ئەم ژیانەمە     کوێر کەری چاوی
دوژمنە





بۆیە ئەڵێم تا دوای ژیان     ئەی کوردی دڵ پڕ سۆو
سۆز
با بژی جەژنی کوردستان     جەژنی نەورۆز جەژنی
نەورۆز
١٧-٣-١٩٦٠

## ئێمەو ئەو

گیانە لە تاوت شێتو شێواوم
بێ تینو تواناو هۆشو هەناوم
لەتاوی دووریت جەرگم لەت لەتە
وەك نە تەوەی کورد دیلو داماوم
ئەو نیشتمانی بەش بەش کراوە
منیش جوانی تۆم لێ دوور خراوە
ئەو هەوڵ ئەدا یەك بگرێتەوە
منیش وەك ئەوم بۆ خۆم داناوە

یەك بگرینەوە منو تۆی نازدار
قۆڵی لێ هەڵکەین بە جووتە بۆ کار
لەگەڵ کاروانی کوردی قارەمان
ملی ڕێ بگرین تاکو جێی هەوار
٧-٣-١٩٥٩ سلێمان

## هەر منو شیرین

هیچ کەس نەما، کەوا بەختیاری سەری لێ نەدا
دڵخۆشی نەکا... ژینی سەر نەخا لەم جیهانەدا
مەگەر ئەوانەی وەك من کلۆڵن، وەك من کەساسن
لە دەریای خەما نوقم بوو بێتن شادی نەناسن
ئەگین بەختیاری بەڕیزدنیای گرت کەسی هەڵنەبوارد
چووە لای گشت کەس بەپێی تونا شادی پێ سپارد
منو شیرینش وەکو ئەم خەڵکە هەر چاوەڕوان بووین
بۆ پێشوازی چۆنی لێکمان ئەداوەو بۆی بێ وچان بووین
کەچی کاتێك هات ئێمەی هەڵبوارد بەو گشت هیواوە





هەرچەن بانگمان کرد بگەڕێوە نەگەڕا دواوە
ئەو بێویژدانە منو شیرینی وا بەجێ هێڵا
بێ کەس لە دەشتی کاکی بە کاکی بێ هیوای چۆڵا
لەجیاتی خۆشی پەستیو ناخۆشی بەخشی بە ئێمە
بێ ئەوەش، یەکەی هەڵداینە جێیەك لەم دەشتە دێمە
کەرکوك١٥-٦-١٩٦٠

## بەرەو ڕزگاری

لەسەر زاری هەڤاڵی شەهیدی خەباتکەری کۆڵنەدەر "ئەمین بانی" وتراوە. کە ژەندرمە بێ ویژدانەکانی تورکیا لەبەندینخانەدا لەژێر سزادا کوشتیان...

لەژێر سزادا... لە زیندانی تەنگ
لە ژووری تاری بێ ترووسکەو دەنگ
لەگەڵ شریخەی قامچی لەسەر لەش

که دروست ئەکا هێڵی شین‌و ڕەش
که برینەکان ئەکولێنێتەوە
سوێ نوێی سەر لەنوێ تێ یەنێتەوە
ئازارو ژانی، وا، تێ ئەزێنێ
لەدەروون کسپەو سۆ هەڵئەسێنێ
لەگەڵ فەلاقەو داخ‌و هەڵواسین
لەگەڵ کاروانی لێدانی بەتین
کە لەش کفت ئەبێ‌و شین هەڵئەگەڕێ
بزمەتەی کۆنی لێ هەڵئەوەرێ
یان لەگەڵ شیشی بە پشکۆ سوورا
کە ئەچزێ بەسەر گۆشتی جەسوورا
قرچە قرچ گۆشتی سوور ئەبرژێنێ
گۆشت‌و پێست‌و موو گشت ئەسووتێنێ
یان کە لەش هەمووی خەڵتانی خوێنە
دڵیش شکستەی قسەو جوێنە
ئارەزووی ژیان لە ژین تۆراوە





ڕویش لاواز بووەو ڕەنگی بڕاوە
لەگەڵ ئەو هەموو ئێش‌و ئازارە
کە گیان لە ژینی وا سەخت بێزارە
من هاوار ئەکەم تا هیزم تیایە
هاوارێکی بەرز پڕ بەم دنیایە
ئەڵێم "نابەزین" سەر نانەوێنین
مافی بەند بوونمان لە بن دەردێنین
بێ باکین وەك زێ خوێن ئەڕژێنین
هەتا ئازادی خۆمان ئەستێنین
ئەم لەش‌و لارە ئەم ژینە سەختە
کە خۆی لەمێژە هەر قۆچ‌و بەختە
قۆچی ڕزگاری کوردو کوردستان
کە زۆر زیاترن لە گیان‌و ژیان
هانێ کوردستان گیان‌و گشت لەشم
هانێ ژیانم ... با پێت ببەخشم
با بین بە پرد ... ببن بە ڕێگا

ببن بە ڕێباز کوردی پیا بڕوا
ڕۆیشتنێك یەکسەر بێ گەڕانەوە
بەبێ لادانو ئاوڕ دانەوە
کەوا ببیتە ڕۆینی یەکجاری
ڕووەو ئازادیو بەرەو ڕزگاری

بەغداد -١١-٦-١٩٦٠

## پەرێشانم

شیرین گیان ئێستا وا شەو درەنگە
شار کشوماتو بێ وورتەو دەنگە
مەگەر یەکێکی وەك من دەردەدار
خۆشی بووبێتە سزاو سوو ئازار
چاوی بەخەویش نەبینێ خەوتن
لەتاوی دەردی، تل بات وەکو من





ئەگینا گیانە کەس نییە ئێستا
وەك من تا فەردا هەر تلاو تل کا
جا گیانە، شیرین، خۆیشم نازانم
بۆچی بەو جۆرە وا پەرێشانم

بەغداد-١-٢-١٩٦٠

## مەینەتی دڵ

لە تاوی کاسو ووڕی خۆم قاچم نەبوو بۆی دانیشتم
بەسەر سامیو پرسیارەوە ئەموت بۆ هۆش بەجێی هێشتم
جێی نەماوە یان بەند نابێ لە دیواری ژینا خشتم
یان کردەوەی بەدکارانە کەوا مەلی هیوای کوشتم
یان مەینەتی ڕۆژگارە شکانی بڕبڕەی پشتم

نەك داخی خۆی بەڵكو داخی هەرچی دنیایە پێی ڕشتم
بەڵام وا ڕاستیم بۆ دەرکەوت کە ئەمانە هیچی نییە
هەر بێ وەفایی شیرین بوو کە مردنی نایە مشتم

کەرکوك- ١٦-٦-١٩٦٠

## هـاوبەشی خەمتم

گیانە هاوبەشی خەفەتو خەمتم
هاوبەشی زاریو پەستیو ماتەمتم
چونکە هەناوو دڵو هۆشی تـۆ
ژیانی خۆشی یان ناخۆشی تۆ
هەمووی هی منە چونکە یەك لەشین





یەك دڵو گیانو یەك پارچەو بەشین
منو تۆ یەکین، یەك لەشو ئەندام
ڕوومان وا لەیەك ئاواتو ئـەنجام
ئەمڕۆکەش کەوا پرسەتە گیانە
بە دڵتا نەیەت یان وا مەزانە
کە من بەختیارو شادو دڵ خۆش بم
یاخود لەو خەمەی تـۆ فەرامۆش بم
بەڵکو وەکو تۆ پرسەو شینـمە
ئێستا ناخـۆشتر کاتی ژینمە
کە تۆ ڕەش پۆشـیت منیش شین پۆشم
وێنەی تۆ خـەمو سزا ئەنۆشم
بەڵام گیانەکەم بەس نییە کە تۆ
وەك من بـەند ناکەی ئێشو ئۆفـو سۆ
پیش ناخـۆیتەوەو تلاوتل ناکەی
ئەتوانیت کە خۆت لە سۆ ڕەها کەی
چونکە پرسەکەر دڵ نەوات ئـەکات

خەمت سووك ئەكات... دڵخۆشیت ئـەدات
بەڵام گیانەکەم منـی دڵ پڕ زام
کەس پـێم نازانیٚو کەس نایەتە لام
جا لەبەر ئەوە زۆر زیاتر لـە تۆ
بەشی من بۆتە ئەشکەنجە ئەمرۆ

کەرکوك ٨-٦-١٩٦٠

## بــیٚ وەفایت کرد!..

ئەو کارەی تۆ بەمنت کرد
وەها بەجاریٚ کە لە ناومت بـرد
با بەدەواری دۆمـی نەکردووە
دووژمن بە دژی خۆی نەنواندوە
یەجگاری بەردی بیٚوەفایی تۆ





کەوا هاویشتت بیٚ باکانە بـۆ
ئەو کۆشکە شووشە جوانەی کـەوا
درووستامان کردبوو بۆ مەلی هیوا
شکاندت هەمووت هەپروون هەپروون کرد
پارچەی گەورەت کرد بە ڕزاڵی وورد
مەلە جوانەکەی "ئاوات"یشمت کوشت
نازانم داخی چی بوو پێمت ڕشت؟!
خۆ لای خۆی ئێمە هەردوو پـێکەوە
بە ئێش‌و سـزاو بە فرمێسکەوە
ئا ئەو کۆشکەمان بـەو ژینە تاڵە
تا درووستمان کـرد پساین هەردووکمان
بۆ گوڵی ژین‌و مەلی ئاواتمان
کەچی نازانم سپڵەی بیٚ ویژدان
هەی بیٚ بەزەیی، دڵ ڕەق، نا ئینسان
تۆ بەسەعاتیٚ ڕەنجت داین بە بـا
بۆچی وەهات کرد، بۆی؟ ... بـیٚ وەفا
من چیم کردبوو هەناومت پچڕان
وا مەلی جوانی ئاواتمت مران؟

وا کۆشکی هیواو ژینت ڕووخانم
خونچەی ئاواتت هەڵپڕوسقانم
بەڵام بێ وەفا ئێستاکەش من هەر
دڵم ناهێنێ پێت بڵێم بێ فەڕ
ئەوەم لەدەست دێ بڵێم بێ پەیمان
قەت ئازاد نەبی وەك منت فەوتان
هیچ کات لە ژیان نەحەویتەوە
وەك من قەت دلت نەحەسێیتەوە
بەغداد- ٢٢-٦-١٩٦٠

## سروود

### بانگی ڕاستی

کوردستان...
کوردستان...
ئەم بانگە لە گوێما ئەزرنگێتەوە





دەردی نەتەوەکەم بیر یەنێتەوە
تۆزێ خافڵ بم دڵ پێم ئەڵێتەوە
"کوردستانی بەشکراو
نیشتمانتە هەی داماو
بۆی تێکۆشە هەمیشە
لەبیرت نەچێتەوە... کوردستان"
ئەی دایکی دێرینی کوردی قارەمان
شوێنی شۆڕشەکانی دەرسیمو بەرزان
مەڵبەندی شێرانی ئازادی خوازان
"ئێمەی ڕۆڵەت تا دوایی
بەخت ئەبین بە تێکڕایی
تاکو یەك ئەگرینەوە
سارێژ بێ زامەکانمان... کوردستان"
ڕەوڕەوەی ژیانی گەلانی جیهان
بۆ پێشەوە ئەڕوات ئەڕوا بێ ووچان
هەروەها کاروانی کوردیش بە تەکان

"بەرەو پێشەوە ئـەڕوات
تا بەکاروانان ئەگات
ئیسپاتی کا کە کوردیـش
میللـەتێکە قارەمان... کوردستان

سلێمانی-٢٩-٢-١٩٥٩

## کاکی جوتیار

کاکی جوتیار ئەی داس بەدەس ئەی تێکۆشەر
ئەی چەوساوەی دەستی ئاغای شوومی بێ فەڕ
ئەی کلۆڵی کۆیلەی هەژاری ژیـن چەمەر
هەستە ئەمڕۆ ئەوا نۆرەی ژینی نوێتە
دەری بڕە ئەو زووخاوەی کەوا پێتە





سلێمانی ٨ -٥-١٩٥٩

## چـواردەی تەمووز

کچو کوڕ:چواردەی تەموزە یادمان
ڕۆژی سەربەست وشادمان
یادی ڕۆژی ئازادمان
کوڕ: ئەمڕۆ ئازادین هەموو
زوڵمو زۆرداری لاچوو

خوشکانی ئازا وەرن
لەگەڵ ئێمە دەست بگرن
کچ: برام ئێمـەش لەگەڵتان
پێشمەرگەین بە ڕۆحو گیان
کوڕ: مژدە بێ خوشکی نازدار
فـەوتا کلکی ئیسـتعمار
دەسـتت بێنە با هەستین
چونکە ئەمڕۆ سـەربەستین
کچ : بژی ئـازادی خواهـان
بۆ بەرزێتی نیشتمـان
کوڕ: خوشکم لەم نیشتمانە
کە جێگـەی ئەژدادمانە
کوردو عـەرەب وەك برا
دەمێك ژیاون تیا
کچ: بـژی برایەتیمان
خەباتو یەکێتیمـان





کوڕ : بـژی شۆڕشی ئازاد
وا زاڵمی کرد بەربـاد
پچڕانی کۆتی زینـدان
میللەتی خستە یەکسان
کچ: بـا بژی سوپای نازدار
بـمرێ حوکمـی ئیستعمار

بەغداد- ١٥-تەمووز-١٩٥٨

**سروود**

**ئەم کۆمارە**

ئەم کۆمـارە شـیرینە
دەست کەوتو مایەی ژیـنە
ژینی ئەم گەلە بەرزە
کە ڕابووردوی خوێنینە
لـەباتی دارو پـەردوو

**کە ئەم قەڵای پێ بەرزبوو**
**ئێسقانو خوێنو گیانی**
**ئەم میللەتەیە هەموو**
**بە زەبری بازوو بەتین**
**بە شۆڕشی ئاگرین**
**تەختی زۆرداری ڕوخا**
**ئێستاکە سەربەست ئەژین**
**زنجیرو کۆتی زۆردار**
**چەوسانەوەی ئیستعمار**
**لەگەڵ یاسای چەپەڵیان**
**ڕۆشتن وەك بەفرەکەی پار**
**ئیستعمار تۆوی بڕا**
**نۆکەرانی هەڵدڕا**
**یاسای تازەی جەمهووری**
**لەجێگەی ئەو دانرا**
**ئیستا میللەت سەربەستە**





**بە دیموکراسی مەستە**
**ناوی سەرۆك کەریمان**
**کردۆتە وێردوو بەستە**
**بژی خۆشەویستی گشت**
**کەریمی پەناگاو پشت**
**کە داخی ئەم میللەتەی**
**بە زۆردارانی گەل ڕشت**
سلێمانی-٧-١٢-١٩٥٩

## ڕوناك

ئاوازی: رەزاعەلی
وتنی: جەمال جەلال

**ڕوناك تۆی ئاواتم**
**ئاواتی گشت کاتم**
**لە بیرمی گشت ساتم**
**ڕوناك... ڕوناك...**

**ڕونـاك هێـزی ژینم**
**دەوای گشت بـرینـم**
**گوڵی بـەهاری دڵ**
**ئاواتی دێریـنـم**
**ڕوناك... ڕوناك...**
**لـەوەتەی تۆم دیوە**
**دڵی تـۆم ناسیوە**
**هۆشم لانەماوە**
**ئەقڵم گشت فڕیوە**
**ڕونـاك... ڕوناك...**
**ڕونـاك تـۆی مەبەستم**
**تـۆی ئـاواتو هەستم**
**دڵم هاوار ئـەکات**
**ڕونـاك ئەتپەرستـم**
**ڕوناك... ڕونـاك...**





بەغداد-٣٨-٣-١٩٥٧

## بۆ سەرۆکی خۆشەویست

بە بۆنەی هاتنە دەرەوەی (عەبدولکەریم قایم)ەوە

**ئەی سەرۆکی خۆشەویست، ئەی پیشەوای ڕاپـەڕین**
**ئەی ئامرازی تێکۆشان، یەکسان کەری هەمـوو چین**
**بوویتە هۆی سەربەست بژین**

بە خوێنو سامانو گیانو تونا تـۆ ئەپارێزین
ئێمەی نەبەز گەلی زیاتر لـە ئیستعمار بەهێـزین
خۆشەویستیت تێکەڵاوە بە خوێنو ئێسقانی گەل
گەل فیداتە، لە پێناوتا بەخت ئەبێ نایەوێ ژین
تۆ بووی کۆتی دەستو قاچو ئەڵقەی زنجیرت پسان
تۆ بووی دەرگای ئاسنینی بەندیخانەت گشت شکان
تۆ بووی مافی گەلی کوردی چەوساوەت هێنایە دەست
یـاسـای پیسی نۆکەرانی ئیمپریالیزم دڕان
تۆ بووی پەیمانی گڵاوی بەغدات خستە گۆڕەوە
تۆ بووی میللەتت دەر هێنا لە ژێر زوڵمو زۆرەوە
لـە باوەڕی ئەیزنهاوەر لـە پەیمانی ئەستەرلینی
ئەم وڵاتەت وا ڕزگار کرد بـەڕووتو بە بۆرەوە





سلێمانی- ٢٥-١٠-١٩٥٩

**گرفتارم**

**به بـینینـت گـرفتار بـووم هەر یەکەمجار، کە من تۆم دی**
**بە تیری تۆ بریندار بووم هۆشم جوانیەکەی تۆ بردی**
**گرفتارم.. بریندارم بێ ئارامم**
**بەڵام چونکە بێ ئاگای لێم دڵ ناکامم**
**گیانە نابێ یەکێك جوان بێ    ئـەوەنـدە گرژو دڵ ڕەق بێ**

نابێ پیشەی دڵ شکان بێ بێ بەزەیی‌و کەلە شەق بێ
چونکە جارێ دوعای شێتی گیرا ئەبێ
گلۆڵەکەت بەرەو سەرەو لێژی ئەچێ
جا ئەترسم دڵی کەیلم    لەتاوی خۆی هەڵە بکا
دەرچێ لە ئارەزوو مەیلم دوعا بکا.. گوێم پێ نەدا
بۆیە ئەڵێم ئیتر بەسە دەستت بێنە
لەوە زیاتر دڵی شێتم مەڕەنجێنە
بەغداد/٣-٩-١٩٥٩

## مـن‌و تـۆ

مـن‌و تـۆ، مــــن‌و تـــــۆ    ئەی کچە کوردی جوان
قۆچو قوربانـین بۆ    خـەبـاتـو تێکۆشان
ئەی پـەری کوردستان
هەر ئەژین، هەر ئەژین تـا کۆتایی جیهان
ئێمەی کورد بەخـتی گشت لەرێی کوردستانا





ئەی پەری کوردستان
ئێمەی کورد، ئێمەی کورد تاکو سەربەست ئەبین
هەر وەکو مادی گورد  بێوچان ناسرەوین
ئەی پەری کوردستان

بەغداد ٢١-مارت-١٩٦٠

## کپ ناکـرێم

هەناوی من ئاخو دڵم هەموو گیانم
گشت ئاگرە باش بمناسە من بورکانم
ئەمڕۆ بە زۆری زۆرداری سەرتگرتوم
زۆر بەختیاری کەوا ئێستا کپت کردوم
بەڵام گەوجی زۆر لاژگی ئەی هیچ نەزان
بیرکەرەوە من بورکانم...بورکان بورکان
هەموو قینم تێکڕا تینم ڕقی تۆڵە
ئەیپێچمەوە ئەیانکەمە یەك گرمۆڵە

ئا لەو کاتەی کەتۆ لەخۆشیو بەختیاریدای
لەو خۆشیەی من کپ کردنەوەی تێیدای
لەو کاتەدا ئەتەقمەوە چۆن تەقـینیٚ
تۆو ئەوانەی کە وەکو تۆن بتۆقێنیٚ
ئەی کەم بەیەك پارچە ئاگر هەموو دنـیا
نایەڵم بستێك جێت هەبیٚ کە بژی تیا
ئەتسوتێنم ئەتبرژێنم ئەتمـرێنم
تۆڵەی ئەو کردەوە قەڵبانەت لیٚ ئەستێنم
هەتاکو پەندبیٚ هەتا باس بکـریٚ
کەس نەتـوانیٚ ئیتر دەمی بورکان بگریٚ

١٩٦٤/٨/٥-٤





## لەدووای دووری

دوور بیت بەشت هەناسەیە
هەناسـەی سـەختو تاسەیە
تاسەی پڕ ئـەندێشەو سۆ
یـاد کـردنەوەی پڕ تامەزرۆ
تامەزرۆی یەك بینینەوە
سـزای دووری ئەسڕینەوە
بە ئاواتی گەڕانەوەیت
پەرۆشیت چاوەڕێی ئەکەیت

کاتێ کە دەگەڕێیتـەوە
لـەو دووریـیەی دێیتـەوە
ئەگەیتە جێ بەبێ هـەوا
کاتـێ سـەر ئەکەیت بە ژوورا
چ خۆشە کە یەکەم بینین
لەپاش دووری ڕاچڵەکین
بەرەو یەك تـەکان بە پەرۆش
بـە گیانو بیرو دڵو هۆش
دەست (پشت)و (مـل) توند ئەتەنێ
چـاو پێڵوەکانی لێك ئەنێ
لێـو یەکتری لە باوەشی دەگرن
مژین، وەك ئـاو لەیەك ببڕن
لەناو سـۆزا دڵ ئەتـەزێ
لـەش سست ئەبێتو ئەلەرزێ
ئیبنجا لەم لاو لەو لای ڕومـەت
لـەسەر یەك ماچی بەلـەزەت





لە تێکرا ڕووو... لەمـل... گەردن
لەگەڵ ئۆخەی (...) تێکەڵ ئەبن
بەخێرهـاتنەوەی زۆر گـەرم
لەگەڵ سوپاس... ووتەی نـەرم
ئـەبنە سـازی هـەستی بەسۆز
ئـاوازێکی خـۆشو پیـرۆز
ئاوازی ئـەو گەڕانەوە
خـۆشی دووری بـڕانەوە
ئـاوازی پێك شـادبوونەوە
بە چاوو دڵی ڕوونـەوە

١٩٦٤/٨/١٣

## شێری مەیدان

بەبۆنەی نەخۆش کەوتنی (حاجی ئیبراهیمی چەرمەگی) مامیەوە ئەم هۆنراوەیەی نوسیوە:

گەورەم ئەی شێری نەترسو نەبەز
ئەی پڵنگی کورد جەنگاوەری بەرز
سەرۆکی دلێر ئەی دوژمن ڕفێن
ئەی سەر لەشکری ناپاکان ڕفێن
یەکەم چەك هەڵگر بۆ ڕێی ڕزگاری





بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری
شۆڕشی ڕزگاری کوردو کوردستان
کەوا هەموو کورد سەراپا هەستان
لەسەرەتاوە تۆ ئیسپاتت کرد
بۆ هەموو لایەك بۆ نەتەوەی کورد
کەوا پێشمەرگەی ئەم کوردستانەی
خۆبەخت کەری سەربازی تاهەی
لە ڕێی ڕزگاری خاکی کوردستان
بەختت کردووە سامانو گیان
ئەو گشت کردەوە بەرزانەی تۆ
وەك شێر کردووتن هەتاکو ئەمڕۆ
مایەی شانازین هەتا هەتایە
خەباتت بۆ کورد بۆتە سەرمایە
مێژووی کورد هەتا دنیا بمێنێ
ناوی دلێری ئێوە ئەهێنێ
ئەمڕۆش کەوا تۆ نەخۆش کەوتوویت

برین بەم جۆرە لە جێی خستوویت
سەیری ئاسۆکە هەڵمی هەناسە
نزای پڕ گوڵی پڕ خەمو تاسە
بەرز ئەبێتەوە لە هەموو لاوە
کوردەواری گشت بەدەم دوعاوە
لەقاپی گەردوون ئەپاڕێنەوە
بۆ چاك بوونەوەت ئەلاڵێنەوە
خوا تۆ بهێڵێ هەتا دێر زەمان
بۆ شۆڕش بۆ کورد بۆ گشت کوردستان
مامە گیان هەروا تۆ بۆ ئەم عێلە
بە گەورەیی ئەم خوێشو خێڵە
سەرکردەی بەرزی ڕێ نیشان دەری
باوکی دڵسۆزو بەرزو سەروەری
نزامان وایە لە خودای مەزن
لە پیاوو لاوو منداڵ، کیژو ژن
خوا بکات لەتەمەنی ئێمە هەڵگرێ





لە خۆشیو شادی ئێمە ببڕێ
هەموی بخاتە سەر تەمەنی تۆ
دەردو بەڵای تۆ نەك تەنها ئەمڕۆ
هەتاهەتایە لە ئێمە کەوێ
بەبێ تۆ نەژین ساتێ نەك شەوێ

## ڕووبەڕووی دوژمن

بمان گرن
بمان کوژن
بمان بڕن
هەرچی دێیە لەسەر ڕێیە کەئەیگەنێ بیسووتێنن
بی ڕووخێنن تالانی کەن وێرانی کەن
قڕی تێخەن
هەرچی شاری کوردستانە بەدەستانە
خواردەمەنی لێ ببڕن با بشمرن

منالّو لاو  ژنو پیاو
پیری کەنەفتەی کۆماوە
بە ئاستەم هێزی تیا ماوە
وەك ڕان پێش خۆتانیان بدەن
بەندیان بکەن لەناویان بەن
بەر گوولله بارانیان بدەن
بێ دادگا شەهیدیان کەن
یان لە هەموو ڕێو کۆڵانێ
لە گش لایەك  لەهەر شەقا مو پەنایەك
سێدارەی زۆر
ئەڵقەی پەت شۆڕ
دانێن هەڵخەن هیچ سڵ مەکەن
بما گرن بمان کوژن بمان بڕن
هەر بۆ ئەوەی کۆیلەتان بین
بڵێی چیبن ئێمەش ئەوەین
ئەی سا ئەمەی ئێوە ئەیکەن هێشتا کەمە





سەد ئەوەندەش دڕندەبن
بمان گرن بمان کوژن بمان بڕن
بێ منەت بن
ئێمە کوردین
بۆ کورد ئەژین بۆ کورد ئەمرین
تا دنیا بێ زەوی مابێ قەت نانەوین
کوردایەتی ئاینمانە ژیانمانە
بڕوامانە خۆراکی هەستو گیانمانە ژیانمانە
ئەوەی ئێوە خەیاڵی ئەکەن بۆی هەوڵ ئەدەن
زۆر ستەمە قەت پێی ناگەن
زیاتر خۆش بن سوورو جۆش بن
لەسەر ئەوەی
بمان گرن بمان کوژن
ووتومانەو ئەیڵێینەوە
ڕاستییەو ناپێچینەوە
ئەیڵێینەوە بە ئاشکرا

بۆ گشت دنیا
کوردین هەتا دنیا مـابێ
مرۆڤ لەسـەر زەوی مـابێ
قەت نـابەزیـن
کـوردین کوردین
سەربەرزی ئـێمە تابێ بەرزتر ئەبێ
بە هەرچی هێزە نانەوێ
چـی ئەتوانن
ڕامەوەستن
بیخـەنە کار
زیـاتر لەو جار
لێمان ڕونـەو ئەنجامتان هەر شکاندنە
لە کوردستان دەرکـردنە
بۆیە ئەیلێین ووشەیەکەو ووتومانە
کوردستانین قەت نابەزین
قـەت ناترسین قەت نانەوین





بمـان گرن بمان کوژن بمان بڕن
هیچ دەربـەست نین ئێمە کوردین
هـەتا هـەتاش ئەیلێینەوە
لـە مردن نا سڵـەمینەوە
٣-٨-١٩٦٤

## کاروانی ڕزگاری

سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش بۆ مام جەلالو هاوڕێکانی وتراوە

بە ئەستەم گوێم لە سازێکە
لە نەغمەو لە ئاوازێکـە
بـەرەو ئێـرە ڕێکـەوتووە
ملـی ڕێگای وورد گرتووە
وورده وورده دێـتە پێشـێ
زیاتـر سەرنـج ڕا دەکێشێ

وا دێتە گوێم کە ئەو دەنگە ئەو ئاوازە
دەنگی زەنگـە
کە هاتە پێش دیم کاروانـە
کاروانێکی بار گرانە
بارگەو بنەی هەڵپێچاوە
تەنگـەو پاڵوی گـرێ داوە
کاروانە وان هەموو شەنگن
شێوەی گورج و گۆڵ و مەنگن
سەرنج لەهەر کامیان ئەدەی
ئـازایەتی تیا دی دەکەی
لێم پرسین بەرەو کوێ ئەچن؟
ووتیان کـاکە بەرەو مـردن
بەرەو مـردن چۆن وا ئەڵێن؟!
بۆچی ئێوە کاوانی کوێن؟
نەم بیستووە هەتا ئێستا





کەس خـۆی بەرەو مردن بـبا
یەکێکیان نوێ خـەتی دابوو
کلێتەی لاری لەسـەر نابـوو
تفنگێکی لەشانـدا بوو
فیشەك دانی لەخـۆ دابوو
پەستـەکێکی مەریوانی
ڕانـکو چۆغەی هەورامانی
وەڵامی دا ووتی: تێت گەیەنم برا
ئەم کاروانە گـەورەی کەتۆ
سەیری دەکەی کەوا دەڕوا
زۆر لەسـەر خـۆ
کـاروانی کوردایەتییە
نەك کـاروانی چـەرچێتییە
بەڵکو ئـامانجی مـەزنە
گـرنگە، نەك مردنە
بەرەو مـەڵبەندی ڕزگاری

تەكان دەیات بە هۆشیاری
وای داناوە كەهەر كۆسپێ
لەبـەردەمداو لـەسەر ڕێ بێ
تێكڕا پـەلاماری بدەین
كۆڵ نادەین تا تەختی دەكەین
ئێـمە كە هاتووینە كاروان
خێـزان ژیان لاویێتیمان
گشتیمان ناوەتـە لاوە
تـا یەكێكمان زیندوو ماوە
تا كاروان بە مەڵبەند نـەگات
نابێ كەسمان ووچان بیات
لاشمان ڕوونەو بـاش دەزانیـن
هـەتا بەمەڵبەند شاد دەبـین
ڕێگا زۆر سامناكو سـەختە
گـەشتن بـە مەڵبەند دوو بەختە
بەشی زۆری نـەگەیشتووە





بەدڵ نـاكامی مـردووە
بـەڵام چونكە لەو ڕێگایە
ژیانمان لا بـێ بەهایە
بـا سەختیش بێ بە باوەڕین
ئـەم ڕێگایە هـەر دەبڕین
بـژین دەك لەدەورتان گەڕێم
ڕێگەم دەیـەن لەگەڵتان بـێم
منیش هاوبەشی كـاروانبم
لـەگەڵ ئێوە ڕێگە ببڕم
بەرەو ڕێی ئـەو مـەڵبەندە
كـە ژیـنی كوردی پێ بەندە
وەكو ئێـوە خـۆم بەخت كەم
لەگەڵتانا كۆسپ كۆسپ تەختی دەكەم
منـتیش كوردم كورد پەرستم
لە خوێـنو مێشكو هەستم
كوردایەتی ئـاوێتـەیە

قوربانی بـێ هەرچیم هەیە
زەردەخـەنەی سـەر ڕووی
خۆش‌و دلاوەر لـەسەر ڕووی
هـەموویانا کێشـرا
پێیان ووتم گشتیان تێکڕا
فـەرموو فـەرموو
لەگـەڵماندا تۆش ڕێکەوە
فـەرموو هاودەنگ بە لەگەڵمانا
ئەم کاروانە هی کەس نییە کەس ناتوانێ بەهی خۆکا
بەڵکو کـاروانی گشت کوردە
کاروانی درشت‌و ووردە
بە تایبەتی ئەو کـوردانە
کـە هەمـیشەو دڵسۆزانە
ژیـان لەسەر لەپی دەسـتیانە
کـاروانچین‌و خۆ بەخاوەنی دەزانن
جا برای کورد تۆش دەتوانی





لـەگەڵ ئێمە هاوبەش ببی
فـەرموو برا خۆت گورج کەوە
لەگـەڵ ئێمـەدا پێکەوە بەڕێکەوە
ئـەڕۆین تێکڕا کاروانە بـەین
ووچان نایەین هەتا دەگەین
لەگەڵیانا کـە کەوتمـە ڕێ
بەڵام چی ڕێگایەك لەبەر ناچێ
هـەموو هـەورازو چیـایە
بـاریکە ڕێ‌و لاپێی تیایە
ئەوەندەش سەخت، پێچ‌و دۆڵە
مرۆڤ لەڕێ خـۆی لێ کـۆڵە
لـەبەر دڕندەش هەمـوو ڕێ
ئەبێ دەستت لەسەر پێ بێ
سـەرنجم داوە دەستـەیەك
لە پێشـەوە جوان یەك بە یەك
وورد بوومەوە لـەسەر ڕێیان
لـە ڕۆیـن‌و جل‌و بەرگیان

زۆر هۆشیارو قارەمان بوون
بە ووردبینی بۆ پێش دەچوون
لەدوای ئەوانەوە کاروان
ملی ڕێی ئەدا بێ ووچان
ئەوانەبوون پێشڕەوەکەی پێشەوە
دەمزانی قەت سڵ ناکەنەوە
لە ڕێی گەیشتنی کاروانا
گوڵی گەنجێتیان دانا
هەر کەسێکیان بە هەمیشە
لە لایان ببوو بە پیشە
لەناو کارواندا دەگەڕان
بێ چاوەڕێیی هانیان دە یان
با ڕێگاکەش وا سەخت بێ
دڵنیا بن دەگەینەجێ
زۆربوونی ئەو کۆسپانە
کارناکاتە ئەو گیانانە
کەوەك پۆڵان ڕێگە دەبڕن





بە ژیانیان گەشتن دەکڕن
هەموو کاروان ناسیارن
کە پێشڕەوی ڕاستیانن
هەر بەپێشەوای ئەوان
بەبیرو ئازایی ئەوان
کاروانەکەی بەجێ ئەگات
ڕێگای مەڵبەند بزر ناکات

## من کێم‌و تۆ کێیت

من قامیشە شکاوێکم
زەلە فڕێ دراوێکم
لە سەرەڕێی مەینەتیدا
لە چەقی خەم‌و پەستیدا
تۆش نایێکی شیرینی جوان
پەنجەی هونەر... هونەرمەندان

ئەتجوولێنێ بۆ ساز بەناز
بە ئاواتی جوانتر ئاواز
مـن بووکەشووشەی منالْم
ژێر کەرم هۆی گرو گالْم
من (یاری)ی منالە ووردەکەم
بێ فەرترین بووکە شووشەم
تـۆش پەیکەرێکی پیرۆزی
ڕێكو پێکی بەرزی قۆزی
دیاری‌و قوربانیت بۆ ئەدەن
بە کۆمەڵ قۆچت بەخت ئەکەن
مـن گولێکی دانە وێڵەم
زەردو مـل کەچی درۆینەم
مـلم بە داس هەڵئەبڕێ
لاشەم لەدەشت فڕێ ئەدرێ
بێ گۆڕو شوێن بەدەم باوە
لاشەم ووردەو تـووڕ دراوە





تۆش کێڵگەیەکی بەرینی
نەمری جوانی شیرینی
ماوەیەك جوان گرتمتە خۆ
ووشکت کـردم هەروا بێ هۆ
بێ خوا حافیزی بەرت دام
هەروەها وازت لێ هێنام
مـن هەناسەیەکی سەختم
کپ‌و بێ دەنگ‌و بێ بەختم
ئاهێك کە هیچ ڕەنگی نییە
لە دەرچوونیش بێ بەرییە
تۆش ئاوازێکی بە جۆشی
گۆرانییەکی زۆر خۆشی
لەسەر سەدان لێوو دەمی
دوور لە ناخۆشی یان خەمی
لەخۆم ئەپرسم کە من کێم
دەروونی خۆم ئەپسێت لێم

مادەم من خۆم بەخۆم ئەڵێم
خۆم ئەپرسم کەوا من کێم
ئایا من پارچەی کلۆڵێم
بچووکترین بەشو لەتیم
یان کلۆڵی لەتە لە( من)
بچووکترین کەرتە لە من
یەکێکمان هەر لەوی ترین
بۆیە وا بەیەك هۆگرین
من پەڵە هەورێکم کەبا
سەدان ئەم لاو لام پێ ئەکا
بە هەواوە ئاوارە بووم
نابارێنم چونکە تینووم
ئایا هەوریش هەیە تینوو
بێ سەرو شوێن ئاوارە بوو
ئەو فرمێسکەی ئەی بارێنم
زووخاوە گشتی ئەڕژێنم





زووخاوی دڵ ئەی ڕژێنێ
ئەو دڵەی خوێن ئەدەڵێنێ
وا بێ تینو شەکەت بووە
ئەوەندە سزای چەشتووە
چاووەکانم واق ووڕماون
لە ترووکاندن وەستاون
ئەوی (خۆشی ) یان (شتێ) بێ
ئەوان هەر گاڵتەیان لێ دێ
نەڵێی دڵم هەر سادەیە
بەڵکو دوو گلێنەی هەیە
بەوان هەست بە ئازار ئەکەم
هەست بە ڕۆژ شەوی تارئەکەم
ئەگەر ئەوان نەبوونایە
هەستیان بەمن نەدابایە
نەخۆم وەها باش ئەناسی
نە ئەمزانی تۆش چ کەسی

من شەتڵێکی گەڵێ ساوام
بچووك دووپەل وا لە بنتام
گوێم لەدەنگی بولبول نییە
نازانم خۆش خوانی چییە
ئەو پایەیەم نییە کوا
گوێم لە سۆز بێ لە هیچ وەختا
تۆش دارێکی گەورەو بەرزی
خاوەن گۆپکی هەزار تەرزی
پەلو لقو گەلات زۆرە
بولبولو لان هەمە جۆرە
هێلانەیان لەسەر پەلان
درووست ئەکەن بەدڵو گیان
سۆزو ئاوازو گۆرانی
رۆژ تا ئێوارەو بەیانی
بۆت ئەڵێنو پێشکەشتەکەن
بێ ئەوەی دڵ لەدڵ بدەن





گشتی بۆ خۆتە بە تەنیا
کەس هاوبەشت نییە تێیدا
لەگەڵ ئەوەی کە ئاوت ئەدات
هەتا پۆپەم نوقم ئەکات
من بە جارێ ئەخنکێنێ
گیانی شیرینم دەردێنێ
من زەلکاوێکی بچووکم
بێ نرخو بێ بەهاو سووکم
بۆق نەبێ هیچی تیا ناژی
قەوزەو هەڵم بە ناخۆشی
دەورو سەریان وا گرتووم
وا ئەحواڵیان شڕکردووم
تیشکی رۆژم قەت لێ نادات
ئاوات بە لای دڵما ناڕوات
تۆش مێرگێکی جوانو شیرین
پڕ لە گوڵان سەوزو بەرین

نێـرگس‌و گوڵی وەنـەوشە
کـام گوڵانـەی بۆنیان خـۆشە
کام گوڵانەی گەڵێ جـوانن
لەسەر ڕووی تـۆدا ڕوواون
تیـشکی ڕۆژ بە ڕەنگەکانی
هـەر حەوت ڕەنگە جـوانەکانی
پـەخشان ئەبێ بـەسەر تـۆدا
دڵـت پـڕ لـە ئاوات ئەکا
ئەمە تۆ بیت جـا ئەمن کێم
دەروونی خـۆم ئەپرسێ لێم
بەلەمێکم ڕێ بزربوو
ئـاوارەو ڕێ هەڵە کردوو
شـەپۆلی ئـاو بە ئەم لاو لاولا
هـەردەم بە لایەکمدا ئەدا
کەوتوومەتە شـەوێك کەو ڕێ
هـەر نـازانم بـۆ کوێ ئەچێ





ئاواتمە کـە نوقم بـم
یـان بـۆ ڕۆخی دەریـا بچم
بـگەمە ئەوێ ئەوسا لەوێ
تـۆزێ ووچانم بـەر کـەوێ
بە تەما بـووم کەوا بـگەم
بـەڵام داخەکەم داخەکەم
من ئەو کەسەم کە چەند ساڵە
ژینم بەد بـەختییەو تاڵە
پـەتی قەنارەم لە گەردن
لـە مل شەتەك دراوە توون
بەبێ ئەوەی گیـانم دەرچێ
یـا خوود وازم لێ بهێنرێ
مـردن لەمە خۆشترێکە
هەر سـاتێکم مردنێـکە
ئیتر من چۆنم پێ خۆش بێ
کە ناوی تۆم لـەلا ببرێ

له كاتێكدا كەتۆ تـەنیا
ئـەم گشت سزایەت بەمن دا
تۆیت هـۆی ژیانی سەختی من
بوویته هۆی والی كردنـم
نـزیك مەرگ یان مردنم
بـا كۆتا بـێ باسكردنم
چ بـێ وەفـاو بێ بارێكی
چ ژەهرێكی چ مـارێكی
ئەگەر (ڕوونـاكی) نەبووایه
سەد (تاریكی) بـهاتایـه
هـیچ كەس ڕقـی لێ نه ئەبوو
بیری بـۆ ڕۆژ هـەر نەئەچوو





بەندینخانەی سلێمانی - ١٠/٥ -١٩٦٢

**وەكو گوڵێ**

وەكو گـوڵێ سیس‌و ژاكاو
پەلكەكانی تەپیوو شۆڕ، شەكەت بۆ ئاو
بەڵكو لەوەش خراپتر بووم له دووری تۆ
بەهاتنت گەشامەوە هاتمەوە سەرخۆ
یاخوا وەبان هەردوو گلارەكەم هاتی
وەبان گیان‌و دڵه پەژارەكـەم هـاتی
تین‌و خۆشی‌و شادیت گیانه هێناوە بۆم

بەڵام کە ڕۆیشتی ئەچمەوە دۆخەکەی خۆم
بەڵام گیانە هەر ئەگەینە ئـەو ئاواتە
کـە ژیانو خۆشی مـنو تۆی خەڵاتە
بە وەفای تۆو سووتاوی من بێ گومانە
گەورەترین کۆسپ تەختەکەن لەم ژیانە
ئەمرۆ خۆشەویستی بەرزمان دەری ئەخات
هەرکەس ڕاست بێ بەگشت ئاواتێکی ئەگات
١٩٦٣-٢-٤

### هەر ئەو شك ئەبەم

لـە دارای دنـیاو لەم ژیانەدا
لەبەر بینایی ئـەم جیهـانەدا
ئەوەی کە شـکی بەرم شیرینە
بۆ من دارایو سامانو ژینە
خەڵکی کۆششیان کۆشكو تەلارە





ڕابـواردنو مێـزو قومارە
خواردنەوەو بەزمو ڕەزمو ئاهەنگە
ژیـانیان لەسەر ئەو جۆرە بەنگە
منیش بەختـیاریم (شیرین)ە کەمە
تەنیا هەر ئەوە ئەوەی کە هەمە
ژیانی منیش بەوەوە مـاوە
هەر بەوەوەیە گیانم وەسـتاوە
١٩٦١-٨-٧

### دووا دیاری

دڵـم گوشیوە چـی تیایە هەموو
لە ئەشکەنجەو سۆو زووخاوی پڕ بـوو
بـۆ کیسەی... پێستی دڵم گرتووە
هەمووم بەجارێ جوان تێ کردووە
لە فەراخ جەرگـم گـرتووە وەکو تـاو
تەڕم کردووە بـە فرمێسکی چاو

گشتیم بۆ ناردیت بە سکالاّوە
بەو سیرمەی جەرگم دەرکیم پێچاوە
تا بەو دیارییە دڵی وەك سەنگت
نەرم بێو هەڵبێ لێوی بێ دەنگت
بزانیت پلەی خۆشەویستی من
ئەوەندە بەرزە لە چاو بووە وون
نەك وەك لەگەڵ ڕۆژو کاتابم
چۆن ڕۆژ بگەڕێ منیش هەر وابم
بەندیخانەی سلێمانی ١٨-٧-١٩٦٢

## نامەی فرمێسکاویم

نامەی من بۆ تۆ پەری خان تەواو نابێ
بە هەزاران پەڕە ستەمە کۆتا بێ
سەدان هەڵبەستی بەکوڵی تر بنووسم
بۆت دەربڕم سکالاّو سۆزو ئەفسووسم





باس بکەم چەندە پەشێوم لە دووریت
چەند شێواو پەرێشانم بەزویریت
چۆن خەم وەك تەم ڕۆژی لێ کردووم بەشەو
دووریت چۆن لێی حەرام کردووم خۆراكو خەو
هەرچەند بنووسم دەربڕم هەستی بەکوڵ
بەفرمێسکی خوێنینی چاو زووخاوی دڵ
کۆتا نابێو دڵیشم ئاو ناخواتەوە
هەر ئەترسم بمرم من بەو ئاواتەوە
کە پێکەوە وەکو خەڵکی بەختیارانە
بژین لەدوای ئەو سزاو سەختی زیندانە
ئەو هەموو سۆو ئەشکەنجەیەی چێژاومانە
ئەو گشت باری ناخۆشییەی کێشاومانە
تۆڵەی هەموو نەکەینەوە گیانی شیرین
بە خۆشیو شادی پێکەوە هەموو بژین
بەلاّم نا گیانە تاکو بووین بە وەفاو جوان
لەگەڵما هاوبەشی ژینیت هەتا نەمان

هەر ئـەگەينە ئەو ئـاواتەى كە هەمانە
كە پيرۆزترين ئامانجى هەردووكمانە
چونكە ڕاستىو پاكى گيانە  سـەرئەكەوێ
چەوتىو ناپاكىو بێ وەفا هـەر ئەنەوێ

شەوى ٢٤/٢٥-٧-١٩٦٢

## ئاواتو سزا

بۆ كاك ع غ

خۆشەويستى تۆ وەك خۆراكو ئـاو
وەك خەوخۆشى وەك گلێنەى چاو





بۆ من پێويستە هەتا دواى ژيـان
لە ناو خوێنمايەو تێكەڵە بەگيان
ئێستاش كە بەندى ناو ئەم زيندانەم
گيرۆدەى كۆنى ئـەم بەنديخانەم
گيانـم بەوەيە لەسەر يادى كۆن
بەنى خەياڵم ئەنم هۆن بە هۆن
هەڵوێستەكانى پيشوو وەك فليم
دێنمە پێش چاو لەسەرى ئەژيم
گەر وەها نـەبێت ستەمە ژينم
سزا بچێژم شێوەت نـەبينم
گشت كات هەواڵى تۆم كە ئەگاتێ
دڵم سست ئەبێ زياتر لە ساتێ
كلێپەى دارى كـوورەى گەرمى دڵ
هەناو بە جارێ ئەهێنێتە كوڵ
هەناسـەى سەختى ئاگرينم وا
بە كۆمەڵ وەكو كـلێپە دەرئەكا

من تەنیا ئەوە پیشەمە کە تۆ
هەر دووریت بۆیە وا ئەچێژم سۆ
کەچی ئەمرۆکەش بیستم نەخۆشی
بە ڕاستی هەرچی هۆش بێ یا خۆشی
هەرچی توانا بێ هێز بێ بە جارێ
سەد قات لە پلەی خۆی هاتە خوارێ
کام هۆش‌و خۆشی‌و توانام بمێنێ
کام ڕوونی لەناو دڵما بنوێنێ
کە تۆ نەخۆش بیت ئێستا لە جێدا
کەوتبیت من چۆن دڵم شەق نەبا
کە هەر نەتوانم چاوم پێت کەوێ
ئیتر توخوا چۆن دڵم بسرەوێ
ئومێدەوارم ئاواتم وایە
کەم کاتەوە لێت ئا ئەم سزایە
چاك ببیتەوەو هەرگیز لەمەو لا
نەخۆشی بێت‌و بەلاتا نەڕوا





ئینجا سەرم بەیت بێیت بۆ بینینم
ئەی هێزی ئەژنۆو ئاواتی ژینم
من بێجگە لەوەی دیلی داوی تۆم
کە گیان نازانم هەرگیز بەهی خۆم
دڵمت بردووە ژین لە دەستتایە
ئیستا لەشیشم وا لە بەندایە
من دەسەڵاتم نییە سەرت بەم
وەك جاری جاران سکاڵات بکەم
ئیستا کە بینین لەدەست تۆدایە
ئەی گیانی شیرین ئاواتم وایە
هەر چاك بوویتەوە هێزی ژیانم
بێ وەستان خێرا بێیت بۆ سەردانم

بەندیخانەی سلێمانی ٧-٩-١٩٦٢

**زامی کیوپیدی کوێر**

دڵم گوڵێکی شەست پەڕی ئاڵ بوو
تۆزو گـەردیشی لێ نەنیشتبوو
هەرگیز نەیچەشتبوو کام تامەی تاڵ بوو
بە شەونم وا جوان پێگەیشتبوو





بەڵام کە کاتێ (کیوپید) لە پـڕ
تیرەکەی هاویشت بەباخی ژینا
وەکـو نەریتە لەلای وا بەگوڕ
وەك تـۆڵە سێنەر لە گەرمەی قینا
بەر هەر گوڵێ کەوت ڕەنگی ڕەنگینی
گۆڕاو سـپی بوو ئەو ڕەنگەی نەما
وەکو لێـو بەبار ڕەنـگی خەمگینی
لە سپێتی دا لەڕووی ئـەبینرا
ئەو ڕەنگە سوورەی جوانی کردبوو
هەموو بوو بە خوێن بە پەلکەکانا
گـشتی هاتە خوار جوانی بەسەرچوو
ناسراوە ڕەنـگی لەناو گوڵانا
(کیوپیدی کوێر) چەند ساڵ لەمەوبەر
وەکو نەریتیە کەتیری هاویـشت
هەر چەند خۆم لاداو خۆم داپەنـاوپەر
چەند پـاڕامەوە هیچی لێم نەبیست

پێکامی کە چوو بەدەست کوتاندن
تیرەکەی هەڵگرت تاکو بزانێ
چەندی پێکاوە تا لێی نەبێ وون
نزای تایبەتی لەسەر بخوێنێ
کە هات هەڵی گرت هەردوو دڵ تەنیا
یان بڵێم دوو گوڵ پیا هەڵواسران
پەڕەی گەڵایان چوو بوون بەیەکا
کە بەتیرەکەی کاتێك سمرابوون
ئەویش هەردڵی منو شیرین بوو
کە کاتێ وەها بەو تیرە پێکران
ژینی ووچانی ئالیمان گشت چوو
بە تیری کیوپیر بریندار کراین
هەردووکمان ئەوسا بەرامبەر بەیەك
بۆیەك ئەگریاین وامان بەڵێندا
کە هەتا (ڕزین) هەردووکمان وەك یەك
لەسەر بەڵێن بێو سکاڵا بکا





بەسکاڵاوە ماوەیەك وا ماین
ئینجا ئاگری خۆشەویستیمان
وا زیاد بوو هەتا هەردووکمان سوتاین
ناوبانگی دەرکرد یەك پەرستیمان
ئینجا بەجووتە بەرەو خوای گوڵان
بەرەو یەزدانی گشت خۆشەویستان
ئەپاڕاینەوە بەسۆز هەردووکمان
بمان کات بەیەك ئەندامو گیان
بەڵێ نزامان گیرابوو هەردوو
بووین بەیەك گوڵە شەست پەڕ بێهاوتا
بەخیلیان ئەبرد هەرچی گوڵ بوو
کە نزاکەمان وەها بوو گیرا
ئێستاش ئەو زامو برینی تیرە
گۆشتەو زوون دێنێو ئەکولێتەوە
ئەو کەسەی پێکرا ئیتر ئەسیرە
هەتا هەتایە چاك نابێتەوە

بەندیخانەی سلێمانی ١٤-٩-١٩٦٢

## هەتاکو ڕزین

فرمێسکی چەشنی دڵۆپە ئاوی کوڵاوی بەتین
لەدوای ڕۆشتنت بەسەر ڕومەتما هاتە خوارچین چین
دڵۆ دەروونی پڕ لە ئاگرم زیاتر جۆشی خوارد
هەناسەکەشم کەوا دێتە دەر بۆتە ئاگرین





دڵم توایەوە لەناو خەفەتا جەرگم بوو بەخوێن
نەخۆشیم نییە بەڵام لەداخت کەووتم بێ تین
خەوو خۆراکم لێ هەڵگیراوە... هۆشـم نەماوە
چونکە لەبەر تۆ ژینم خۆش ئەوێ ئەی گیانی شیرین
بەختیاریو ژینم بەتۆوە بەندە تۆیش کە زویر بیت
بەو خوایە ئێستا کە تۆ ئاوەهایت بێزارم لە ژین
تۆ قەت دڵ ڕەقی پیشەت نەبووە بەرامبەری من
نازانم تازە وات لێهاتووە بخەیتە دڵ قین
هەزار ئەوەندە لێم زویر ببیت یاخوود نەمدوێنی
ئەوسا من بێ تۆ بە پووش ئەزانم هەموو سەرزەمین
ئەوسا تۆ چاوو گیانو ژینمی من هەروەك خۆم
تۆ ئەپەرستم وەك (بت) هەتاکو نەمانو ڕزین

٢٣-٧-١٩٦٤

**له شیعری ئاوات**

بۆ شیرین
خۆشەویستی تۆ کاری کردۆتە هەموو ژیانم
بۆتە خۆراکی دڵو جگەرو بیرو گشت گیانم
گەر شەماڵ تۆزێ.. تۆزێ ژیر پێشت بدا بەروما





پێی ئەژیەمەوە بە پیرۆزترین دیاری ئەزانم
(شیرین) ئەم ژینو هەموو دنیایەم لەبەر تۆ ئەوێ
تەنانەت لەبەر چاوانی تۆیە خۆشی ئەوێی
خواپەرستیشم لەبەر ئەوەیە خوا تۆی کردووە
شەرتە بەبێ تۆ ژیانو دنیاو دینیشم نەوێ

**کۆرپەم ڕا پەڕ**

لێت وورد ئەبمەوە بە دڵو بە چاو
بە ناخو هەستو جگەرو هەناو
چاوم بین ئەگرێ واسەیرت ئەکەم
پەنجە بۆ چەنەو سەر سینگت ئەبەم
ئەتدوێنم بانگت ئەکەم بەئاستەم

بۆم پێ بکەنیت پڕ بەدڵو دەم
بۆم بشنێیتەوە بتریقێیتەوە
وەڵامی بانگو هەستم بەیتەوە
کەچی نابزوێی دەمت تێك نادەی
بۆم ناکەنیتو شنە شن ناکەی
ئاه... ئەو خۆت نیت کە من لام وایە
هەر وێـنەیەکتەو لەبەر دەستمایە
٦-٨-١٩٦٤

## قەفەزی زێڕین

مەلە جوانە خنجیلانە نەشمیلەکەم
ئێسك سووکە خوێن شیرینە ووردیلەکەم
من ئەزانم تۆ بۆ لە دەشتی پەستیدا
دێیتو دەچیت وەکو لە دەریای مەستیدا
نووقوم بوویت جێگا بە خۆت قەت ناگری
یا هاتوو چۆ یا ڕووت ئەکەی وەیا ئەفڕی
من دەزانـم جێگایەکی وەهات نییە





بە دڵی خۆت هێلانەت لەم زەوییە
تیرەکانی (کیوپید)م هێناوە جوان
پێم تەنیووە وەك هونەرمەندێکی لێزان
نزام بۆ (ئاهورامازدا) کردووە بە دڵ
کە هەر توولەی بکات یەك داری دار گوڵ
هەرگیز نەهێڵێ (ئەهریمەن)بە وێدابێ
هەرچی ڕێیەك بۆ ئەو بچێ لێی ببڕێ
خواردەمەنیم لە تاسەولە هەستی بە کوڵ
بۆ کردوویت ئەی نەشمیلە ئەی گیانو دڵ
ناخم تەرخان کردووە بۆت هەموو کاتێ
تا تەووژمی هەستی بە کوڵمت بـگاتێ
لێوەی سەیری بەهەشتی خۆشەویستم کەی
تا پەست نەبیت هیچ کاتێ دڵ لە دڵ نەدەی
فەرموو ئەی مەلە جوانەکە بۆ وەستـاوی
بۆ وا واقت وڕماوە یـا حەپەساوی
وەرە ڕاکە ئەم قەفەزە ئـەو جێگایە
کە ئارامگەی ژینـی بەختیاریتی تیایە
بە تایبەتی خۆت خاوەنی گیانم ئەبیت

خۆت خاوەنی تێکرا گشت ژیانم ئەبیت
ژینی منت ئەکەوێتە دەست بە جارێ
خۆت بکوژو ببڕ ئەبیت بۆ گشت کارێ
من ئەبمە کۆیلەی خۆتو قەفەزەکەت
پاسەوانو پارێزەری هێلانەکەت
فەرموو پێشوازی کردنت لەسەر سەرە
چاوەڕێتم فەرموو وەرە فەرموو وەرە

١٢-٨-١٩٦٤

## ئەم جەژنەمان

جەژنانەی ئێمە بۆمبا بارانە
خەمو فرمێسکو جگەر سووتانە
تەرمی شەهیدان، گوولله، کاول بوون
بۆ منداڵی کورد!! بوونە جەژنانە
دوونیا ئەزانێ کە کورد کۆڵ نادات





هەرچەن دوژمنمان نیازی قڕانە
ئەمڕۆ هەرچەندە ناوبنرێ جەژن
خەڵکی بفەرموون کە جەژنمانە
ئێمە ئەو جەژنە ناو ئەنێین جەژن
کورد سەربەست بژی لەم کوردستانە
کوردستان ڕزگار کورد ئازاد بژی
ئەو جەژنە جەژنو بەختیاریمانە
٢٠-١-١٩٦٦

## خواوەندی وەفا

زلێخای یەمەن لەیلا یان شیرین
کەی بە تۆ بوون ئەی گیانی شیرین
کەی بەقەدەر تۆ خاوەن وەفا بوون
کەی ئەوەندەی تۆ چەشتەی سزابوون
کەی وەک تۆ وەفادارو دڵسۆز بوون

کەی بە چەشنی تۆ بەراستو سۆزبوون
من بڕواناکەم هیچیان بە (وەفا)
شانی لە پلەی ئەمڕۆکەی تۆ با
کەچی ژیانیان داستانی ئەمڕۆن
لەسەر زمانی نەك هەر منو تۆن
بەڵکو هەزاران کەسی ئەم دنیایە
باسی دڵداریو وەفایان ئەکا
هەتا هەتایە بـاسیان ئەمێنێ
مێژوو بۆ هەموو دەورێ ئەینوێنێ
بەوەشدا ئەمڕۆ خەڵکی ئەم دەمە
وەفای ئێمەیان هەر لەسەر دەمە
ئەوەی نموونەی سـەدەی ئەمڕۆیـە
خۆشەویستیەکەی هەر منو تۆیە
کۆمەڵانی خەڵك گشت وەفای تۆی ژیر
بۆیەك باس ئەکەن ساواو لاوو پیر
بۆ نموونەی ڕاست باسی ئێـمەیە





لەهەرچی شارو دێهاتێ هەیە
ئەویش هەر چاکـەی تۆیە بە تـەنیا
بوویتە نموونەی ڕاستی بە وەفا
بۆیە ئەوەشم باش لەبەر چاوە
سەدان ساڵی کەش لەمڕۆ بەدواوە
مێژوو هەر باسی وەفای تۆ ئەکات
ئەم خۆشەویستیە ڕاستییە دەر ئەخات
ئەو هەڵبەستانەی کەوانووسیومن
هەریەکەی لە تێ لە جەرگی منن
گشتیان شایەتی وەفاداری تۆن
لەسەر دڵداریو ڕاستیمان ئەڕۆن
ئەم وەفـاو ڕاستیو دڵسۆزیەت خۆ
منی کردۆتە پەرستەری تۆ
وەفای تۆ ناوی وا دەرکردووە
هەرگیز وەکو تۆ وەفادار نەبـووە
بۆیە من بە خوای وەفات دائەنێم

چونکە تۆی کەوا ژیان ئەدەی پـێم
تۆی کە هەر دڵو گیانی من بیت
هۆی بەختیاری ژیانی من بـیت
تۆی کەوا لەگەڵ مندا هەردووکمان
پێکمان هێناوە یەك لەشو گیان
هەریەکە نیوەی ئەوی ترمانین
یەك لەشو لارو یـەك دڵو گیانین
کەواتە ئیتر گیانە لـەمەولا
بۆ مێژووش هەر تۆی خواوەندی وەفا
منیش ئەو تاقە کۆیلەتم کـەوا
تا ئـەژی بەرەو ڕووت کڕنـووش ئەبا

٧-٧-١٩٦٢ بەندیخانەی سلێمانی





## ئاگری نەورۆز

ئیسكو پروسكو لاشەی شەهیدان
هی ساواو لاوو پیرو ئافرەتان

گشتی پیخۆرو بڕشتن ئـەمڕۆ
کورد بە دەستی خۆی هەمووی کردوون کۆ
لە تەوقی سـەری لوتکەی کۆڵنەدان
بوونە خەرمانی دیـاری تێکۆشان
ئەو خوێنە ئاڵە پیرۆزەش کە کورد
بێ چاو چنۆکی ڕژاندی بە گرد
لە ڕێی ڕزگاری ئەم کـوردستانە
بەنزین‌و نەوتی سووری سووتانە
بۆ کردنەوەی ئـاگری نـەورۆز
بە گشت بڕواوە بە دڵ‌و بە سۆز
قلْپاندمانە سەر سەراپای خەرمان
جا بە هەناسەی سەختی دایکەکان
بە قرچەی جەرگی جەرگ بـڕاوەکان
بە کلْپەی سۆزی گشت ئاوارەکان
گڕ بەر ئەدەینە ئائەو خەرمانە
کە لاشەو ئێسك‌و خوێنی خۆمانە





گڕو مەشخەڵی بـا بەرزبێتـەوە
شەوقی بـا زەمین گشت بگرێتەوە
بزانن ئێمە کە جەستەی خۆمان
ئەکەینە چرای ڕێـگای تێـکۆشان
خۆمان ئەبینە سووتەمەنی  وگڕ
خۆمان ئەبینە مەشخەڵ‌و ئاگر
ئاگری نەورۆز وا ئـەکەینەوە
گرەوی ژیان هەر ئەبـەینەوە

٢٠-مارت-١٩٦٢

## تۆ نامریت

بۆ شەهید عەبدوڵای برام

**برای شیرینی نەبەزم تۆ نامریت تا کورد مابێ**
**تۆ شەهیدی کوردستانیت بۆ شەهیدیش مردن نابێ**
**تۆو هەڤاڵانی خەباتت کە بۆ کوردستان شەهید بوون**
**لەناو دڵی کوردا ئەژین زیندوون تا دنیا دنیا بێ**

## بە بۆنەی کوشتنی «لومومبا»ی پێشەوای کۆنغۆوە

ئـەم نووسـراوە لـە ڕۆژنامــەی (ژیــن) ژمـارە ١٥٩٤ دا لــە ٢٣-٢-١٩٦١دا بڵاوکراوەتەوە:





**لە کوردستانەوە... بۆ کۆنغۆ**
**بە فرمێسکی چاو، بە خەم وخەفەت**
**بە خوێنی جەرگی کەرتو پارەو لەت**
**بە زووخاوی دڵ، بە هەناسەی سەرد**
**بە گشت ناسۆری هەناوی پڕدەرد**
**ئەم پرسە نامەت وا بۆ ئەنووسین**
**بە قەیتانێکی ڕەشین ئەی بەستین**
**بۆ تۆی ئەنێرین، بە هەستمانەوە**
**لە ناو جەرگەکەی کوردستانەوە**
**ئێمەی گەلی کورد، کوردی دڵ پڕ سۆ**
**پرسە نامەمان ئەنێرین بۆ تۆ**
**ئەی نیشتمانی بەرزی بەرز ئەستۆ**
**ئەی کۆنغۆی خوێنین، پڕ لە شین وڕۆ**
**بەڵێ ئەزانین، ئێستا پیشەتان**
**خەبات ئاوێتە بووە بە گریان**

ناهەقتان ناگرین، ئەگەر بشگرین
قوڕیش بپێوون بە دڵی گرین
چونکە ئەمرۆکە ـ پاتریس لۆمۆمبا ـ
بۆ گەلەکەتان ببووە پێشـەوا
بە دەستی پیسی ئیمپریالیستان
شەهید بوو کوژرا، وا چوو لە کیستان
کوشتنی پێشەواش یەکجار گرانە
ئێمە ئەزانین!... چەن بەسۆو ژانە
ئێمەش وەك ئێوەی نەبەردو ئازا
دەیان پێشەوای نەبەزمان کوژرا
بۆ هەریەکەیان هەشمان ئەپێوا
لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کۆڵمان نەدا
زیاتر سوور ئەبووین لەسەر تێکۆشان
لەسەر باوەڕە بەرزەکەی ئەوان
هەر یەك لەئێمەی کۆرپەو لەشکریان
خۆی ئەدا بە کوشت تاکو دوا ژیان





لەڕێی ڕزگاری کوردو کوردستان
کە بۆتە هیوای دوورو نزیکمان
ڕۆژێك یەت تۆڵەی گشتیان ئەسێنین
ئەو ساو ئەم سایان وەبیر ئەهێنین
لەو باوەڕەشدایین ئێوەش هەروەها
دەست بەردار نابن تا دونیاو دونیا
لە خەباتی سەخت بەردەوام ئەبن
بەرگەی هەزاران کۆشپی وا دەگرن
تۆڵەی لومومباو ـ مۆریس مۆپۆلۆ ـ
خەبات کەرانی وەکو ـ ئۆکیتۆ ـ
گشت شەهیدانی نەمری کۆنغۆ
ئەسەندنەوە لە –کازا ڤۆبۆ-
سەڵاویان لەگەڵ پرسەو ماتەمین
بە دڵی پەستی پڕ گریەو خەمگین
بۆ کۆنغۆی ڕەش پۆش ڕەوانە ئەکەن
بە هیوای ئەوەی دڵ نەوای بەن

ئینجا بە ڕقو پیشو ڤینەوە
بە دڵی گەرمی ئاگرینەوە
نـاڕەزاییان بۆ ئـەمەریکا
بۆ فەرەنسای پیس لەگەڵ بەلجیکا
بۆ ئینگلتەرەو هەموو ئیستعمار
وە (هەمەر شۆڵد)ی قەڵبی بەدکار
دەر ئەبڕڕێ، چوونکە بێ ئابڕوانە
هەموویان هەڵسان بەئەم تاوانە
شەرمیان لەهەموو سەرزەمین نەکرد
هەر چۆنێکیان ویست وایان بەسەربرد
گەلانی بەرەی ئازادی خوازان
گشت تێ ئەکۆشن بەدڵو بەگیان
هەتاکو تێکڕا لەناویان بەرن
گەلانی ژێر دەست گشت ڕزگار ئەکەن
کوردیش یەکێکە، لە ئەو گەلانە
کەوا ژێر دەستەو باری گرانە





پشتی گەلانی خەبات کەر ئەگرێ
یارمەتی ئەدا هەتا وا بکری
هەتا بشگاتە ئامانجو ئاوات
هەر خۆشتر ئەکا بڵێسەی خەبات

## ئەی زەمانە

ئەی زەمانە بێ باری جانانە

پر لە دەردوو بەهانە خۆشیت تاڵی ژیانە
کەس نەیدی لەتۆ
شادی بەبێ هۆ
سوود ئێش‌و ئازار
بێ دەرد یاخود دەردەدار
هەموویان رۆژانی تۆ
وەك کاتژمێر بەهاتوو چۆ
هەر دەمەی لەسەرهێڵێکە
هەر رۆژە رۆژی خێڵێکە
لەمەکری تۆ کەس تێ ناگات
مەگەر ژیرە ژن تێ بگات
بەڵام ئەویش هەر ناتوانێ
لەگەڵ تۆدا بە جۆلانێ
بێتو بچێت وەکو هاورێ
لەگەڵتا دەستی تێکەڵ بێت
چونکە تۆ وەکو هەڵماتی





بۆ هەموو کەس بێ بەراتی
چەند هەزار پیاوی دانا
تۆ سەرت ناون بە فەنا
چەند پاشایانت بوە رەنجەرۆ
چەند هەزار دایکت خستۆتە رۆ رۆ
چەند هەزار گەدات کردووە دەوڵەمەند
چەند هەزار جوانت کردوە بە پەند
چەند هەزار دڵدار
کردت گرفتار
دڵت تەواو تونا کردن
هەتا بەخاکت سپاردن

## ئۆخەی ئازیز گیان

ئۆخەی ئازیز گیان وا بوژامەوە

وەك خونچەی تازە دەم کرامەوە
کەنامەی تۆ هات واگەشامەوە

بەوێنەی گوڵێك قەت ئاو نەدرابێت
لاوازو سیسو گەڵای شکاوبێت
ئاوی کەیتە بن شەوقی بەرپابێ

منیش بەو چەشنە رۆشن بوو دڵم
گریانی نەما جەرگی بەکوڵم
کە وتە شنەشن ئەستێرەو گوڵم

ووتم یەزدان گیان ئەمە خەیاڵە
یا ئەگەر خەو بێت خەوم بەتاڵە
یا بێ هۆشیمەو شنەی شەماڵە

کە ئەدا لەگوێم ئەزرنگێتەوە





گوڵی ژیانم ئەپشکوێتەوە
بەختی یەك جاریم لەنوێ دێتەوە

چاکی کردەوە گشت برینەکانم
فرمێسکی شادی دێت لە چاوانم
ئەم تەنیا نامە لە جێی ژیانم
برینە بۆ گشت نامەکانم
سارێژی کردووە هەموو زامانم

لەوکاتو ساتەیدا کە دەیبە بەدیلی شەهیدی دەکەن پێش شەهیدبوونەکەی ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیە دەڵێت:

**هەڵسە تیکۆشە ئەی کوردی هەژار**
**چاوێك چاکترە لە دوولەتە چاو**





## بەسیەتی سزا

شیعرێکی تەخمیس کراو کە پێنج نیوەدێڕی (ئەحمەدی هەردی) شاعیری تیا بەکارهاتووە

**چ تاوانێك لەئەستۆمەو چی وەها دڵی ڕەنجانی**
**چیمکردوە خوانەخواستە وا خێرا دڵی یەشانی**
**کەدوودڵ بوویت لە سەردانم بۆچی وەها بێویژدانی**
**بەگرژی وا بەجێتهێشتم بەو جۆرە بە پەرێشانی**
**چ سرێکت لەناو دڵتا حەشارداوە بەپەنهانی**
**کەچاوت چەشنی ئاوێنە وەهابێ پەردە درکانی**
**مـــن خـــۆم هەڵئەکێـــشا لـــەلای خـــەڵکی هـــەرگیز وەهـــام نەئەزانی**
**منوتۆ لەناکاو وەها ئاسان بێ گرانی**
**تۆ کەی وابوی کە یەکەمی سەراپا وەفادارانی**
**ئەزانم دڵ هەیە وەك مس کەژەنگ دێنێ بە ئاسانی**

دڵی تۆ زێری تێزابە لەکوێوە ژەنگی هەڵهانی
بڕواش ناکەم کەگشت دنیا بەخۆیو بەدکارانی
کاربکەنە دڵی ئێمە ئەی خۆشەویستەکەی گیانی
من بەشبەحاڵی خۆم هەر وام هەتا دنیاش هەبێ فانی
خۆڵو تۆزیشم بمێنێ بۆتۆیە وێردی زوبانی
ئەمانە گەرچی تێ ناگەم بەڵام پێویستە بیزانی
تۆ بەژیانم ئەزانم بەدڵو بەگیان هەر لاتم
ئەوەتەی لێك دوور خراوین تالەژینو کاتو ساتم
هەتا ڕزین گیانی شیرینم
هەر خۆشەویستەکەی ئەوساتم





## بەکوردی

بەکوردی پەتی پڕا زمانم
دەبێ بۆ کوردیش خوێنم بڕێژرێت
مەرجە بۆ کوردو بۆ کوردستانم
سەرم دابنێم گیانم بنێژرێت.

سەرێك لەرێگەی خەباتا ببڕێ
ناوی خاوەنی هیچ کات نامرێ.

## سەربازین

سەربازین ئێمە گشتمان    پێشمەرگەین بۆکوردستان
کاتی گەنجییە هەلمان    خۆبەخت ئەکەین بۆ ژیان
سەربازە نیشانەی هۆز    پارێزەری لانەو هۆز
درووشمە بۆ وولات    دەرخەری هیواوئاوات
تێکرا بلێین ئێمە هەموو    زوڵمی زومان لە بیر چوو
بمــرێ نــەمێنێ زۆرداران    ســووپای بــەهێز تــاجی
رووخان
باگــشتمان هــاوار بکــەین    بــۆ ئــازادی گیــان بــەخت
کەین
تا نەهێڵین پێ بەراز    دەرچێ لە سنووری ڕێباز
بەرز کەرەوەی وولاتین    هێزی گەلو خەباتین
کەواتە ئێوەش وەرن    لەگەڵ ئێمە دەست بگرن.





## شێری کورد

بەخێربێیتەوە سەر هەردوو چاوان  تاقە قارەمان
ئەی تێکۆشەرو ئازاو بەجەرگ شێری کوردستان
دڵم بە ڕەو ڕوی پیریەتی ئەڕۆی  بێزاربوو لە خۆی
بەزوڵمو زۆری چینی زۆرداران شکا پەلوپۆی
بەلام کەکاتێ مژدەیان دامێ وەکو پەیامێ
بەهاتنەوەت دڵم گەشاوە چەشنی ئیلهامێ
ئیلهامێك دڵم جوان بکاتەوە هەر لەوکاتەوە
مژدەیان هێنا بۆ کوردەواری تۆ گەرایتەوە
گەرانەوەکەت کاری کردە دڵ وەکو بۆنی گوڵ
دڵی مەست کردم وەك بولبول مەستکا لەسەرپۆپەی چڵ
بەهەستی بۆنی ئەو گولە جوانە خێرا شێتانە
دەستکا بەسۆزی ئاوازی شادی لەوسەر چڵانە
هەروەها دڵم کەوتە گۆرانی شێوەی سورانی

یان لەپڕ ئەیکردبە سیاچەمانە یان بادینانی
ئیتر لە تاوا خۆ نەیئەزانی بەبێ پەنهانی
کام شێوەی کوردی بکات بە ئاواز بە شادمانی
ئەویش لەخۆشی هاتنەوەی تۆ هەموو خەم‌و سۆ
لە دڵی هەموو کوردان چوەدەر چونکە تا ئەمرۆ
خەفەتی زۆرمان هەردووری تۆبوو دڵمان پر سۆبوو
وا ئەو پەژارەی کوردو کوردستان وەك کابەباچوو
ئێستاکە جەژنە حەژنی گەلی کورد نەوەی‌مادی‌کورد
جەژنی ئەوانەی قوربانیان داو هەرخەباتیان کرد
بۆ گەیشتنە رۆژی ئازادی بە نامورادی
زۆر گەنجو پیرو منالّو ساوا لەنەوەی مادی
لەرێی خەباتا خوێناویان ڕێژا ئازاریان چێژا
هەرگیز نەبەزان قەت کۆڵیان نەدا دارێکیان نێژا
ناویاننا داری ئازادی ڕوا بە خوێن ئاو درا
ئەوەن بەتین بوو بەتەوری زۆردار قەت نەئەبرا
گوڵی ئەو دارە بۆ کورد ئاوات بوو دیاری خەباتبوو





تۆزە بۆنێکی بۆ ئازادی خواە     وەکو خەڵات بوو
لەمانگی تەمووز ڕۆژی چواردەمین     تیشکێکی بەتین
گولەکەی پشکوان ئاوات هاتە دی     نەما گریەو شین
هەموو سەربەستو ئازادین ئێستا     ژێردەستی‌نەما
لاشەی زۆرداران هەر بەدەستی گە ل     ووردوخاش کرا
سەدای ئازادی گەلی شادمان     گەییە
کەشکەشان
ترس وخۆف نەما ماف بەئاشکرا     خۆی ئەدا پیشان
تۆش وێڵی دەستی مام ئیستعماربووی     یا هی زۆرداربووی
ئێمەت بەجێهێشت دوورکەوتیتەوە     چونکە ناچاربووی
بەڵام بەهۆی جەژنە شادیە     کە ئازادیە
ئیمپریالیستو زۆردار تۆپێنران     سەرفرازیە
تۆی قارەمانیش هەر بە وهۆیەوە     بەو بۆنەیەوە
رۆژی ئازادی بەتیشکی سووری     وەك پشکۆیەوە
پەخشان بووبەسەر ڕووی نیشتمانا     بەسەر جیهانا
گەڕایتەوە بۆ خاکی نیشتمان     ئەی شێری دانا

بەم گەڕانەوەت بەهار هاتەوە بەئاواتەوە
نیشتمان وەك بووك خۆی ڕازاندەوە لە ئەو ساتەوە
گەلی عەبدول کەریم ئازادی تێکۆشەر وەکو شێری نەڕ
گەلی عێراقی خستە بەهەشتێك بەهەشتی هونەر
هونەری سەربەستی ئازادی ژیان کامی دڵو گیان
فەوتانی زوڵمو رزگارکردنی گەلو نیشتمان
هەر بەو هۆیەوە لە وولاتەوە دوور نەمایتەوە
بەخێربێیتەوە گەورەی خۆشەویست وا گەڕایتەوە





**( هەرگیز نابەزم )**

دوژمن نەك کۆتو سزادان
نەك ئازاری سەختی زیندان
نەك زنجیری قەف ئەستورت
نەك داخی وەك پشکۆی سورت
نەك سێ دارەو گولەو پەتت
یان کوشتنی بە زیلەتت
هەرچی تینت تیایە بەران بەرم بیخەیتە روو
لەوەش زیاتر درندانە بەر بیتە ئەم کوردستانە
ئەو باوەڕەی لە دڵمایە لە گیانمایە لە خوێنمایە
بێ سودە لە تۆ ناترسێم

بۆ زۆرداریشت نا بەزێم
ئەوەندەش بڕوام بتەوە
تا سەر ئەم تاریکە شەوە
بۆ تۆ نالوێ‌و هەر نامینێ
کورد حەقی خۆی هەر ئەستێنێ
رۆژ لە دەم کەل سەر دەر دێنێ
ئەم ڕۆژانەت وەبیر دێنێت
ئێمەی کورد کە لە دایك بوین
کوردایەتی گۆشی کردووین
لە بەر ئەوەی خۆشی ژیان
سەرو ماڵ‌و خێزان‌و گیان
هیچی بە هی خۆ نازانین
هەموو بەختی کوردستانین
بەختی کوردایەتی بەرزین
هەتا مردن نەمام بەرزین





## هەر بۆ کوردستان

با زنجیر مل‌و مەچەك قۆڵم هەمووی دابرێ
با دوژمن دەستی بە شولکو قامچیم لە سەر داگرێ
با خوێن بزێتە گشت لەش‌و تێکرا ئەندامەکانم
با بەندی خانە ببێتە جێگای رۆژو شەوانم
با شوێنم کونجی زیندانی تارو تونو پیس بێت
با گوڵی ژینی جوانی لاوێتیم بێ شەوق‌و سیس بێت
من هەر لە هەوڵ‌و خەبات کۆڵ نادەم هەتا هەتایە
هەر بۆ کوردستان ئەژیم‌و ئەمرم تا گیانم تیا یە

١٩٦١/٧/١٥

## من پێشمەرگەم

وەرن سەیرکەن دونیای بێوەفا
هەر وەك سینەما خۆی پیشان ئەدا
بزانن دنیا بۆ کەس نامێنێ
مێژوو بە پڕتاو تۆڵە ئەسێنێ
وەها بێزار بوین تا کەوتینە کێو
چەند رۆژ لە سەنگەر بێ نانو بێ شێو
دەستمان کردە مل چەکی رزگاری
نەمان گرتە دڵ پەستیو بێزاری
یەکێ پەرداخی خوێن بە دەستەوە
بە گورجو گۆڵی نەك بە پەستەوە





تینیش بە دیلی بمێنێتەوە
تۆڵەی کوردستان ئەسێنێتەوە
خوێنی شەهیدان بەجیا دانراوە
لەگەل مێژوودا تێکەڵ کراوە
تا بەرز بکرێ بە تای تەرازوو
نەوەك بخرێتە گۆری ئارەزوو
ئەبێ ئەم خاکە باوەش بهێنێ
تا کورد قوربانی تیا بچێنێ
ئەبێ پاڵپشتی پارتی پێشرەو بێ
کوردستانیانە وێڵی زمان بێ
با پشتیوان بێ پێشمەرگەی پێشرەو
خاوەن خەباتو بە هێزو بتەو
پێشمەرگەی دلێر هەر بە چەکداری
هەلگرێ نامەی بەرزی رزگاری
باوەر قایمو دڵ سۆزو دلێر
دەرچن لە بێشە هەر وەك نەرەشێر

هەرکەسێ لە کورد ببێ بە زوحاك
بە زۆری چەکوش ئەچێتە ژێر خاك
قەت تەنیا یەك کەس نامێنێتەوە
بەلام میلەتێ سەر نانێتەوە
هەر رزگار دەبێ ئەم کوردستانە
پارتی خاوەنی ناو نیشانە
لاپەڕەی مێژوو نوسی لە دەفتەر
پێشرەوی کوردە پیاوی خەبات کەر
منیش داومەتێ خوێن لەگەڵ پەیمان
چونکە پێشمەرگەم لە بۆ کوردستان
من فیداکارم بۆ نیشتمانم
خۆم بە مل کەچی پارتی ئەزانم
هەر پارتی راستە بۆ ئەم میلەتە
ئەوەی ئەی فرۆشێ ئەنجامی پەتە
من کە پێشمەرگەم بۆ کوردستانم
چەکی رزگاریم وا لە سەر شانم





پەیمانم داوە بە پارتیو چەکم
دایناگرمە خوار هەتا میلەتم
ئالاَ هەلَ نەکا لە شاخو چیا
سنورەکانی دیاری نەکا جیا
خاینەکانی بدا بە دادگا
لە بەرچاوی کورد گشت سزا بدا
ئینجا هەلَ بکا ئالاَی ئازادی
بانگەواز بکا بۆ کوردەواری
بلَێ ئەو رۆژەی ئاواتە خوازبوو
ئەوا هاتە دی خێرا زوو بە زوو
تێر تەماشکەم ئەم خاکە جوانە
رزگاری بووە لە دەست بێگانە
بە دلێکی خۆش خالَی لە خەیالَ
بگەرێمەوە ناو مالَو مندالَ
ئەگەر مردیشم جێگام بەهەشتە
لەدوام فاتیحاو خێرو رەحمەتە
ئیتر خوا حافیر هاونیشتمانیەکان

هەرگیز کۆڵ نەدەن قەد لە تێکۆشان
بمرێ خائینو کورد فرۆشەکان
سەربەرزو رزگار کوردو کوردستان